له سه‌رده‌مێکدا که‌ شوێنه‌واری ئه‌وسایی به‌ گشتی بێته‌ وه‌لانان، بۆ درێژ ساڵیانێک زه‌کا و به‌هره‌، ده‌فه‌وتێن و مرۆڤ به‌ دژواری و له‌ هاڵێگه‌دا هه‌نگاو هه‌ڵده‌گرێ.

ئاندره‌ مالرۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# خێـزگەی سەیـدی

# و

# خەرمانەی ئەدەب

**لە ئەزموونگەی ئەدەبی کوردیدا**

**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی**

**ڕەووف مەحموودپوور**

**ـ مەریوان ـ**

**پێداچوونەوەی**

**ئەیوب ڕۆستەم**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ناسنامه**

**ناوی بەرهەم**-خێزگەی سەیدی وخەرمانەی ئەدەب ، لە ئەزموونگەی ئەدەبی کوردیدا

**نووسەر- رەووف مەحموود پوور**

**پێداچوونەوەی- ئەیوب رۆستەم**

**پیتچنین- هێرۆ محموودپوور**

**وێنەی سەربەرگ- مووسا مورادی**

**ساڵی چاپ-٢٠٠٧**

**لەسەر ئەرکی (جەمیل هەورامی) لەچاپدراوە.**

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پێڕست


بابەت لاپەڕە

دەسپێک ........................................................ ٧

**بەشی یەکەم (شروڤە و شیکاری)**

کەسایەتی سەیدی و ئەگەرێک گومان ....................... ١٢

شێوازی شێعریی .............................................. ٢٤

( زمان،دەسکاری زمان،هارمونی وشە و دەنگ،کێش،خیتابی پارادوکسیانە،وێنەکاری،فرانە،کەسایەتێنی)

چمکی ئەوین وزەکای سەیدی ............................. ٥٣

سەیدی و سروشت ........................................... ٦١

توخمی رەنگ و رەهەندی سەیدی .......................... ٦٦

سەیدی و کولتوور............................................. ٧١

سەیدی و تەرێقەت ......................................... ٧٨

تارۆز ......................................................... ٨٤

کەرەستەی شێعریی ......................................... ٨٧

**بەشی دووەم ( دەقی شێعریی)**

ئەرێ رەندەکەم ........................................... ٩٣

چوون کۆی عەودالّان ....................................... ٩٤

چراغ دلّ بەستم ........................................... ٩٦

دلّە شەیدای مەست ......................................... ٩٧

دولّبەر ...................................................... ١٠٢

دلّ نالّانەشەن .............................................. ١٠٤

سەنگی هەواران ........................................... ١٠٦

شەمالّ ..................................................... ١٠٨


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**شیرین پەیوەندەن ............................................ ١١٠**
**شەرابوو عەشقی ............................................ ١١٢**
**سەیدی عار نیەن ............................................ ١١٥**
**عەرزەداشت ............................................ ١١٧**
**قیبلەم ویر نەبێ ............................................ ١١٩**
**قیبلەم چی دونیا ............................................ ١٢٠**
**کوساڵان وەشەن ............................................ ١٢١**
**نەورۆزگوڵ خێزان ............................................ ١٢٣**
**وەیادی ساڵان ............................................ ١٢٦**
**هارە سەختەنی ............................................ ١٢٩**
**هیجری نەزانان ............................................ ١٣٢**
**یاحەیی بێچوون............................................ ١٣٣**
**بەشی سێیەم ( خوێندنەوەی دەق)**
**هارەسەختەنی ............................................ ١٣٨**
**ژێدەر ............................................ ١٥٩**

**دەسپێک**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەدەبی ئەوسایی کوردی، خودان چەپکێ تایبەتمەندی و زەریفکاری ئەدەبییە، کە بەشێک لە سامان و کولتووری نەتەوەیی پێکدەهێنێ. وەستانەوە و ئاوردانەوە لەو سامانە، بەهاکانی بزاڤی ماندووڕۆخساری دەنگە نەسرەوتەکانی گەل، دێنێتە قۆناغی شرۆڤە و هەڵپرژێواندن. ئەمەش بێژگە لە نرخاندنی هەوڵی ئەدیبانی بە بەهرەی رابردوو و ئاگاداربوون لە چەندوچوونی بزاڤەکە، خزمەتە بە رەوتی هەنووکەیی ئەدەبی گەلەکەمان و بە هەمان شێوەش جیهانی.
نابێتە حاشاکردن کە سامانی ئەوسایی، بەشێکە لە ئەزموونی مرۆڤ، بە تایبەتمەندیی ئیرەییەوە. ئاگاداربوونی جیلی نوێ و سەردەم لەو ئەزموونە، زانیاری فرەتر و دەوڵەمەندیی رەوتەکە و بەردەوامیی بزاڤی رۆشنبیری و نەشلەژانی ئەڵقەکانی ئەم رەوتەی بەدواوەیە. ئەمەش دەبێتە بنەمای بە سەردەمانەترکردنی رەوتی ئەدەبی و چالاکی تاکە بە بەهرەکان. ئاندرە مالرۆ لای وایە : چ شێواز و کەسایەتییەک نیە کە لە کێلانی ئەویترەوە نەهاتبێتە دەر*.
نابێ بێینە فرامۆشکاریی کە مرۆڤ بە درێژەی بوونی خۆی، خاوەن زەینی شاعێرانە بووگە.لە هەر قۆناغ و دۆخێکدا، زەکای خودان بەهرە، بە پێی سەردەم، بوونیان رەخساوە و بنجیانگرتوە و بوونەتە خالیقی ئەو بەها زمانیە کە هەنووکە وەک شعر بانگی بوون و لێکدانەوەی بۆ دەچڕێت.
لای زۆر دەنگی خاوەن را، ناونانە سەرەتاییەکان، وەک هەوڵی شاعێرانە دێنە بانگچڕ. بەو بۆنەوەسە کە وەک خیلقەتی وشە و داهێنانی خەیاڵمەند، دێنە پۆلێنکاری.

« ژرار دونرال » وەک کەسایەتییەکی خاوەن را ، لای وایە: ئەوکەسەی بۆ یەکەمجار رۆخساری جوانی بە سوورەگوڵ چواند، شاعر بوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

«شێلی» دەڵێ: جۆرەکانی ئاخاوتن، لە سەردەمی زارۆکی بەشەردا شێعر بوون.

«مەک لیش» لەسەر ئەو باوەڕیە کە شێعر لە هەموو زمانەکان دا، شێعرە. جیاوازی زەمەن و زمان، بە هۆی سرۆشتییەوە ئەبێتە هۆکاری جیاوازی.

مرۆڤی کوردیش لە بازنەی ئەو باوەڕانە بەدەر نیە. بە پێی فاکتە بەردەستەکان، سەرەتای مێژووی شێعری کوردی( بەپێی بەڵگەی نووسراو و بەردەست)، بە سەدان ساڵ بۆپێشتر لە شێعری فارسی دەگەڕێتەوە.حاشای لێناکرێ کە شێعری هۆرمۆزگان، بۆ سەردەمی هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر زێدی کوردان دەگەڕێتەوە. (نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی).لەو کاتەشەوە رەوتی شێعری کوردی لە بەردەوامیدا بووگە. هەر چەند دووچاری هەوراز و نشێو بووبێت. بەتایبەت لە دەڤەرەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردەواری، زاراوەی گۆران، بە گوژمتر وەک زمانی دینی ( یارسان) و زمانی ئەدەبی، لە برەودابووە. پولێ خاوەن بەهرە، بوونەتە خالەقی چەپکێ دەقی شێعری و ئاوەدان هێشتنەوەی ئەوجاخی کولتوور و دەوڵەمەندکردنی. هەر لە خالەقی نەناسراوی شێعری هورمۆزگان تا خاوەن باوەڕانی یارسی و زۆری دیکە. سەیدی هەورامی، یەک لەو ئەڵقانەیە کە بەردەوامیی شێعری کوردی فاکتمەند ئەکەن.

دەقە شێعرییەکانی سەیدی هەورامی، وەک ئەڵقەیەکی شێعری کوردی دێنەئەژمار. نەک پێشەنگ یان باڵادەست، بەڵکو وەک نوێنەری جیلێک لە شاعێرانی زاراوەی گوران بەرسەرنجە.دیاردەی رەوتێکە کە پاشتر لە لایەن مەولەوی تاوەگۆزییەوە دەگاتە لووتکە.

بە باوەڕی من، سەیدی یەک لە سێکوچکەی شێعری کوردی لقی گۆرانە. هەر وەک « نالی و سالم و کوردی » چۆن سێ کوچکەی ئەدەبی کوردی لقی سۆرانی پێکدێنن، ئاوەهاش (بێسارانی و سەیدی و مەولەوی)،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سێکوچکەی ئـەدەبی کـوردی، لقـی کلاسـیکی گـوران پێکدەهـێنن.ئـەم سێکوچکەیە، هەرکامەو بە جۆرێک، دەبنە خاوەن شێواز و کاریگەری بـە سەر ڕەوتەکەوە دادەنێن.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، سەیدی هەورامی، خودان دەنگی ناسـک و زوڵاڵ و هەستبزوێنە. بەداخەوە، لە ئاستی شیاوی خۆیدا بایەخی پێنەدراوە و بەرهەمەکانی، نەکەوتوونەتە بە سەرنج و شرۆڤە. هـەر بۆیـە لـە ژێـر سـێبەری خەسـتی بێـسارانی و مەولەویـدا، ونبـوە. لـە حاڵـێکدا، بەرهەمـەکانی، خـاوەن جیـاوازی و تایبەتمەنـدیی و خـاڵی ئەرێـنی بەرچاون.

لای سەیدی، وشە لیپ و کەیلی عەشق و خۆشەویستییە.بە جۆرێـک کـە بە جاران لە ئاوێرەی وشەکانەوە سەرڕێژ ئەکات و کچ و گوڵ و گونـدو بـاخ و دونـدی وڵات ئەگرێـتەوە. عەشقـێک کـە هـەر لـە سـەردەمی هەرزەکارییەوە تا دەورانی پیری و کەنەفتی دەگرێتەوە و هاندەرێکە بـۆ چاندنی تۆمی خۆشەویستی لە دڵ و دەروونی جەماوەردا. عاشقـێک کـە بە جاران کەوتۆتە بەر تانە و ئازاری ناحەز و ڕەقیب.

بـە سـەرنجدان بـەو راسـتییانە و بەوقەناعەتـەوە کـە چـەپکێ لـە شـێعرەکانی سـەیدی هـەورامی، جـێگای لەسەروەسـتان و تـێڕامانن، کەڵکەڵەی ئاوردانەوە لـە بەرهەمـەکانی داگیریکـردم.نایـشارمەوە کـە روانینی من بۆ شێعرەکانی سەیدی، گۆشەنیگای تایبەت بە منە و دڵنیـا بە بوونی گۆشەنیگای دیکەشم.

شێعرەکانی سەیدی لـە ئاسـت دەقـی کلاسـیکی کوردیـدان. هەرچـەند لەوانەیە بە روانگەی هەنووکەییەوە لێکبدرێنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەشی یەکەم:

# « شرۆڤە و شیکاری »

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## کەسێتی سەیدی و ئەگەرێک گومان

ساڵەهایە، پرسیارێک خزاوەتە سەر کەسێتی سـەیدی و ئاخۆیـەکی بەسەریەوە سەوزاندوە. ئەو ئاخۆیەش بەسەر ئەو گومانەوە بنجبەسـتە کە سەیدی، یەک یان دوو کەسە؟ ئاخۆیەک کە هـەروەک پرسـبەرکردنی چەند کەس بوونی پیرشـالیار، سەیدیـشی گرتۆتـەوە.ئەمـەش بوەتـە هۆسازی لێڵاویەک کە توێژینەوە و شرۆڤەی بە ئەرێ کردوە.

تا ئێستا چەپکێ بۆچوون لەم پێناوەدا خراوەتە بەرسەرنجی بەردەنگ و دووتوێی دەقـە نووسـراوەکانی کتـێبخانەی کـوردی.ئـەم رادەربڕییـە نایەکسان و ناوێکچوویان پێوە بەرچاوە.

هەندێ لە دەنگەکان لەسەر ئەو قەناعەتەن کە سەیدی هـەورامی، نـاوە شێعرییەکە، کە بەسەر دوو کەسی جیادا بڕاوە.لایان وایە ئەگەر بـوترێ سـەیدی یەکـەم و سـەیدی دووەم ، ڕەواتـرە.وەک بەڕێـز حەمەئـەمین کاردۆخی لە سەرەتای دیوانە کۆکراوەکەی (سەیدی)دا ئەڵێت: « بـەعزێ لە خوێندەواران و شارەزایانی کوردۆستانی ئـێران ئەڵـێن کـە سـەیدی دوان بوون. یەکیان زۆر کۆنە، ئەوی تریشیان تازەیـە. بەڵگەشـیان بـۆ ئەمە تەنیا ئەوەیە کە هونراوەکـانی سـەیدی بەعزێـکیان بـە شـێوەی هەورامی کۆنە، باقیشیان بەوشێوە کۆنە نیە.»١

هەرچـەند مـەخابن ئـەم توێـژەرە ئامـاژەی بـە نـاوی ئـەو بـەعزە خوێندەوارەی کوردوستانی ئێران نەکردوە.

سدیق بۆرەکـەیی(سـەفی زادە)، لـە بـەرگی یەکـەمی مـێژووی وێـژەی کوردیدا، لە سەر ئەو باوەڕیە کە سەیدی دوو کەسن. بە سەیدی یەکـەم و سەیدی دووەم ناویان ئەبات. پێی وایە سەیدی یەکەم ساڵی ٨٥٠ی کۆچی لە دێی ڕەزاو، هاتۆتە دونیا. بەڵام سەیدی دووەم ناوی موحەمـەد سلێمانە و ساڵی ١١٨٩ لە دێی خانـەگای نیزیـک پـاوە، لـە دایکبـوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناوبراو بە داخە بۆ ئەوەی کە عەلائەدین سەجادی و موحەممەدی مەلاساحێب ، تووشی هەڵە بوونەو هونراوەکانی سەیدی دووەمیان بە هی سەیدی یەکەم زانیوە. کە واتە ئەو دوو کەسە باوەڕیان بە دوو سەیدی نەبووە.٢

حەمەئەمین کاردۆخی، بۆخۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەیدی، تەنیا یەک کەس بوە و ئەڵێت: بەڵام من وائەزانم کە سەیدی هەر یەکێکە. توانیویە بە هەردوو شێوەکە هۆنراوەی جوان و رێک و پێک دانێت.٣

بابامەردووخ رووحانی، خاوەن کتێبی (تاریخ مشاهیر کرد)، لە بەرگی یەکەمی مێژووەکەیدا، بە پشتبەستن بە وتارێکی رۆژنامەی ژین، ئەڵێت: لە رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٨١ برواری ١٩٥٨/٢/١٣ زایینی، وتارێک بە زمانی کوردی و لە ژێر ناوی« شعر و شاعرەکانمان» سەبارەت بە سەیدی وەها هاتوە: سەیدی لە کوتاییەکانی سەدەی ١٥ی زایینیدا ژیاوە و ٤٥٨ ساڵ پێش ئێستا کۆچی دوایی کردوە و لە گوندی رەزاو(لە گوندەکانی هەورامان) نێژراوە. ناوبراو بێژگە لە شاعێری، لە دەرمانگەری و گیاناسیشدا خاوەن زەکا بوە. بە یاریدەی دەرمانی گیایی نەخۆشەکانی چارەسەرکردوە.

ئەو لای وایە کە سەیدی یەکەم ، ناوی سەی موحەممەد سادق، کوڕی سەی عەلییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەهەم  دا ژیاوە.٤

باشتر وایە بۆ راستکردنەوەی ئەو بۆچوونانە، روو لە دەقە شعرییەکانی دیوانە چاپکراوەکەی سەیدی بکەین و بە هەڵبژێراندنی دەقەکان، بەرەو کەسێتی سەیدی شۆڕ بینەوە.

زۆر کەسێتی، بۆ وێنە ئاندرە مالرۆ لایان وایە : شەرحی راستەقینەی ژیانی هونەرمەند، شەرحی هونەری ئەوە. داستانی کارایی و تواناکانی لە پێناو گۆڕانکاریدا. **

بە لێکدانەوەی شێعرەکان و بەش بە حاڵی خۆم، پێم وایە دوو هەناسەی جیاواز بە شێعرەکانەوە دەبینرێن.دوو هەناسە کە بانگی دوو کەسێتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیاواز ئەدەن.هەرچەند من باوەڕم بە بوونی دوو سەیدی نیە و لام وایە کە سەیدی تەنیا یەک کەسە، لەوانەیە بەیازێکی کۆنی دەسکەوتبێ کە بە نووسینەوە، یان دەستکاریکردنی هەندێ لە شێعرەکانی ئەو بەیازە، بووبێتە سەبەبی مانەوەیان.هەرچەند ئەگەر وا بووبێ، بە ئاشکرا کاریگەری شێعرەکانی ئەو بەیازە، بەسەر دەقەکانی سەیدیەوە دیار و بەرچاوە.کاریگەرییەک کە جارجار بوەتە هۆی بەکاربردنەوەی وشەکان و جارجارەش لاساییکردنەوە و جارجارەش دەستکاریکردنیان بەرەو بە سەردەمکردن.ئەگینا جیاوازی بنەڕەتی بە سیمای ئەو دوو هەناسە شێعریەوە دیارە. بۆ نموونە چەند تەوەرەیەکی جیاوازیگری ئەو دەقانە ئەکەمەوە:

یەکەم: جیاوازی وشەکان

لە شێعرە کۆنەکاندا، لە چەپکێ وشە کەڵک وەرگیراوە کە زۆر کۆنن. لە چاو شێعرە رەوانەکانی سەیدی، ئاڵ و گۆڕی زۆریان، لە رووی زمانەوانیەوە بەسەرداهاتوە. پیتەکان هاتوونەتە گۆڕانکاری و وشەکان بەرەو بەڕەوانبوون کاژیانخستگە:

وشەی کۆن :{ ئۆرموٚن ـ لۊۆـ نیشاتۆـ ئەزـ تەـ ئەشک ـ مۆنگڵە ـ مێرـ کرۆنێ ـ کەرارـ مێشەرـ هەکڵ ـ کیبلٚە ـ زۆم ـ نیۆن ـ هەڕدە ـ مەجوولٚە ـ مەمەلٚجێ ـ گیۆن ـ پەرۊۆنە ـ خوێت و ....}

وشەی نوێی بەکاربراو لە شێعرەکانی سەیدیدا: { هەورامان ـ لوا ـ نیشاتە ـ من ـ تۆ ـ عەشق ـ مانگە ـ مەرگ یان مەردەی ـ قورعان ـ قەرار ـ مەحشەر ـ عەقڵ ـ قیبلیٚ ـ زام ـ نوێ یان تازە ـ شێت ـ مەژنوون یان مەجنوون ـ مەمێ ـ گیان ـ پەروانە یان پەپوولە ـ وێت و ... }

سەرنجدان بەو وشانە، لەونێک گۆڕانکاری داسەپیو بەسەر هەندێ لە پیتەکان بەدیارئەخات. وەک:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڕانی «و»بۆ «ا» له هه‌ندێ جێگه‌دا. ئۆروٚمۆن : هه‌ورامان ـــ لڤۆ : لوا ـــ مونگه : مانگه ـــ زۆم : زام ـــ گیۆن : گیان ـــ په‌رڤۆنه : په‌روانه.
گۆڕانی «ڤ» بۆ «و». هه‌رچه‌ند هه‌نووکه‌ش له هه‌ندێ گوندی ده‌ڤه‌ری هه‌ورامان، به هه‌مان شێوه دێته گوتار. وه‌ک گوندی دزاوه‌ر و نۆدشه.
به‌ڵام به گشتی و به تایبه‌ت له ده‌قه‌کاندا دووچاری گۆڕانکاری هاتوه :
لڤۆ: لوا ـ په‌رڤۆنه ـ په‌روانه.
له چه‌پکێ وشه‌دا له بری «ق»، «ک» هاتوه. ئه‌مه‌ش پیشانئه‌دات که له‌وانه‌یه پیتی «ق» له زمانی کوردی ، به‌تایبه‌ت زاراوه‌ی هه‌ورامیدا، ره‌سه‌ن نه‌بێت.
ئه‌شک: عه‌شق ـ کروونێ : قورعان ـ که‌رار : قه‌رار ـ هه‌کڵ : عه‌قڵ ـ کیبڵه: قیبله و ....
هه‌ندێ وشه‌ش به کاژ خستن، پاکژ بوونه‌وه له پیته زیاده‌کان، ره‌وانتر بووگن: مه‌ملٚجێ : مه‌مێ ـــ مۆنگلٚه : مۆنگه ـــ خوێت : وێت.لێره‌دا پیتی قورسی «خ» هه‌روه‌ک هه‌ندێ وشه‌ی دیکه، هاتۆته قرتان. وه‌ک مه‌خشی، که وشه‌یه‌کی ئاڤێستاییه و له هه‌ورامیدا به قرتانی «خ»ه که‌ی بوه به مه‌شی. له سۆرانیشدا بوه به مێش.
هه‌ندێ وشه‌ش ئاڵ و گۆڕی یه‌کجاریه‌کیان به‌سه‌ردا هاتوه.
ئه‌ز : من ـــ کروونێ : قورعان ـــ نیۆن : تازه ـــ مه‌نا : مه‌نح و...
له هه‌ندێ وشه‌شدا، «ه» بوه به «ع» وه‌ک: هه‌کڵ : عه‌قڵ ، ئاوه‌ز.

دووه‌م : به‌گفت بوونی جیاوازی له ته‌وه‌ره‌ی عه‌شقدا

له وه‌سف و چمکه عاشقانه کاندا، دوو ره‌وت و روانگه و کرداری جیاواز به‌رسه‌رنجن. له ده‌قه کۆنه‌کاندا، وه‌سفه‌کان، وه‌سفێکی راشکاوانه و وه‌ک راستین. هه‌ستێک دێته بانگدان که له زاری ئه‌ده‌بیی و شاعرانه‌وه دووره و هه‌روه‌ک هی ئاپۆڕه‌ی جڤاته. ره‌نگه هاواری عاشقانه لای هه‌رکه‌سێکی دیکه‌ش هه‌ربه‌وجۆره بێته گوتن.له گه‌ل ئه‌وه‌شدا له شێعره کۆنه‌کاندا، ناوی سێ کچ دێته سه‌رزار که وه‌ک خۆشه‌ویستی خاوه‌ن ده‌ق، دێنه

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بانگەشە:( نیشات ـ ریۆن و شیرین). هەرچەند مامۆستا کاردۆخی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە رەنگە حەز لە وەنەوش ناوێکیش کرابێت. نەک هەر ناوی کچەکان بەڵکوو ناوی باوک و شوێن ژیانی ئەوانیش هاتۆتە جاڕدان: نیشاتەو کاکە بارۆمی ـــ ملوو ژیوار مەبوو شێتوو نیشاتێ .

بەمجۆرە بەدیارە کە عەشق، لە دەقە کۆنەکاندا، عەشقێکی کەسیە و لە بەر ئەوەی لە زاری شێعرەوە نەهاتۆتە پەیڤ، نەیتوانیوە ببێتە هەمەگیر. ئەگینا، حەز و هەستی شاعێر، ئەگەر شاعێرانە بێتە زار، هەمەگیر دەبێت و دیترانیش، حەز و ئاواتەکانی خۆیان لێیدا دەخوێننەوە. بۆ نموونە:( شینی خاڵۆی کۆماسی بۆ لەیلی، یان مەولەوی بۆ عەنبەرخاتوون، یان عەشقی نالی بۆ حەبیبە و وەلی دێوانە بۆ شەم).

کەچی ئەو رەوتە لە شێعرە تازەکاندا ، پێچەوانە دەبێتەوە. زاراوە، شاعێرانەیە، هەست بە دەم سۆسکەی شێعرەو ئاودیوی دیترانیش دەبێت و لای بەردەنگ ، وەک هی خۆ ، دێتە حەزلێکردن. (سەرنجی هارە سەختەنی بدە).

لە شێعرە تازەکاندا، ناوی کەس قت دەکرێت و دێتە پێوار. عەشق،بەدەم زاراوەیەکی رەها و تۆخەوە دێتە گوتار. بەمجۆرە، دەبینە بەردەنگی دوو زاراوەی جیاواز کە هەرکامەو بە جۆرێک باسی عەشقمان بۆ دەکەن:

ـ لوۆ ژیوار مەبوو شێتوو نیشاتێ
نیشاتێ شێونانش عەیش و نیشاتم
نیشاتۆ کاکە بارۆمی خڵنۆ
خەمێش بەرگم، پەژارەش بۆ خەلاٚتم

ـ ئەرێ رەندەکەم، ئەرێ رەندەکەم
ئەرێ هەی نازار شۆخی رەندەکەم
ئەرێ نازەنین دڵ پەسەندەکەم
تۆ هەر ئەو خواجەو من ئەو بەندەکەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆ خۆ شەرتت کەرد، بەینەت دارەکەم
واتت هەرتۆنی تاسەر یارەکەم

سێیەم: زمان و ریتمی شێعریی
لە دەقە کۆنەکاندا، سەرنجێکی ئەوتۆ بە جوانکاریی ئەدەبیی نەدراوە. ئاهەنگ قورس و قەڵسە. دەق لە خزمەت مەبەست و ویستە. بەهرەی ئەدەبی و وردەکاری هونەریی پێوە نادیارە :
برۆ دەروێش لوۆ سەیروٚ وەڵاتۆ
نەنیشتۆ هیچ وولاٚتێونە، نەساتم
لوۆ ژیوار مەبوو شێتوو نیشاتێ
نیشاتێ شێونانش عەیش و نیشاتم
نیشاتۆ کاکە بارۆمی خڵنۆ
خەمێش بەرگم، پەژارەش بۆ خەڵاتم
بەڵام لە شێعرە تازەکاندا، ئەو رەوتە پێچەوانە دەبێتەوە و رەوتی ئەدەب و بۆنی بوونی شێعر، دێنە بەرچاو.بایەخە ئەدەبییەکان دێنە بەرسەرنج و زەوق و بەهرەی خاوەن دەق، بە سیمای شێعرەکانەوە، بە دەنگە. ئاهەنگ، رەوان و هەست ناسک و لەزەت بەخشە:
ئەرێ رەندەکەم، ئەرێ رەندەکەم
ئەرێ هەی نازار شۆخی رەندەکەم
ئەرێ نازەنین دڵ پەسەندەکەم
تۆ هەر ئەو خواجەو من ئەو بەندەکەم
تۆ خۆ شەرتت کەرد، بەینەت دارەکەم
واتت هەرتۆنی تاسەر یارەکەم
یان: پارچە شێعرەکانی هارە سەختەنی و یاشێخ سنعانم و نەورۆز گوڵ خێزان و ...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوارەم : نوکتەیەک بە سیمای شێعرەکانی سەیدییەوە دیارە کە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ ئەکات. خاڵێک کە جارڕەری ئەوەیە کە خاوەنی دەقە کۆنەکان، نە مەلایە و نە قورئانیشی خوێندوە. لە حاڵێکدا بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان، سەیدی هەورامی مەلا و عالمی دینی بووە :

تۆنی حەیات و نەفەسم          ساسیٛ مەنا کەرا کەسم

کەلامولاۆ بابۆیم قەسەم          من هەر ئێدٚەم گوفتارەنی

شاعیر لێرەدا سوێند بەو قورئانە ئەخوات کە لە سینگی باوکی دایە. دیارە بەپێی عورف ، ئەگەر کەسێک بۆخۆی قورئانی خوێندبیٛ، سوێند بەو قورئانە ئەخوات کە لە سنگی خۆیدایە، نەک ئەوەی کە لە سنگی دیترانە!! ئەمەش خاڵێکی بەرچاوە بۆ بەدیار خستنی جیاوازی کەسێتی خاوەن دەقە کۆن و نوێکان.

پێنجەم :کەئەڵێم لەوانەیە سەیدی بەیازێکی دەس کەوتبیٛ کە شێعری شاعرێکی سەردەمی کۆنتری لیٛ نووسرابێتەوە، یەک لە فاکتەکانم ئەو شپرزیە بەرچاوەسە کە بە سیمای شێعرەکانەوە دیارە. بە جۆرێک کە بە جاران لە یەک فەردیشدا، لە هاوچەشنی کۆن و نوێی یەک وشە کەڵک وەرگیراوە:

نەژیڤانۆ، مەژیڤۆ بیٛ تە ساتیٛ          حەیاتەمنی حەیاتەمنی حەیاتم

نیا پەی تۆ قەرار و ژیوو تالاٛ          بەرێنی شەکەرم، قەندم، نەباتم

وەک دیارە نموونە وشەی کۆن و نویٛ لەم دوو بەیتە شێعرەدا بە روونی دیارن. بە تایبەت کە وشەی «تە» و «تۆ» بە شوێن یەکدا هاتوون.پێم وایە ئەگەر شاعێری ئەم بەیتانە زۆر کۆن بوایە وشەی «تۆی» بەکار نەدەبرد.

نموونەی ئەم جۆرە کارانە لە شێعرەکاندا زۆرە. بۆ نموونە:

{ زێڵ و دڵ ـــــ من و ئەز ـــــ ئاشک و عاشق ـــــ قەس و وەس ـــــ ریۆن و رێحان ـــــ } ئەم کارە واپیشان ئەدات سەیدی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەڵکەڵەی ئەوەی لەسەردا بوە کە جارو بار لاسایی شیعرە کۆنەکان بکاتەوە.

لەوانەیە سەیدی لەبەر هۆگریی زۆر، ئەو شیعرانەی لە گەل شیعرەکانی خۆیدا نووسیبێتەوە ، کە نادیار بوونی شاعیر و شەرحنەدانی، بوەتە هۆی ئەو لێڵییە.

هەرچەند ئاشکرایە کە لە هەرشوێنێکدا، شاعیر هەوڵیدابێ لە وشە کۆنەکان کەڵکوەربگرێ، لە رەوانی و جوانی هونەریی شیعرەکە کەمبوەتەوە و دەسکاری بەئەنقەست، بە ئاشکرا هاوار ئەکات.

لە برینەوەی ئەم تەوەرەدا و بە پێی فاکتەکانی نێو دەقەکان، تروسکەیەک دەخەمە سەر ژینگەی سەیدی. ئەمەش لەو بنەماوە سەرچاوە دەگرێ کە دەنگۆیەک بوەتە هەڵا لەسەر دەربڕکردنی باوەڕی ناتەبا سەبارەت بە شوێنی لەدایک بوون و ژیانی سەیدی هەورامی. لای هەندێ باوەڕی دەربڕکراو، سەیدی لە دەوروبەری رەزاو،لەدایکبووە.کەچی هەندێ تر، شوێنی لە دایکبوونی ئەو بە خانەگای دەڤەری پاوە ئەزانن. هەربەو جۆرە، لەسەر شوێن ژیان و حەساوگەی تاهەتاییشی جیاوازی هەیە.

ئەوەی کە سەیدی لە کوێ لە دایکبووبێ، گرنگیەکەی بەسەر حەزلێکردن و هەڵبژاردنی خۆیدا، بارسەنگ نابێت. ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی سەیدی بکەین، نەخشەی جوگرافیایەکی بەرتەسک و کورتوولە ئەبینین کە بەجاران لە شیعرەکانی سەیدیدا، دووپاتبوەتەوە.ئەو دەڤەرانەی کە وەک شوێن ناو، لە شیعرەکانی سەیدیدا، هاتوون، لە پەنجەکانی دەست ناترازێن : { هەورامان (مەبەست شاری هەورانی تەختە)، سەرووپیری، ژیوار، کێوی ئەودالان، کۆسالان، کاوە، پێررۆستەم و بە دەگمەنیش لەم جوگرافیایەدا پێتراز ئەبێت و ناوی چەند شوێن ناوی دوورەدەست وەک: لەیلاخ ،زرێبار، شیراز، شام، هیندووستان و ...}ئەبات. کە دیارە ژینگەی بەحەزی خۆی لە چەند گوندوکوێستان کە لە خولخولاکەیەکدا، دێنە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خەریتە، ناترازێت. ژیوار ـ سەرووپیری و هەورامانی تەخت.گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی ئەو گوندانە لە دەروونی شاعێردا نەهادینە بوەتەوە و لە تاڤگەی شێعرەکانیەوە سەرڕێژیکردوە.

ـ ئەز (ئۆرۆمۆن) مەکانم بێ و وڵاتم
(سەروو پیری) خوای گێرەن خەڵاتم
ـ لوۆ (ژیوار) مەبوو شێتوو نیشاتێ
نیشاتێ شێونانش عەیش و نیشاتم
ـ (پیررۆستەم) وێران، کەس نیەن تێش دا
وێرانیش مدۆ جەرگم بە نێش دا
ـ رڵفێت گرنجوو خاوەنێ، سەرلوولەنێ سیاوەنێ
چنووروو راگاو(کاوەنێ)، کەمەندە یا شامارەنێ
ـ وەختەن سارێژ بۆ خاترشان جە داخ
لەت بینان وەعەزم گولگەشتی لەیلاخ

ـ کاتێت زانا گێرەم قارە — پێسەو مووسای عەسام شارە
(ژیوارم) کەرد (زرێبارە) — نیشات ئەر بەی تۆم پەی نارە

خاڵی بەرچاو ئەوەیە کە لە سەرجەم بەرهەمەکانـدا، چ ئاماژەیـەک بـە شوێن ناوێکی دەڤەری پاوە، کە بە باوەڕی هەندێ بیردەربڕی هـێژا، بـە شوێنی لە دلیکبوونی سەیدی ئەزانن، نەکراوە. بێ ئـەوەی مـن بمـەوێ ئەو باوەڕە، رەتبکەمەوە، پرسیارێـکم لا هـرووژاوە. سـەردەمی منـداڵی پڕبیرەوەری ورۆنە. یادەکانی سەردەمی زارۆکی قەد نایەنە فەرامۆشی و ناحەزیی. ئاخۆ چۆنە مامۆستای ناسک خەیاڵ، چ ئاماژەیەک بە شوێـن ناوێـکی دەڤـەری زایـینی خـۆی ناکـات؟ ئـاخۆ بـە چ کوێـستان و هەوارگەیەکی ئەو دەڤەرەدا نەگەڕاوە و لە سەرچاوەی کەوسەری٨ هۆڵی ئاوی نەنۆشـاوە و تەنانـەت کاووکەمـەری شـاهۆ نەگـەڕاوە؟ یـان چ هۆکارێکی ترە کە سەیدی لە ژیوار بـەولاوە پـاتراز ناکـات و چـاو لـە جوانییەکانی ئەو دەڤەرە خەملێوە دەقووجێنێ؟!!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرچەند هەنووکە مەزاری سەیدی هەورامی لە گوندی ژیـوارە و سـاڵی ١٣٧٢ کوچی هەتاوی، بۆ خۆم سەردانمکردوە و دەفتەرێکی بیرەوەریـشم بە سەرەوە دانا، تا هەرکەس سەردانی مەزارەکـەی ئـەکات، بـیرەوەری خۆیی تێدا بنووسێتەوە. ئاخۆ ئەو دەفتەرە هاتبێتە پاراستن یان ئەویش بە دەردی سەدان دەفتەری پڕ لە شێعر و نووسینی تری ئێمە چووبێ؟

## (شیـــــوازی شێـــعریی)

**الف- زمان:**

زمان، لای سەیدی خراوەتە بەرسەرنج. بایەخێکی ئـەوتۆی دراوەتێ کـە بگرە لە بایەخاندنەکەی زمانێلانی٥ هاوچەرخ، کەم بەهاترنەبێت.شـاعر تێکۆشاوە بە دەس بردنە نێو زمان، لە چەند سووچێکەوە بێتـە کـردار و لەم رەهەندەدا، شـێوازێکی خۆسـاز، بنـەڕەتبنێت. هەرچـەند بـە پێـی شرۆڤەکردن و پۆلێنکاری، دێتە سـەلماندن کـە لـە سـەردەمی سـەیدی هەورامیدا، هێشتا بایەخی ئەوتۆ بە زمان وەک خودی زمـان نـەدراوە و پتر زمـان لـە پێنـاو مەبەسـت و ناوەرۆکـدا هاتۆتـە گۆڕەپـان . ئـەم بۆچوونەش بە سیمای دەقەکانی کوردی و فارسییەوە، پتر دیارە. بـەلام سەیدی، بگرە لەبەر تایبەتمەندییەکانی زاری هـەورامی، کەوتۆتـە نێـو بازنـەی زمـان و بـە پێـی سـەردەم، زۆر بـە کاریگـەری و جەختـەوە ، خستوویەتە بەر سـەرنج.بگـرە یـەک لـەو جیاوازییانـە کـە لـە نێـو بەرهەمەکانی وی و بێسارانی و وەلی دێوانە و مەولەوی و ... بەرچاوە، هەر ئەم سەرنجدان بە زمانە بێت. دستکاریکردنی زمان لای سـەیدی، لـە چەند گۆشە کردارێکەوە دێتە بـزاف، کـە ئامـاژە پێکردنیـان، باسـەکە فاکتمەندتر دەکات:

١ـ لە فەردەکاندا، بە تێکەلکردنی وشەی زمانە جیاوازەکـان هەسـتاوە. بەم کارەش دەستیداوەتە جۆرێک گەمەی زمانی کە تایبەت بە (سـەیدی)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و پیٚشتر لەو، نموونەی ئەنجامـدانی ئـەم کـارە،زۆر کـەم رەنگـە.ئـەم ئەزموونە، سـەرەڕای کـاری زمـانی، جۆرێـک لیێـک نیزیکخـستنەوە و یەکانگیریش بانگهیٚشتئەکات.جۆرێک هەوڵدانـە بـۆ دەربڕکـردنی ئـەو راستییە کە هەروەک چـۆن وشـەی زمانـەکان، ئـەتوانن بـە یـەکگرتن، وشەسـازی بکـەن و دەربـڕی مەبەسـتبن، هەربـەوجۆرەش، مرۆڤـانی سەربەزمانەکان، ئەتوانن پیکەوە بژین و بالاپەروەری وبە کۆیلەگەری چ بایەخ و مانایەکی نیە.ئەوەتا مرۆڤەکانیش، هەروەک وشەکان ئـەتوانن ببنە مایەی جوانسازی.

ـــ بە لۆتفش مەکەرۆ حەق ئێمە چارە

ئەگەر نا، من خەلاسیم نیٚ چۆ هارە

ـــ شەو و رۆ من جە دامان وەرنەدا دەست

بوانام تا جەلاش هەرچیم نە دلٚ هەست

ـــ سەد کە دامەنت وەربی جە دەستم

هەر غولامی تۆم هەرتاکە هەستم

ـــ بە بالینم ئەگەر تۆ بەینە ئەی حوور

مەداروو بیٚ تە تاقەت ، ماگنوو دوور

ـــ دو زلف عەنبەرین پەخشان و رۆشن

بەهەم تیکەلٚ بیەن چوون سوبح و دەیجوور

ـــ وەش عاشق میکشد چشم سیاهش

بشابانش سیا سورمە کلەی توور

وەک دیارە لـە بەیتەکانـدا، وشـەی هـەورامی ـ سـۆرانی ـ فارسـی و عەرەبی، تیکەلاو کراوە.خەرمانیک هاتۆتـە بەردەسـت کـە لـە هـەولی چەپکیٚ کولتوور سازیٚنراوە.

هەرچەند هەولدراوە بە جۆریک وشـە فارسـی و عەرەبییـەکان ئیرەیـی بکریٚن ورواڵەتی کوردی وەربگرن.دابەزینی وشە ناکوردییەکان، یـان بـە واتەیەکیدی، ئەو تیکەلاندنە، لە بایەخ و جوانی دەقەکان کەمناکاتەوە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نابێتە هۆی قەرەتی.بگرە توانرابێ بەم ئەزموونە، تامبەخشیی، شاباشی شێعر بکرێت.

ب ـــ دەسکاریکردنی زمان و بە ئێرەییکردنی وشەی بیانی بـوێری و لێهاتوویی شاعیر بە دەستکاریکردنی وشە و تەنانەت بەپێکهاتەکانـەوە دیار و بە هاوارە. لە هەر شـوێنێک هەسـتی بـە پێویـستبوون کـردبێ، درێغینەکردوە و دەستبەکار بووە.هەوڵەکانیش لە پێناو رەوانی و ساف و لووسی شێعرەکانی بوە. جار و باریش لە ژێر پێویستی کێـشدا بـەو کارە هەستاوە. بۆ نموونە پێکهاتی : جە خوای تەرسە، واتـە لـە خـودا بترسە، بە قتکردنی «ج» توانراوە بکرێتە خاوەن تایبەتی جیاواز.( خوای تەرسە).کە هاوزا سورانیەکە دەبێتە: ( خودا بترسە). کە هەمان مانـا لـە خودا بترسەی لێ هەڵدەکرووشێنرێ. بەڵام بە تایبەتمەنـدی ئـەدەبی و کرداری شاعیرانەوە.

ـ قارم کەرد، کە بە مانا سـۆرانییەکە « قـارم کـرد»ە، پێکهاتەیەکـە بـۆ دەربڕکردنی هەستی تۆران و ناحەزی و ناڕەزایی. سەیدی بـە تێکـدانی ئەم پێکهاتە، توانیویە بەرەو وشەشکێنی و دەستکاریکردنی زمان هەنگاو بهاوێ.

کاتێت زا گێرەم قارە پێسەو مووسای عەسام شارە

کە لە بری «قارم کەرد»، ئەڵێت:«گێرەم قارە». یان لە بری ئەوی بێـژێت: «عەسام شانا»، ئێژێت:«عەسام شارە».

لە زۆر شوێنیشدا هەوڵـدراوە وشـە بیانییـەکان ئێرەیـی بکـرێن و بـە وەرگرتنی قاڵبی ئێرەیی، بخزێنە نێو هەمانـەی وشـەی کـوردی و لـە خزمەت دەوڵەمەندیی زمانی کوردیدابن.

ـ ملک الموت، ئەو فریشتە گیانکێشەیە کە لە دەق و کولتـووری دینیـدا، بە جاران ئاماژەپێکراوە. لای سەیدی دەبێتە: مەڵکەموت. کە بەم کارە، سەرەڕای خزمەت بە زمان، جۆرێک تارۆز، لە پێناو ناڕەزایی شاعیرانە، دێتە بریسکانەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ به قیام.( رویٚ من مەشـغوولٚ بـە قیـامم بیٚ.) ئـەو وشـەیە لـە بـری پێکهاتەی « خەریکی قیـام کـردن بـووم»، دابـەزیوە. کـە رۆخـساریٚکی شاعیٚرانەی بە خۆوە گرتوە.
ـ برۆسان: ( وەختیٚ برۆسان گـولان هـەزار رەنـگ)، وشـەی برۆسـان، وشەیەکی دەستکردی سـەیدییە. ماناکـەی سـەوزبوون یـان روویـیـدنی فارسییە. ئەم وشەیە لە رسکانی سۆرانی گیراوە و بە شیٚوازی هـەورامی قالٚبرێژکراوە . بەم کارە توانراوە وشەیەکی جوان پیٚشکەش بـە زمـانی کوردی بکریٚت.
ج ـ هارمونی وشە و دەنگ:
چنینی پیت، وشە و دەنگ، لە زۆربەی بەرهەمەکانی سەیدیدا، بانگـچڕی مۆسیقایەکی تایبەت و زەریفکاری تەلاری شیٚعرییە. لە چەپکیٚ شـیٚعری شاعردا، دابەزینی پیت، وشە و دەنگ، ئەوپەڕی خزمەت بـە هـارمۆنی و مۆسیقا، دەکات. تنراویی ئەم پیتانە، بـە جۆریٚـکە کـە لەنجەیـەک لـە مۆسیقای شیٚعردا ئەخاتە گەڕ کـە ئەبـیٚتە هـۆی لاواندنـەوەی هەسـتی بەردەنگ. هەرچەند ئەم شیٚوازە پیٚـشتر لـە لایـەن هەنـدیٚ شـاعیرەوە بەرسەرنج بوە، بەلاٚم لای سـەیدی دەبـیٚتە خـاوەن دۆخـیٚکی تایبـەت و بەرجەستە، کە سەمفۆنیایەک لە هەستنەوازی دیٚتە زڕاندنەوە:
ـ بینایی دیدەم شای سۆسەن خالان
ئی دەستەبەستەی مەستی گولالاٚن
کە لە نیٚو فەردی دووەمدا، دووپاتبوونەوەی پیتەکانی{ هـ ـ س ـ ت ـ ی، لەگەل وشەکانی: دەستە ـ بەستە ـ مەست و دەنگـەکانی : دەس + تـە ـ بەس+تە ـ مەس +تی} جۆریٚک هارمۆنی و مۆسیقای تایبـەت پـیٚکدیٚنن کە سەرنج راکیٚشە.
هەروەها لە فەردی:
هارەی هەراسان هەردەی هەردەگیٚلٚ
وەس دەور دە نە ویٚت چوون دیٚوانەی ویٚلٚ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که دووپاتبوونەوە و دامـەزرانی پیتـەکانی{هـ+ا+ر+هـ} بوونەتـە هـۆی رسکانی ریتمی دەنگ.
یان:

وەشەن خرپەی پای پۆل رەندانش
وەشەن شیرین خاو سای سەهەندانش

وشەکانی{ خرپە ـ پا ـ پۆل ـ + دەنگەکانی خر+پە ـ پا+پۆل و پیتەکانی : خ ـ ر ـ پ }، جۆرێک ئاهەنگی رەوان دەسازێنن کە لەزەت بە هەسـت و زەین دەبەخشێ.

تایبەتیەکی هارمونی سازیی لە شێعری سـەیدیدا بـەدیارە کـە ئـەکرێ بێژین سەیدیانەیە:

بینایی دیدەم شای سۆسەن خالآن
ئی دەستە بەستەی مەستی گولاَلآن

کە دەست و بەسـت و مەسـت، لـە یـەک نیوفـەردا، مۆسیقاسـازیەکی شاعێرانە وەگۆ دێنێ.

تەنخوای دوو دیدەی رەمەد رەسیدە
درێغ من بیام دوو هەزار دیدە

گونجاندنی دوو دیدە لە نیوفەردی یەکەم و هێنانەوەی هەمانچەشن لـە نیوفەردی دووەم، بەلاَم قەراردانی «هەزار» لە نێو ئـەو دوانـەدا، بوەتـە هۆی رەنگدانەوەی مووسیقایەکی تایبەت.
یان:

وەلێ گشت مایەی نوور بەیا چێشان
تا سێر کەردام سەیر بالاَی تۆ پێشان

چین چنی وشەکانی «سێر» و «سەیر»، بەلاَم بە مابەینی «کـەردام» واتـە دانانی وشەیەک لە نێوانی دوو وشەی هـاودەنگ و تـەبا، لەونـێک لـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مۆسیقا وەگۆ دێنێ کە سەرنجبەرە. ئەم تایبەتییە بە جاران لە دەقەکانی سەیدی هەورامیدا دووپاتبوەتەوە:

خێزا شوعلەی نوور وەختێ هۆرێزا
بە خێزیاییش رەستاخێز خێزا

یان:

تا گەردوون گەردی من نەدۆ بە باد
قیبلەم نمەشۆم هەرگیز تۆم جە یاد

کە سەرەڕای « گەردوون و گەرد»، دابەزینی لە شوێن یەکی « دۆ لە نەدۆ، شۆ لە نمەشۆ، تۆلە تۆم»دا، ئاهەنگبارانی شعری سەیدی لە ئاسمانی حەزدا، بە خوڕتردەکات.

ئەکرێ بێتە گوتن کە مۆسیقا و ریتمی شێعریی سەیدی، لە زۆر شوێندا گرێبەستی سۆز و عاتیفەی شاعێرە و لەگەل ناوەرۆکی پڕهەستاویی دەقدا تەبا و بەساز و یەک هێڵە.

بۆ وێنە ئەوکات شاعێر ئەیهەوێت چەپکە گوڵ بە ئازیزێکی پێشکەشبکات تا بێتە سەلماندنی هەستی خۆش ویستنی ئەو، بە روونی وەها چڕینێک بە نەرمی و دڵنەوازی وەپەیڤ دێت:

بینایی دیدەم شای سۆسەن خالان
ئی دەستە بەستەی مەستی گولالان
بگێرە جە دەس ئی کەم تالەوە
بنیەش بەو گونای موشکین خالەوە ...

ئەو کات دەکۆشێ تا حالەتی خیتابی بەخۆوە بگرێ و لە داخوڕیندا، لە بەهەڵەبوون، هارە وەئاگا بێنێتەوە کە بە زیادی بە نازی لەیل بەحەزەو بەناهەق هێندە نازکێشیدەکات، مۆسیقاش رەوتی سوار و زاڵ و ئاگاکەرەوە، بە خۆوە دەگرێ:

هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ
وەس دەور دە نە وێت چوون دێوانەی وێڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئانه شیرینەن دڵبەر دڵستان
دڵ چێت مەسانۆ بە مەکروو داستان
بە بەین و بەقاش هیچ مەبە خەڕە
جەفاش سەد بارەن، وەفاش یەک زەڕە
چەنی کەس تاسەر هەرگیز یار نیەن
یاری ساحیب شەرت، وەفادار نیەن

سەرنجدان بە زۆربەی دەقەکان، هاوتەبایی ویست و هەست و مۆسیقا لەگەڵ عاتیفەی شاعر، شێلراوو هاوزا، وەدەنگ٦ دێنێ.

د: کێش

سەرەڕای بە دەقکردن و هەوڵ بۆ برەوپێدانی کێشی خۆماڵی کوردی، چەند تایبەتمەندی لە ئاست کێش، لە دەقەکانی سەیدیدا بەرچاون:

الف: دەرچوون لە کێشی دەبڕگەیی (٥+٥) و تاقیکردنەوەی جۆری دیکە هەر لە گۆڕپانی کێشی خۆماڵیدا،بۆ نموونە کێشی ٨ و ١٢ و تەنانەت ١٦ بڕگەیی، لە فەردەکاندا.بۆنموونە:

١ـ کێشی دەبڕگەیی ٥+٥

وەر عەزمت کوشتەی دڵەی مەجنوون خوون
ڕەزای دڵـــــی من چـــــەنی ڕەزای تـــــۆن

یان:

سەیدی پەریێ عەشق چوون قەیسی سانی
مەردەیش وەشتەرەن جە زیندەگانی

٢ـ کێشی خۆماڵی ٨ بڕگەیی ٤+٤، کە ئەم کێشە خۆماڵیە، بە تایبەت لە گۆرانی جەماوەردا، بەگەڕە.

| | |
|---|---|
| کاتێت زانا گێرەم قارە | پێسەو مووسای عەسام شارە |
| ژیوارم کەرد زرێبارە | نیشات ئەر بەی تۆم پەی نارە |

٣ـ کێشی هەجایی ١٦ بڕگەیی ٨+٨یان ٤+٤+٤+٤

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەر من گنیێم چەمڵەم چەمێش،چی ناننە وەرێنیٚ خەمێش
شەربەت وەرێنیٚ چا دەمێش، وێم خاس کەرێنیٚ چار خوێم
ب ـ دەرچوون لە کێشی خۆماڵی و کەڵکەڵەی تاقیکردنەوەی کێشی عورووزی عەرەبی :
نە گوڵ مەندەن جە گوڵزارا نە بولبول
مەدۆ بولبول بە کاپوڵدا پەریٚ گوڵ

یان:
شەرابوو عەشقوو تۆ ساف و زوڵاڵ
بە لەزەت وەش بنۆشای توند و تاڵ
هەرکام لەو دوو فەردە کە لە دوو پارچەشیٚعری جیا هاتوونەتە دەسچنکردن، سەربە بەحرێکی تایبەت لە کێشی عورووزی عەرەبین کە لە ریٚگەی ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبییەوە، گەیشتوونەتە نیٚو هەمانەی هزر و زەینی سەیدی هەورامی.هەرچەند ئەزموونکاری سەیدی هەورامی ناقۆڵایی کێشی عەرەبی بە بەژنی شیٚعری کوردی گۆرانەوە، بەرچەستەیە و ئەمەش بگرە هۆکاری سەرەکی شاعیرێکی وەک سەیدی هەورامی بووبێت، تا لەسەر ئەو رێبازە نەجەختێنیٚ و زۆر پیٚداگری لەسەر نەکات و لیٚی بکشێتەوە. ئەگینا ئاشنایەتی سەیدی لەگەل کێشی عەرەبی بە دیارە و دەقەکانیش جاڕدەری ئەوەن کە بە کردار بوونی ئەو کێشە لە لایەن شاعیرەوە ئاماژە بەو راستیە ئەکات کە ئەزموونکاریی شاعیر لە پیٚناو تاقیکردنەوەدا بوە و درێژەپیٚنەدانیشی هەر لەو پیٚناوەدا دێتەبەرچاو.
نەک هەر سەیدی، بەڵکو شاعیرانی پاش سەیدیش،(مەبەست شاعیرانی بەرچەستە و ناودارە)، لە قوتابخانەی گۆرانەکاندا، توخنی کێشی عورووز نەکەوتوون و زۆر ژیرانە و مەنـدٚ، بە تیٚگەیشتن و ئەزموون

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەرگرتن لەکردارەکانی سەیدی، بەلای کێشی عەرەبیدا نەچوونە و کێشی خۆماڵی هەجاییان پاراستوە.

هـ: پێکهات و ئیماژی نوێ و سەرنجبەر

لە تایبەتییەکانی شێعری سەیدی، خستنە بەردەستی چەپکێ ئیماژ و وێنە و پێکهاتی نەسواو و تایبەت بە شاعێرە کە بوونەتە هۆکارێکی بەرجەستە لەپێناو ملکیەتی و جوانکاری، لە دەقەکاندا.

وەختێ پامەنیان وەباڵای کەمەر
نەخاکی پاشان گوڵان مەنیان سەر

لەم فەردەدا و لە تەوەرەی بەرباسدا، چەند هونەرکاریی سەرنجبەر، دیار و قوتن. پێکهاتی باڵای کەمەر، کەوەک ویەنەیەکی وەستاو دێتە بەر چاو، وێنەزمانیەکی جوانە کە بە کەلکوەرگرتن لە باڵا بۆ بەدیارخستنی قەوارە،کارێکی شاعێرانەیە. بە تایبەت کە باڵا بۆ وەسفی قەوارەی مرۆڤ دێتە گوتن. هەروەها دابەزاندنی وشەناوی« کەمەر» بۆ ناوی کێو، کارێکی بەرچاوە.بە باوەڕی من لە پێکهاتەدا، لەو هونەرەی کە ئەم ڕو بە «جینشینی» دێتە وەسف، ئەوپەڕی کەلکوەرگیراوە.لەناو چەپکێ وشەی هەبوو بۆ هاوتایی «باڵا»، ئەم وشەیە جێگیربووە و هەروەهاش بۆ کەمەر.کەواتە هاتنی ئەم دوو وشەیە لەخۆوە و هەڕەمەکی نەبووە وئاماژە بۆ زەکا و خاوەن بەهرەیەکی بەهرەمەند لە هونەر و زەکای شێعری ئەکات.

بە هەمان شێوە سەرجەم فەردەکەش، کە خاوەن وێنەی بە جمە و سینەماییە، لە خۆیدا جوان و شاعێرانەیە و لە خەیاڵێکی پڕبەهرەوە سەرچاوەیبەستوە.

ئەڵێت : کاتێک کیژۆڵە نازدارەکان کە بۆ کوێستان هاتوون، پێ دەنێن بەسەر باڵای گوڵەکاندا، گوڵان، لەبری زیزبوون و دڵگیریی و ناسزا پێگوتن، سەری ڕێزیان بۆدائەنوێنن و لەبەردەمیاندا دەچەمێنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەواتە خەمینەوە و لاربوونەوەی گوڵ و گیــای تــرت و ناسـکی کەمــەر، نەخەتای پێشێلکردن لە لایــەن کــچانەوە، بــەڵکوو ئــەرکی ڕێزگــرتن و سەردانەواندن لە لایەن گوڵەکانەوەیە.
لە هەڵکرِینی لێکدانەوەیەکیتر لەم تەوەرەدا، ئەکرێ بێژین کە گوڵان کە خاک بوون لە ئاست تۆزی پێی کچانەوە دێنە چەمینەوە و کرنۆشــبردن. کە هێمایەکە بۆ خۆ بەکەمزانی گوڵان لە ئاست خاکی پێی کچان. لێرەش لە شەڕی نێوان دوو جوانیدا، جوانی گوڵ و جوانی کیژ، پشکیل دەکەوێتە دەست کیژ و گوڵ دەبێتە کڕنوشبەری بەرپێی کچان.
عەجەب بادەن، عەجەب هەورەن، عەجەب وەشت
چ خاس خاس نم مەدۆ سارا و دەر و دەشت
لەم فەردەدا، تۆفان و بۆرانێکی ترسێنەر و زەبەند دێتە وەسف.وێنەیەکی ترسناک و قورس. گێڕانەوەی واقعێکی ڕووداو، بە یاریدەی چەند وشەی دەســچنکراو، بـــەجۆرێک کـــە گوزارشـــت لـــەو ڕووداوە دەکـــەن. دووپاتبوونەوەی چەندجارەی وشەی «عەجەب» بە سامناکی ڕووداوەکـە چەندجارە دەکاتەوە. دابەزینی ئــەم وشــەیە، نــەک تــەنیا لــە جــوانی بەرهەمەکە،ناقرتێنێ و نابێتە هۆی قەڵسی و ناحەزی، بە پێــچەوانەوە، هـــــۆکاری بەسامی و قــورسی ڕوداوەکەشە و مایەی هـــــــــونەرکاری ئەدەبییە.ئەگەر شاعیرێکی کەم ئەزموون و کەم بەهرە بە وەهــا کارێــک هەستایە، لەوانەبوو ببوایەتە مایەی شێوێنەری و ناهونەری.
هاتنی پێکهاتی نم مەدۆ، کە وێنەیەکی تایبەت ئەخاتە بەرسەرنج. دیارە لە کاتی باراندا، ئەوە ئاسمانە کە بەسەر زەویــدا دەخرۆشــێ و بــارانی بەسەردا دەبارێنێ. کەچی سەیدی لەم وەسفە سـینەماییە ترسـێنەرەدا، دەڵێ کە زەویش (نم) ئەدات. واتە ئەویش ئاوی لێدەتەقێ. کە ئەمــە لــە خۆیدا، ئاماژەیە هەم بە گرانی و تونــدیی تۆفــان و هــەم بیرخــەرەوەی حەکایەتی تۆفانەکەی نووحە، کە گوایە هێندە قورسبووە، تەنانەت لــە دڵی زەویشەوە ئاو دەرپەڕیوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەل ئەوەشدا، هەلبژاردنی پێکهاتی ناسکی «نم مەدۆ» لە نێوگرم وهۆڕی، ئەو تۆفانە دەگمەنە، جۆرێک کرداری شاعیرانەیە، کە نەتەنیا نابێتە هۆی نزمکردنەوەی بە گوژمی تۆفانەکە، بەلکوو جۆرێک ناسکیش دێنێتە نێو وێنەکانەوە. گرنگ ئەوەیە ئەم کارە دژبەرە، لە رەوتی وێنەکاریی پڕجوولە و تۆفانی بوونی کەش و هەواکەش کەمناکاتەوە.
هەبوونی چەپکی هاوشێوەیتر لە دەقەکانی سەیدیدا، ئەخوازن تا بەردەنگی چالاک، بەگوڕ و وزەیەکیترەوە، لەسەر بەرهەمەکانی تێرامانی هەبێت.
( شاخەی سوبح ــ نەورۆزی بازوو ــ کۆی زووخاوــ قیمەی جەرگ ــ تێخی عەفوــ سەرمایەی ئەفسوون ــ پەردەی ناز و ...) .
چەپکی وێنەی پڕجموجوول و نەوەستاوو سینەمایی لە جوانکاریەکانی سەیدی هەورامین . وەک:
بالای وێم پەخشان بالاش بکەردام
داخم نەمەندا، ئەوسا بمەردام
سەیدی لەبری پێکهاتی« بە یەکگەیشتن، دەسەملانکردن، ماچکردن و ...» لە پێکهاتێکی نوێ ، ناسک ، شاعیرانە و زەین هەژێن، کەلکوەردەگری، کە بالای خۆ پەخشانی بالا دولبەرکردنە!.
دوو لیمۆی وەشبۆش تەرحی شەمامە
جمەجمشانە نە یەخەی جامە
وێناندنی وێنەی جوان، بە جوانکردنێکی چەند هێندە، لە کارە ئەفسووناویەکانی سەیدی هەورامییە. وەک ئەم وێنە جوان و دلڕفێنە کە دەبێتە هۆی جوانترکردنی جوانییەکانی ئافرەت. خالێکی بەرچاو لەم وێنەسازیەدا ئەوەیە کە شاعیر وێنەکان دەگوازێتەوە بۆ وێنەسازیی بالایین. ئەو نالێت مەمکی یار بە تەرحی شەمامە لە یەخەی جامەکەیەوە لەرە لەریانە، بەلکوو پێچێک بە وێنەسازیەکە ئەدات و ئەلێت دوو لیمۆی یار بە تەرحی شەمامە لە نێو جامەکەیدا جمەجمیانە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمەش بەردەنگ چالاكدەكاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لــە كاربــدات و بگاتــە ئەو ئەنجامەی كە دوو لیمۆ، هەمان دوو مەمكی یارن. كە بەم هونەركاری و پێــچاندنە، ئــەز دەڵــێم وێنەســازیی بــاڵایین.ئــەم زاراوەیەشــم لــە رەوانشناسی بە قەرز هێناوە و لە دەقی ئەدەبیدا گونجاندوومە.

د: خیتابی پارادۆكسیانە

لە هەندێ دەقــدا خیتــاب، یــان جارجــارەش وێنــە و دیمــەنی دژیــەك دابەزیون، كە لە دیاردە جوانەكانی شێعری سەیدین. وەك:

ئەر ژیرنی شێتە، بگنە نەڕای عەشق ...

لێرە و لە خیتابێكی دژانەی هاوكاتدا، لە هەردوو وەســفی ژیــر و شــێت كەڵكبراوە و بەجۆرێكی جوان لە بندەستی یەكدا، دابەزیون.

ئەڵێت: ئەگەر ژیری ئەی شێتە، بكەوە سەر رێگەی خۆشەویستی

یان: پێكهاتەی تێغی عەفو لەم شێعرەدا:

هەرچەند گوناهكار گوناش فیشتەرەن

تێغی عەفوی تۆ بەڕاو تێژتەرەن

ئاساییە كە لە حاڵەتی ئاساییدا، تێغ بۆ بڕین و كوشتنە، كەچی لێرەدا، لەگەل لێبوردن، دیارە لێبوردنیش بانگەشەی لێخۆشبوون و لــێبوردن و چاكسازییە. كۆكردنەوەی ئــەو دوو دژە، بــۆ یــەك مەبەســت، كارێــكی لەبەرچاوە.

لەم فەردەشدا، دژبەریەكی بەرچاو دەبینرێ كە بگرە وەسوەسەی ئەوەش بخاتە بەر سەرنج كە وەك خەسارێك،لێكبدرێتەوە و بێتە شرۆڤەكردن:

نە گوڵ مەندەن جە گوڵزارا نە بولبول

مەدۆ بولبول بە كاپۆڵدا پەرێ گوڵ

كە لە نیو فەردی یەكەمدا، ئەوترێت: لە گوڵزارەكاندا، نە گوڵ ماوە و نە بولبول، كە چی لە نیو فەردی دووەمدا، دەوترێت: بولبــول بــۆ نــەمانی گوڵ بە كاپۆڵی خۆیدا، دەكێشێت. مەعلووم نیە لەو گوڵجارەدا كە گوڵ و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بولبول، به فەوتاوی و نەماویی هاتوونەتە وەسف، ئەو بولبولانــە، لــە کوێوە هاتوون کە بۆ گوڵ کەوتوونەتە شیوەن و هەرا؟!

و: سەمای وشە
بایەخدان بە وشە و دەنگ، وەک دوو لە بوون رسکێنی زمان،کــە ســارتر واتەنی، بەدیار دەکەوێ کە شاعیر روانگەیەکی ئامرازویستی بــۆ زمــان نیە و بە جــاران لــە کــرداری شــاعیرانەدا، وشــە، وەک شــت«ئــامراز» دەقۆزێتەوەو بایەخیئەداتێ، و بەم کارەشی لە روانگەی سواوی نیــشانە بوونی وشە و زمان پاتراز ئەکات.
هەرچەند لەوانەیە شاعیر لە سەردەمی خۆیدا و بە پێی دۆخی تایبــەت، رۆحیشی ئاگاداری وەها روانگــە و تیۆریــەک نەبووبــێت،بەڵام نــەوەی هاوچەرخیش مافی رەوای خۆیەتی بە پــێی ســەردەمی خــۆی بکەوێــتە شرۆڤەی بەرهەمەکانی ئەوسایی و لــە تیۆریــە هــەبوەکانی هەنووکــە کەڵک وەربگرێت. لە وەها روانگەیەکەوە، ئەکرێ وەها شرۆڤەیەکیــشمان لە دەقەکانی سەیدی هەبێت. هەرچەند بە باوەڕی من، ئەو بایەخانە بــە بەرهەمەکانەوە دەبریسکێنەوە و بوونی خۆیان جا ڕ ئەدەن. ئەمەش بــۆ خاوەنیەتی بەهرە و زەکای شێعری لای شاعێر دەگەڕێتەوە.
هەر ئەوەیە کە لە شێعرەکانی سەیدیدا، بەجاران هەست بــەوە ئەکرێــت کە وشە، وەک خۆی و لەبەر بوونی خۆی دابەزیوە و بایەخــێنراوە. بــە تایبەت لە چەپکێ پێکهاتدا.
نەک هەرئەوە، بەڵکوو لە ئیماژ و پێکهاتەکاندا، هەست ئەکرێت وشەکان دەستیانگرتوە و خەریکی سەما و هەڵپەڕکێن.
ـ وەختی شاخەی سوبح ئەو گرۆی رەندان
کۆی کلاّف نەدۆش موشکین کەمەندان
ـ وەشەن خرپەی پای پۆل رەندانش
وەشەن، شیرین خاو سای سەهەندانش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر لەو دوو فەردەدا { شاخی سوبح ، گرۆی رەند ، کۆی کڵاف ، خرپـەی پا ، پۆل رەند ، سای سەهەند و ...} کە هەرکامەو بۆخۆیان بیرخەرەوەی چەپکێ تایبەتمەندی و بوونی بەدیارن و چین چین جوانی جـارِ ئـەدەن، کە مەحزووزی و حەسانەوەی بەردەنگی بەدواوەیە و بەردەنگ بۆ خـۆی دەتوانێ بە پێی ئاست و جۆری زەین پڕیی خۆی تایبەتمەندی و ویـستی لێ هەڵکرێنێ و لە رەهەندی تەداعیدا، بێتە گەمەی داهێنەرانە.

پول والری، لە سەر ئەوباوەڕیە کە لە شێعردا، وشە، هەڵدەپـەڕێ و لـە پەخشاندا، خاوەن رەوتی ئاساییە.

لە زۆر بەرهەمی سەیدیشدا، بەردەنگ هەستئەکات وشەکان لە حاڵـەتی ئاسـایی بـەدەر و بـەخۆوەگری حاڵەتـێکی تایبـەت و نائاسـایی و نائاشنان:

ـ هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ

وەس دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ

ـ بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان

ئی دەستە بەستەی مەستی گوڵاڵان

لەم وشانەدا هەستئەکرێت وەشەکان جـەمیانگرتوە و غـەرقی حاڵـەتی جەزبە و سەمان. چەند گونجاوە ئـەو بۆچـوونەی سـارتر کـە ئەڵـێت: وشەی شاعێرانە، بۆ خۆی دونیایەکی بچووکی شێعرە. هەر وەها جەخت ئەکاتەوە کە وشە لای خەڵکی ئاسـایی لـینی و دەسـتەمۆیە، بـەڵام لای شاعێر، وەحشی و بەرەڵا. لای شاعـێر، وشـەکان، شـتە سرۆشـتییەکان نین، هەروەک گیا و درەخت بەسەر زەویە سەوز دەبن و دەخەملن.٧

جیاواز بوونی دونیا و مەبەستی زۆر وشەی نێو شێعرەکانی سـەیدیش، بـە خـۆوەگری وەهـا قەوارەیـەکن و لـە وەهـا رەهەندێـکەوە دێـنە بۆ لێنکاریی.

وێناندن، لە دوو هێڵی ئاسۆیی و ئەستوونیدا:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زەیــن و خـــەیاڵ، لـــە پــێناو بونیادنـــانی جوانکـــاریی و زەریفـــی لـــە وێنەســـازیدا،لە دوو هـــێڵی ئاســـۆیی و ئەســـتوونی، دێـــنە ئافرانـــدن. شاعێر،بە یاریدەی زەکاو و بەهرەی شاعێرانە وبە ئاگـــایی لـــە چـــەند و چـــوونی ئـــامرازە هونەرســـازەکان،بەرهەم و دەق، دێنـــێتە دونیـــای بوون.هەرچەند هەرکام لەو دوو هێڵە،خاوەن گەڕی تایبەت و سیماســـاز لە دۆخی جوانکاری هونەرین،بـــەڵام لای هەنـــدێ رەخنـــەگرو توێـــژەری ئەدەبی، هێڵی ئەستوونی خاوەن گرنگایەتی پترە و تەشـــک و قـــەوارەی دەق، دێنێتە دیاریکردن. بۆ نموونە، حەمەڕەزا شـــەفیعی کەدکـــەنی، لـــە کتێبی«صور خیال در شعر فارسی»دا ئەڵێت: « ئەگەر بمانەوێ لـــە ســـەر هەرکام لەم دوو هێڵە،لە دۆخی خەیاڵدا، قسانبکەین، دەبـــێ باوەڕبکـــەین کە بەشی هەرەزۆری بایەخدان بە دەقی ئەدەبی، بە لای هێڵی ئەســـتوونی و تەشکی گشتی دەقەوەیە کە لە بینای شێعردا خاوەن گەڕی ســـەرەکی و بنەماییین»٩

بەڵام ئەدەبی ئەوساییـنی کوردی(شـــێعر)، هـــەروەک هـــی دەراوســـێکانی (ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبی)،ئاوری کەمتری بـــەو گرنگییـــە داوە و لە سەر هێڵی ئەستوونی قسەیەکی ئەوتۆی بۆ کردن نیـــە.ئەمـــەش نـــەک تەنیا لە ئـــەدەبی کـــوردی، بـــەڵکوو وەک وتـــرا بـــۆ شـــێعری فارســـی و عەرەبیش دەگەڕێتەوە کە دوو لە سەرچاوەکانی موتـــاڵاً و خوێـــندنەوەی خوێندەوارانی کورد بوون.

دوکتـــور حەمـــەرەزا شـــەفیعی کەدکـــەنی و دوکتـــور عەبدولحۆســـەین زەڕینکووب، لە( صورخیال در شـــعر فارســـی و شـــعربی دروغ شـــعر بی نقاب)، لەســـەر ئـــەو قەناعەتـــەن کـــە لـــە ئـــەدەبی کلاســـیکی فارســـیدا، بایەخێکی ئەوتۆ بە هێڵی ئەستوونی نەدراوە و شاعێران پتـــر لـــە هـــێڵی ئاسۆیی دا هاتوونەتە هەوڵ و کردار.

شەوقی، وەک یەک لە هەڵپرژێنەرانی ئەدەبی عـــەرەبی ، ســـەبارەت بـــە بایەخدان بە هێڵی ئەستوونی لە شێعری عەرەبیدا، بۆچوونی نائەرێـــنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەیە و لای وایە ئەم هێڵە، بـۆ بایەخپـێدان، نەکەوتۆتــە بەرســەرنج و کاری لەسەرنەکراوە.
ئەو ئەڵێت: « راستییەکەی ئەمەیە کە قەسـیدەی عــەرەبی، یــەکانگیریی گشتی، تا ئەم سەردەمەی ئێمەش نەناسیوە. بگرە هۆکارەکەی ئەوە بـێت کە شاعـێرانی ئـێمە، لــە ســەدەکانی ناوەڕاسـتدا، شـێعری ســەردەمی نەفامییان کردبوو بە سەرمەشق و لە شێعری سەردەمی نەفامیشدا، ئــەم یەکانگیرییە بە هیچ جۆرێک بوونی نیە. قەسـیدەی ســەردەمی نــەفامی هاوشێوەیی تەواوی لە گەڵ کەش و هەوای (بیابان)دا هەیە کــە هــەموو شت لەبەر دەگرێ»١٠
شەفیعی کەدکەنیش لای وایە: بەرکورتی هــێڵی ئەســتوونی خــەیاڵ لای شاعێرانی فارس، تــا رادەیــەک بـۆ قــەوارە و قــاڵبی شـێعری ئــەوان ئەگەڕێتەوە کە رووبەرێکی بەرفراوان لــە جوانکاریـدا بـۆ خەیاڵانـدنی ئەوان ناکاتەوە ١١
وەک راستییەک، شێعری کــوردی بەتایبــەت زاری گــۆران، کــە بەســەر ئەدەبی ئەوساینی کوردیدا زاڵبووە، لــەم قەرەتییــە بــەدەر نیــە و لــەو گۆڕەپانەدا بایەخێکی ئەوتۆ بە هێڵی ئەستوونی نەدراوە. هەرچەند نابێ بێتە فەرامۆشکردن کە ئەم بڕیارە بە پـێی بایــەخ و را هەنووکەییــەکان دێتە دەنگ و چ مەرج نیە کە شاعێرانی ئەوســاش هــەر وەک هەنووکــە بیریان کردبێتەوە، یان بایــەخی ئــەدەبیان هێنابـێتە بــەین. لــە گــەڵ ئەوەشدا، نابێ ئەو بۆچوونە وەک مۆتڵــەق بـێتە فــەرزکردن، چــوونکە ئەکرێ بەجۆرێک ئەو رەنگدانەوەیە، هەرچەند کرچ و کاڵ، بە شـێعرێکی وەک شێعری هۆرمۆزگانەوە هەڵکرێنرێ.١٢
بە پێچەوانەی هێڵی ئەستوونی، هەوڵەکان لە هێڵی ئاسۆییدا خراونەتــە گەڕ و خڕ بوونەتەوە.وێنەکان بە شێوەیەکی تاک و تەریک دابــەزیون و لــە پارچــە شـێعرەکاندا ریزکــراون. ئــەم رەوتی بایەخــدان بــە هــێڵی ئاسۆییە، بە گوژمەوە لە شێعری کلاسیکی کوردی، هەر لــە هورمۆزگــان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا دەقەکانی قوتابخانەی یارسی و بێسارانی و مەولەوی و نالی و مەحوی و ... هاتۆتە کردار.

ئەمەش بوەتە هۆ تا وشە و وێنە، لە پارچە شێعرەکاندا، بە تنراوی و پێک پەیوەست، دانەبەزن و ئەو رەوتە ترنجراوی فەردەکان بکرێت کە لە راستەی هێڵی ئاسۆییدایە. ئەمەش بوەتە هۆ تا هەرکام لە فەردەکان، بۆخۆیان پارچە شێعرێک بن و مانای سەربەخۆ بە خۆوە بگرن. بە واتەیەکی تر، لە نێو پارچە شێعرەکاندا، فەردەکان خاوەن سنووری سەربەخۆن و فدراڵییەکی ئەدەبی بەرقەرارە. هەرکام لە فەردەکان خاوەن جوانکاریی هونەری و مانا و مەبەستی تایبەتن و بە تەنێش دێنە پەیڤ. بە جۆرێک کە لە زۆربەی هەرە زۆری دەقەکاندا، قتکردن و لابردنی یەک لە فەردەکان، زیان بە قەوارەی شعر ناگەیەنێت و نابێتە هۆی قەرەتی.

هەر چەند شێعری سەیدی هەورامیش لەو بازنەیە بەدەر نیە و بە شێوەیەکی گوژماوی نایێتە ترازان، بەڵام لێکدانەوە و هەڵپرژێواندنی بەرهەمەکانی، ئەو راستییە دەرئەخەن کە ئەزموونکاری ئەدەبی و وێنەسازی خەیاڵی لە چوارچێوەی فەردەکاندا هاتۆتە ئەکتیف و لە زۆربەی فەردەکاندا، وێنە و ئیماژی جوان و شاعرانە بە دیارن:

ـ ئاهووی سەیادێش قیمە کەرد بە تێخ
لاشە و جەرگ و دڵ، پێکاوە بە سێخ
ـ تا پێچیای بە قەید بەندی دامەوە
تەن بە ئێش و دەرد، زوخوو زامەوە
ـ بە ناڵە و گریان چوون ئازیز مەردە
پەی چێش رێزانی، دەروون پی دەردە

ـ بە سافی جەمین وێنەی جامی جەم
باڵا چوون سەرو، گوڵ باخچەی ئێرەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ خێزا شوعلەی نوور وەختێ هورێزا
به خزیاییش رەستاخێز خێزا
ـ سوراحی لەبرێز، ساغر ئامادەن
وەختی نۆشای مەین، خاتران شادەن
ـ شۆخەن، وەش تەرحەن، بەرزەن، بولەندەن
سەرمایەی ئەفسوون، هەم جادوو بەندەن
ـ پەردەی ناز جەڕووش بدەر بە لاوە
بۆسە دەر بە قەوس قەمەر سیماوە
چین چین دەستەی زۆلف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نەدەوران گوڵ باغچەی جەمین

سەرەڕای جەختی چڕ لە سەر خاوەن بەهرەیی شاعێر لە هێڵی ئاسۆییدا، ئەکرێ گۆشەسەرنجێکیش زۆم بکرێتە سەرهێڵی ئەستوونی.بەتایبەت کە لە هێڵی ئەستوونیدا پێکبەندی تەشک و ناوەرۆک، کە بەرەنجامی سۆز و عاتیفە و خاوەن بەهرە بوونن، دەسمایەی جۆرێک جمەی زەین، بەرەو دەربڕکردنی مەبەستێکی تایبەت، دیاریئەکەن. هەربۆیە چەپکێ لە پارچە شێعرەکانی سەیدی، بەدەر لە تایبەتمەندی « فەردەکان » ، بە گشتی خاوەن پەیامی عاتیفی و جۆرێک بسۆزی و هاوتەبایی عاتیفی، بە سەر رۆح و حەزی بەردەنگەوە پەروەردە ئەکەن. بۆ نموونە لە پارچە شێعری {هارە سەختەنیدا}، سەرجەمی وێنە و ئیماژەکان، لە خزمەت جاڕدانی بێوەفایی «یار»دان. یان لە پارچە شێعری « دڵ ناڵانشەن»، جۆرێک حەسرەتی پڕعاتیفە ، بۆ هەبوە ویەردەکان دەخرێتەروو. هەروەها پارچە شێعرەکانی { دڵە شەیدای مەست ـــ دڵە یاد کەرە ـــ چوون کۆی عەودالان و...}، بە جۆرێک جقین بەرەو بەردەست خستنی مانا و مەبەستێکی سەرەکی ، لە بزاڤدایە و لە کۆتاییدا هاوپەیوەندی و سۆزناکی عاتیفی لای بەردەنگ دێتە پەروەردەبوون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرچەند نابێ فەرامۆشبکەین کە شێعری کلاسیکی کوردی، بە گشتی لـە هێڵی ئەستوونیدا خاوەن بەهرەیەکی دەوڵەمەند نیە. لە گـەل ئەوەشـدا نابێ چاو لە و سووچە شک گرانە بنووقێنین کە ئەکرێ لـەو پێنـاوەدا زەقبکرێنەوە.

فرانە (ئێغراق)

شبلی نەعمانی ئەڵێت: بەو پێیە کە شاعێر خاوەن هەستێکی بەهێزتر لە دیترانە، هەموو شت کاریگەری پتری لە سەر دادەنێ. ئەویش لـە رێـگەی بەرهەمە شێعریەکانییەوە ئەم کاریگەرییە ئاودیوی ئێمە ئەکات.١٣

« بـوون و رووداو و حاڵـەت »، لـە لایـەن مرۆڤـەوە کراونەتـە خـاوەن ئایێرەیەکی١٤ تایبەت. ئایێـرەیەک کە بە زەبەندی سرۆشتی دەنوێنێ و لەبەر هۆکارە سرۆشـتییەکان چەسـپاوە.ئـەوەتا مـرۆڤیش هـەر بـەو پـێودانگە دیـاریکراوە، مامەڵـەیان لەگـەل دەکـات و لەسـەریان دێـتە لێکدانەوە. بەڵام شاعێر، نەعمانی واتەنی، خاوەن هەست و عاتیفەیەکی بەهێزتر و بەسۆزتر لە دیتران و مرۆڤـی ئاسـاییە. ئـەوەتا بـە جـاران لەگەل رووبەروو بوون لە گەل ئەو دیاردە و حاڵـەت و رووداوانـە، لـە ئایـێرەی پـێوەر دێـتە لادان و هەستپـێکردن و دیـتن و لـێکدانەوەی بەجۆرێکی تر دێتەبوون. یەک لە دیاردە جوانیبەخـشەکانی شـێعریش، هەر ئـەم تایبەتییـە شاعـێرانەیە. بۆیـە بـە ناهـەق نـەیانگوتوە کـە جوانترین شێعر، درۆترینیانە.

شاعێر هەوڵئەدات بازنە بەزێن و رەها لە مەزەنە و ئایێرە پـێوەرەکان، ببینێ و وەگێرێ و پیشانبداتەوە. تاڵ، یان شیرین. مردوو، یان زینـدوو. جوان، یان قەڵس و ...

ئەمەش بۆ ئەو ئاشووب و هەرایە دەگەڕێتەوە کە سۆز و عاتیفە و زەینی شاعێر دادەگرێ. ئەوەتا لە شێعری شاعردا، خۆش ویستن و قینکـردن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاریفـدان و وێـرانکردن و بونیادنانــەوە، بــە مەزەنــەی شاعـێر دێــتە پەیڤ.بۆیە لە شێعردا، بانگچڕی نا ئاوێرەیی بۆ هینەکانی پێوەر، ئاسایـــــی و لـــەرەوت بـــەرەو بەزاندنــــی پــێوەرەکانــی تایبـــەت و دەستەمـۆی ئاپۆرە و جڤات دایە.

سەیدی هەورامیش، وەک شاعێرێکی ناسک خەیاڵ و خاوەن زەکا، لە سەر ئەو جوانکارییە دێتە گۆڕەپانی ئەزموونکاری و لە زۆر شوێندا، روو لە هونەری فرانەیی ئەکات و شاعێرانە پێوەی دەخەریکێ.

وێنەکاری:

خێزا شوعلەی نوور وەختێ هورێزا
بە خێزیاییش قیامەت خێزا

ئاوات و خوزگا:

تەنخوای دوو دیدەی رەمەد رەسیدە
درێغ من بیام دوو هەزار دیدە

سرۆشت و دیاردەکانی:

عەجەب بادەن، عەجەب هەورەن، عەجەب وەشت
چ خاس خاس نم مەدۆ سارا و دەر و دەشت

ئێش و حەسرەت:

جەستەم مەسۆچۆ بە وێنەی کۆی توور
مەبوو بە قەقنەس چەرمەییم بۆ توور

تاریفدان:

یا هەفت ئەودالاَن دڵ پاکی دڵ ساف
نامتان مەشهوورەن جە قاف تا بە قاف
ـ بەسافی جەمین وێنەی جامی جەم
 بالاَ چوون سەرو گوڵ خونچەی ئێرەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەبینین لەو فەردانەدا و لە زۆری تریشدا، لە سەر هونەری فرانەیی، شاعێر هاتۆتە ئەزموونکاری شاعێرانە. ئەگەر تازەکار، یان ناشارەزاییەک بەو کارە هەستابا، لەوانەیە وێرانیکردبان. شەفیعی کەدکەنی، لە سەر ئەو باوەڕەیە: کاتێ فرانەیی لە لایەن کەسانی کەم هاز و بێ ئەزموونەوە بێتە کردار، نغرۆکردنی بە دواوەیە.بەڵام سەیدی، شبلی نەعمانی واتەنی، شتە مەحاڵەکان بە جۆرێک پراکتیک ئەکات کە ئاسایی و سرۆشتی دێنەبەرچاو. ئەمەش بۆ زەکا و هێزی خەیاڵ و شاعێرانەیی خاوەن بەرهەم دەگەڕێتەوە.

نەک بە تەنێ لە فەردەکاندا، بەڵکوو لە پارچە شێعرەکانیشدا، مامەڵەیەکی هاوشێوە لە گەل فرانەیی ئەکرێت. ئەم ڕەوتە نەریتە کولتووریەکانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە دۆعای شەڕ کردن:

ـ دڵە زووخاڵ بای، دڵە زووخاڵ بای

بە ئاهی قوڕەت بە کۆی زووخاڵ بای

کەسایەتێنی (تەشخیص)

لە شێعردا، یەک لە جوانکاریەکانی خەیاڵ کەسایەتێنیە. واتە کەسێتی بەخشین بە ناکەس. دیتنی بەرچاو، یان بەرزەین، بەدەر لە باوە عورفیەکان و بازنەکانی پێوەر. ئەم ڕەوتە وەک بەشێکی دیار لە شێوازی سەیدیدا بەرەنگە. هەرچەند ئەم هونەرە لە ڕەوتی ئەدەبی، بە تایبەت لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی و کوردی، کە بۆ سەیدی وەک دایەن بوونە، بەردەوام و خاوەن بەهرە و بەرهەمە. ئەوەتا لای سەیدیش فەرامۆشنەکراوە و خەیاڵی شاعێر بەردەوام لە پەروەراندنیدا بووە.لای سەیدی، بێ گیان، نەبینراو و نادیارەکانیش بەرسەرنجن و وەک بە خەسڵەتە مرۆڤانەکان مامەڵەیان لەگەل دەکرێت. بە هێزی خەیاڵ و خولقاندنی زەینی خاوەن زەکا و پەروەردەکراو، گیانیان پێدەبەخشرێ و وزە و جووڵە و هێزیان پێدەدەرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نابێ ئەو راستییەش فەرامۆشبکەین کە ئەگەر لە چاوی سەیدییەوە بڕژێینە سروشت، سرۆشت و شتەکانی، کەیلی جوولە و تەکان و هەست دەبینین، بە جۆرێک کە هاوارچی ژیان و رۆحن.

ئەزموونەکانی سەیدی هەورامی ئەو وتە بە نرخەی کرووچەمان وەبیر دەهێننەوە کە ئەڵێت: سرۆشت لەئاست هونەردا گێڵە و ئەگەر مرۆڤ نەیخاتە دوان، لێڵێکی تەواوە.١٥

ئەوەتا سەیدیش لە دیاردە سرۆشتییە کەڕ و کاس و پڕسرەوتەکان، پڕ هەستی و پڕتەکانی و پڕجووڵەییمان دەخاتە بەرچاو.هارە، سەنگی هەوار، کێوی عەودالان و کۆسالان، گوڵ و شەماڵ و سەگ وخەم و ...

حەمەڕەزا شەفیعی کەدکەنی، لە کتێبی (صورخیال در شعر فارسی)دا ئەڵێت: کەسێنی، بەخشینی سیفەتی مرۆڤانیە، بە تایبەت هەستی مرۆڤانی بە شتە زەینیەکان. ئیسلاحە گشتییەکان و رۆژەڤەنامرۆڤانیەکان ، وەیان شتە بێگیانەکانیتر.١٦

سەیدی کە ئەڕژێتە نێو شتەکان، بە پێی هەستی دەروونی ـــ کاتیی خۆی مامەڵەیان لەگەل ئەکات. ئەیانگرییێنێ، هەڵیانئەپەڕەێنێ، گیانیان پێدەبەخشێ، ئەیانمرێنێ ،بەنرخیانئەکات ، سووکیانئەکات،پاسیان پێدەکات،بیرەوەریان پێدەگێڕێتەوە و ...

ئەوانەش کە دەبنە خاوەن سیفەتی بەشەری، هەبووی نادیار و دیاری بێگیان و حاڵەت و وەرز و کات دەگرێنەوە.بۆ نموونە، بەرد، هەبوویەکی بێگیانە. بەڵام لای سەیدی هێندە زیندوو و گیاندارە کە بگرە زۆرێک لە مرۆڤەکانیش نەتوانن ببنە خاوەن رۆحیات و هەستێکی بەوشیۆەیە. ورد بوونەوە لەم پارچە هەلبەستە زیاتر وەها روانگەیەک بە رەواتر دەکات:

سەنگی هەواران، سەنگی هەواران
سەنگی سیاڕەنگ کۆنە هەواران
جای بەزمی رەندان، نیشانگەی یاران

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەختی خاڵخاڵان نازک نازداران
جەزەڵ مەزانوو سوفید سەنگەنی
ئێستە سەبەب چێش سیارەنگەنی؟
کۆن عەیش و نیشات نەووەهارانت
کۆن ئاهووی رەندان پۆل نازارانت؟
سەرخار چوون تۆ کوێێ؟ عەنبەر بۆشان بێ
دایم ئامۆشۆ وەلای تۆشان بێ
ئێستە جای ئەوان چۆڵەن، وێرانی
ئەحواڵی ئەوان تۆ چێش مەزانی؟
ساکە ئێدێ شنەفت سەنگی سیارەنگ
بە ئاهوو ناڵە لێم ئاما بە دەنگ:
ئەحواڵی دەردم دێوانەی بێ هۆش
مەر نمەزانی چی بیم سیاپۆش؟!
ئەوسا من هامڕاز خاڵ قەتاران بێم
تەکیەگای رەندان پۆل نازران بێم
رەنگم سفیدبێ چوون رەنگی کافوور
شەوقی جەمینم دیار بێ جە دوور
ناگاە پەی تەقدیر چەرخی پڕ ستەم
ئێمە و نازاران جیا کەرد جە هەم
ئیسە نە پام هەن بلووشان وەشۆن
نە وێم مزانوو ماواشان چکۆن!

فەڵەک ئەر زانێش چێش ئامان پێمان
دووری نازدارا نەرمانێ پێمان
کەرداش دووچاری دووری و جیایی
نیاش بە دڵدا داخی سیایی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئی داخ هەر پەی من تا رۆی رەستاخێز
چوون هیجرانی یار گرتەنەم بەرێز
ئاییری هیجران کەوتەن نە جەرگم
سیاوش کەردەن سەرتاپای بەرگم
چی کۆرەی ئایر من نەجۆشانەن
جە سینەی سەیدی سیاوپۆشانەن؟!

سەیدی لەم پارچە هەلبەستەدا، سەرەڕای گیان پێبەخشین، هەست و عاتیفەش دەبەخشێ و لە بەرد عاشقێکی سەوداسەری دوور لە یاری هیجرانزەدە، وەدەنگ دێنێ. بە جۆرێک کە سۆز و عاتیفەی بەردەنگ وە سۆ دێنێ و دەیبزوێنێ.

ئەو شتانەی لای سەیدی دەبنە خاوەن سیفەتی بەشەری، نایەکجۆر و ناتەبان. بۆ وێنە روەکی و حەیوان و حاڵەت و وەرز و با و ... دەگرنەوە.

گوڵ، لە خیلقەتی خەیاڵی سەیدیدا، دەبێتە خاوەن هەست و عاتیفە:

بۆ وێنە، پارچە شێعرەکانی: سەوڵی بادبەردە و سوورەهەراڵە.کە لە هەرکامەیان چەند فەرد دەخرێتە بەردەست و دەکرێ خوێنەر بۆ خوێندنەوەی سەرجەم ئەو دوو پارچە شێعرە، لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمە بەسەر بکاتەوە.

سەوڵی بادبەردە:

وات جە دیدەی بەد من پێم نەیاوان
خەتای کەس نیەن جە وێمەن تاوان

رۆیێ من مەشغووڵ بە قیامم بێ
سەرمەستی باڵای وەش ئەندامم بێ
من جە وەشی و زەوق، شەماڵ وەپای هەرد
پەی پەی جە قیام بەرگی خەمم بەرد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێسە مزانام جە رووی دونیاوە
نەمردان چوون من هیچ کەس بە پاوە

سوورەهەراڵە:
نە پای وەرواوان وەختێ من مەوبەر
ڕەنگەم سەوزەنە نە رووی وەرکەمەر
ئینجا جە ناگا سەیرکەروو جە دوور
دیارەن باڵاو یارەکێم چوون نوور
وەختێو ئا یارێ نزیکەم مەبۆ
لاو سەرەیمەنە تێر سەیرەم کەرۆ
بۆیوە وەشە مەگنۆ نە سەرەم
ڕەنگەم سوورە بۆ زوو بە خاتر جەم

سەگ، وەک حەیوانێکی گیاندار،دەبێتە هاوڕاز و هاوڕێ. هاوڕێیەتییەک باشتر و پڕسیفەتتر لە زۆربەی مرۆڤەکان.لەم شێعرەدا، دەبینین کە زۆر سیفەتی سەگانە، بە جۆرێک ئێغراقێنراون کە لە سەگ گیاندارێکی خەیاڵی و وەهمی ، یان پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دێتە پیشاندان:

وات ئەی پاسەبان سیای خەیمەی یار
ئێشکچی شەوگار نەدەورەی دیوار
چەرخچی شەوان ، رۆ نە دەر و دەشت
بەبری شێرشکار پەرێ ئاهوو چەشت

پولنگان ئەوسا فکری تۆشان کەرد
حەساری کۆشان پەرێ وێشان کەرد
نەعرەتەی دەنگت هەر کۆ مەیاوا
مەنزڵانی چۆڵ مەکەردش ئاوا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بای شەماڵ، وەک هەبوویەکی نابەرچاو، لە بەر سەرنجی پڕخەیاڵی شاعیردا، دەبێتە گیاندار و هاودەرد . هەرچەند بای شەماڵ بە جاران لای شاعیرانی دیکە کەوتۆتە بەرسەرنج و بۆژە کراوە، بەلاّم لای سەیدی، حاڵەتێکی تایبەتی هەیە:

یەک شەو بای شەماڵ وەر جە سوب سەحەر
بەدەوان وەلای قیبلەم گوزەر کەر
وەلێ لوانت بەی تەور بە دەو بۆ
شۆ وەلای شیرین هێمای نە خەو بۆ
پەردەی ناز جە رووش بدەر وەلاوە
بۆسە دەر بە قورس قەمەر سیماوە
چین چین دەستەی زوڵف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نە دەوران گوڵ باخچەی جەمین
مازە پەشێویان بەڕووش وە هەم دا
نەک پێوار بۆ مانگ نە دڵی تەم دا
چوون نووری ئیمان نەڕووش مەدرۆشۆ
با زۆڵماتی کوفر ئیمان نەپۆشۆ
وەختێ بای شەماڵ پەڕەندەی تیژ رەو
شیرین دیدە مەست هورمێزۆ جە خەو
جەو دەم بە ئیکرام وەنەش سەلام کەر
عەرزو حاڵی من، پەنەش تەمام کەر ....

حاڵەت، بۆ نموونە خەم، ئەو شتە ئنتزاعی و نادیارەیە کە لای سەیدی دەبێتە گیانداریکی خاوەن عاتیفە و برادەری گیانی بە گیانی شاعیر:

من و خەم پێوە گرتەنما برایی
نە خەم چێمە، نەمن چادێم هەن جیایی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ورد بوونەوە لە بەرهەمەکانی سـەیدی، بـە تایبـەت لـەم ڕەهەنـدەدا، هەڵمانئەنێت تا لە ڕوانگەیەکی کرووچە ئاسـاوە بێـژین: بوونـەکان و شتەکان چین ، ئەگەر مرۆڤ (شـاعیر) نەیانـدوێنیٚ و نەیانخاتـە سـەر ڕەوڕەوەی ژیان و گەردوون؟!

## چەمکی ئەوین و زەکای سەیدی:

ئەوین، زەریایەکی بەرین و پڕشەپۆلە.زەریایەک کە زۆر وشەی بەحەز و داستانی پڕسەمەرە و کارەساتی سەرنجبەری لێبوەتەوە. وزەی لـە بـن نەهاتووی ئەوین، هێندە پڕتەکان و خاوەن بەهرە و جمەزایـە، کـە لـە بیرەوەریـدا بنجبەسـت و لـە ژیانـدا، چـاوگە و بنەماسـازی بـوون و مانەوەی مرۆڤە. ئـەوەتا زۆر بەسـەرهاتی (هـەبوو، یـان خـەیاڵاویی) بەهەمیـشەیی و تاهـەتایی کـردووە. زۆر داسـتان و حیکایـەتی، وەک بەشێک لە حەز و دڵەخورپەی بەردەنگ، تومارکردوە و نەوە بە نـەوە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەچ بە وەچ، رای‌گوێزانـــدوە و وەک بەشـێک لـــە ناخودئاگـــای گـشتیی لێکردوە: خوسرەوو شیرین، وامق و عوزرا، مەم و زین، مەژنوون ولەیلا، شەم و پەروانە و ...، ئەو وەچزایانەن کە بەگشتی بوونە و لـــە مڵکیـــەتی زەمەن و زمان، ترازاون و بازنـــەکانی کـــەس و ئـــەتنیک و جوگرافیایـــان پساندوە و دەربازی بەردەنگی هەرلایی بوونەتەوە.

لە بەرهەمی (ئەگەربڵێم گشتێنەی شاعیراندا، رەنگە دووچـــاری فرانـــەیی نەبووبێتم)، بە خەستی بە رەنگی و بنجبەستی ئەوین، بەرچاوو خـــاوەن گەڕ و بوونە. بەهرەیەکی بە وزەیە کە زۆر شاکاری ئەدەبی پێشکەش بـــە بەرەی مرۆڤ وزەینی بە هەست کردوە. زۆر ئاخ و حەسرەت و ئۆخـــەی و ئۆخژنی بە دوای خۆیـدا راکێـشاوە و وەک شـــەرابی تاســـە، لـــە پێکـــی وشەوە، نۆشاوی بەردەنگی کردوون و خەیاڵ و هەست و سۆزی پێ پاراو داونەتەوە. ئەوەتا ئەگەر بوترێ دەقی شـێعر بێ سۆسـکەی عەشـق، چ بابردەڵەیەکی رەنج بەخەسار نیە و ناتوانێ ببێتە لانکەی زۆر شـــاکاری جیهانی، واتەیەکی بەخەسار دەربڕنەکراوە.

نابێ بێتە کەتماندن کە خۆشەویستی، بە رەهەندەکانییەوە، بەشێکە لـــە واقع و هـــەبووی ژیـــان. بەشـێک لـــە بـــوون و حـــەزی تـــاک و جڤـــات. هرووژمێکە کەرۆژانە لە گەل هێرش و ئاسەوارەکانیدا بەرەوڕوو دەبین و هەستیدەکەین و دەیتۆرێنین و دەیخەملێنین . شاعێران و بەهرەمەنـــدانی ئەدەب، بە کەڵکوەرگرتن لەو وزە پڕتەکانـــە، حـــەز و سۆسـکەی تاســـە، دەخەنە تەڕاتێنی هەڵگۆڕاندن و بە یاریدەی زەکای هونەریی و تـــەوژمی خەیاڵ، دەیئەدەبێنن و هونـــەراویی دەکـــەن.ئەمـــەش بـــۆ تایبەتمەنـــدی بەهرەی هونـــەری و ئـــەدەبی دەگەڕێتـــەوە و بەتایبـــەت لای شـــاعێرانی خاوەن زەکا، خاوەن گەڕ و خیلقەتـــە. شـــاعێر بـــە دەرککـــردنی واقـــع و قۆستنەوەی دیاردە و تەکان و ئاسەوارەکانی، لە خیلقەتگەی زەیندا دێتە هەڵگۆڕانـــدن و بونیادنـــانی دونیایـــەکی دیکـــە. کـــە واتـــە شـــاعیر بـــە دەرککردنی واقع و گۆراندنی بە دڵخوازی ویست و خـــەیاڵ، دونیایـــەکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فانتازی و ئەرێنی تایبەت بە خۆ بونیاد ئەنێت و پشت لە دونیا سواوەکەی واقع ئەکات. ڕێکاوڕێک بەو کارە هەڵدەستێ کە لەو دوو بۆچوونەی دوو کەسایەتی جیاوازدا دێتە دەربڕین:

نیتشە دەڵێ: چ هونەرمەندێک بێ واقعیت«هەبوو»، بەرنابات. کامۆش وەدەنگ دێت و دەڵێ: چ هونەرمەندێکیش بێ واقعیت «هەبوو»، ناتوانێ هەوڵی خۆی بە ئاکام بگەیەنێ.١٧

شێعر ئەو دونیا ئەفسووناویەیە کە پۆشش و ڕووبەند بەسەر ڕوومەتی جیهانەوە دادەماڵێ و جوانییە ڕووتە داپۆشراوەکان، دەخاتە بەرسەرنجی بینەر. بازنەکان دەپسێنێ و پاوانەکان دەکاتەوە و بە زەبری وشە و هێزی زمان، نادیارەکان بەرەڵادەکات و جۆرێکیتر لە دونیا پیشانی بەردەنگ ئەدات.

وردبوونەوە لە دونیا عاشقانەکان، هەر لە وەلی دێوانەوە بگرە تا فەرهاد و مەنسووری حەلاج و ...، هاواری بە ڕەوا بوونی ئەو بۆچوونەی

کولریچ ئەکەن کە ئەڵێت: شێعر، ڕووبەندە ناسراوەکان دادەماڵێ و جوانیە تۆخە شاردراوەکان دەخاتە بەرسەرنج .١٨

چەپک چەپک لە شێعرەکانی سەیدی هەورامیش، هاواری وەها ڕۆحیاتێکی شاعێرانەن کە بزاڤی بازنە پسێنیان پێوە دیارە:

ـ سەیدی عار نیەن، سەیدی عار نیەن

هەرکەس عاشقەن ناڵەش عار نیەن

یان:

گشت جە من فیشتەر حاڵشان فەنان

داخم هەر ئێدەن هەر پەی من مەنان

گرد جە هامدەردی من حاشا کەران

سا خەڵکان بەیان تەماشا کەران

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەر ئاشق نەبان یەکسەر مەلا و شێخ
فتوا بۆ سەیدی سەر ببڕان بە تێخ

وزەی خۆشەویستی لە دەروون و خەیاڵی سەیدیدا هێندە بە گوژەمە کە لە ئاوێرەی وشەوە سەرڕێژ ئەکات و ئاوێزانی ژن و سرۆشت و وڵات و ... ئەبێت و لەخۆبردوانە و نەریت تۆرێنانە، دێتە بانگچڕیی. هەرچەند نابێ فەرامۆشبکەین کە شاعێر بینە قاقە و زمانی تەڕی بەشی نادەستەمۆی جەماوەرە و پەیڤەکانی وەک خواست و هینی جڤات دێنە ئەژمار. هاوارەکانی سەیدیش، وەستانەوەیەکی بوێرانەن دژ بە نەریتی داسەپیو بەسەر تاک و کۆی کۆمەڵگادا. هەر بۆیە شاعێر ئەو بوونەوەرەیە کە خاوەن سیفەتی هەبوو و نەبوو، یان دارا و نەدارە. وەک فلۆبێر دەڵێت: لە پیگەی هونەرمەنددا، دەبێ شەراب بنۆشی، لەگەل ژندا بجۆشی، لە عەشقدا بکۆشی، لە شەڕدا ببیتە جەنگاوەر و بە شوێن ناوونەنگیشەوە بیت، بەڵام بە مەرجێک نە مەی بخۆیتەوە، نەشروالٚ پیسبیت، تەنانەت نە ببیتە سەربازی بەرەکانی شەڕیش. ١٩

لە گەل هەموو ئەوانەدا، سەیدی، بەر لەوەی شاعر بێت، مرۆڤە. بە تایبەتییە مرۆڤانییەکانەوە. عەشق و خۆشەویستیش بەشێکە لەو تایبەتییانە. تەنانەت عاشقیی کیژۆڵەیەک. بەڵام زیاد لە مرۆڤانی تر، سەیدی، شاعێرە. هەر بۆیە عەشق و شێوازی وەسفە عاشقانەکانیشی دێنە چاولێکردنێکی تر.هەربۆیە سەرەڕای خاوەن ماڤی سەیدی بۆ عاشق بوون، شاعیر بوونی، فلۆبێر واتەنی بەهاکان، شاعرانەتر دەشرۆڤێن و دێنە پۆلێنبەندی.یەک لەو بەها بەرزانەش، وەستانەوە دژ بە نەریتی زاڵ، بەڵام ناحەزە و ئاوقەبوونەوەی بەکردەوەی ئەو نەریتە نەخوازەسە.هەر ئەم رەخنەکاریەش، لەخۆیدا جۆرێک رەخنەکاری و شرۆڤەی شاعێرانەیە. بە تایبەت کە لە سەردەمی وەک سەیدیدا، شاعێر وەک رۆشنبیر و رێنما و چاوساق لێکئەدرایەوە و دەهاتە چاوەنواڕی لێکردن. هەرچەند نایێتە حاشاکردن کە شاعیر و هونەرمەند، نە خاوەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سپاوسانن و نەخاوەن زێڕ و گـەنج. تـا بــە یاریـدەی ئــەو دوو بــاڵی دەسەڵاتە، لە کۆمەڵگەدا بێنە گۆڕانکاری. بەڵام ئەوان ئەکرێ بە کاریگــەر بوون بەسەر بۆچوون و هزری دیترانەوە، لــە تاکەکانـدا، کەشـوهەوای گۆڕینی نەریت، بڕەخسێنن. لە وەها روانگەیەکەوە و بە سـەرنجدان بــە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای سەیدی، ئەکرێ بێژین لە عەشق و پتەوانــدنی بنەما و روخساری خۆشەویـستی، لــە وەهــا هەولێکـدا بـووە.هربـرت ماركووزە لەم پێوەندەدا بۆچوونێکی تایبەتی هەس کە ئەکرێ لە وەهــا روانگەیەکەوە، هەوڵەکانی زۆرێک لە رێبوارانی گەشەی رۆشـنبیری لــە سـەردەمە جیاوازەکاندا، بێـنە بایەخاندن. ئـەو ئەڵێت: هـونەر، وەک ئاگایی، بەسەر زەینی کەسەوە کاریگەر ئەبێت و دەبێتــە هـۆی گەشــە و ئاگایی ئەوان سەبارەت بە خۆ و بە جیهانەی خۆ.

سەیدی هەورامی ، نەک تەنیا لە بواری خۆشەویستی و بایەخـدان بــەو وزە ژیناوییە هاتۆتە گوتار، بــەڵکوو بــە کــردەوە دژبــەری ئەوانەشــی کـــردوە کـــە دژ بـــە بـــەهاکانی خۆشەویـــستی جووڵاونەتـــەوە و بەرنگاریانکردوە.

سەیدی داد جە دەست بەدخوویی رەقیب
نمازۆ دیـــــدار یارش بـــــۆ نەسیـــب
ئــەر سەد ساڵ چەنیـش بکـــەری خاسی
خاسیش هیـــچ نیەن غەیـر جــە ناڕەسی
سەگ پێشەش مدەی وەفاش پی تـــەورەن
رەقیب گەنجش دەی پیشەش هەر جەورەن

ئەبینین چۆن هاواری شاعیر بە دەس بــەدکاران و دژبــەرانی عەشـقەوە بەرزە . چوونە ناو شعرەکانی سەیدی ئــەو بۆچـوونەی (مەنووچـهری ئاتەشــی)مــان وەبیردەخاتــەوە کــە دەڵــێ: شــعر منـداڵێکی تــووش و بەهانەگیرە .٢٠

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به خوێندنەوەی دەقەکانیدا وا دەر ئەکەوێ کە لە زەینی سەیدی، خۆشەویستی ماکەیەکی بنجبەستە و بە جۆرێک شاعیری ئەودالکردوە کە سەرگەردانی عەشق و ئەوینە و هەر جار لە ژێر کاریگەری تاویی دەروون، بە رۆخسارێکەوە شوێنی هەڵدەگرێ و سۆراخیدەکات. گریمان ئەو رۆخسارە، سیمای کیژۆڵەیەکی ناسک و نازدار بوو یان جوانییەکی سرۆشت و لەنجەی گوڵێک و داوێنی کوێستانێک، یان ناوچاوی پیرێکی بەرمەغارنشین. گرنگ عەشقە و خۆشەویستی کە لە گەڵ شاعردا شێلراون و بوونەتە هاوڕێیەکی نەتۆر لە یەکدی. گەمەی مەجاز و حەقیقیش، پوولێک ناهێنێ و بەلایەوە جیا لە یەک نین.

تا مەجاز نەبۆ حەقیق نمەبۆ

حەقیق بێ مەجاز تەحقیق نمەبۆ

تێغی عەشق بە جۆرێک دەروونی شاعیری شکافیوەو دڵی لەتار کردوە، کە وێڕس لە دەرمانکردنی، پەنا بۆ ئەفلاتوون ئەبات و خوازیاری چارەی ژانی جەرگبڕی خۆی ئەبێت.حەکیم ، پەی بە دەردەکەی ئەبات و بۆ دەرمانکاریی، زیاتر لە دوو رێگەچارەی پێ شکنابرێت.وەسڵ، یان مەرگ».

ئەر بشوون وەلای ئەفلاتوونی ژیر

پەی دەوای دەردم ئاد مەوەرۆ گیر

ماچۆ تۆ بە عەشق سەدپارە جەرگەن

دەوای دەردی تۆ وەسڵەن یا مەرگەن

مەولەوی تاوەگۆزی، کاتێک دووچاری وەها ژانەدڵێک ئەبێت، بۆ فارغبوون، خوازیاری سێ رێگەچارەیە: وەسڵ، مەرگ وەیان تاقەت.

دڵکەم نمارۆ ساتێ فەراغەت

خوا سا یا مەرگ یاوەسڵ یا تاقەت

بەڵام سەیدی هەورامی، لەبەر گرفتی توند و ژانی وێڕسکەری دڵ، تەنیا دوو رێگەچارەی لە بەردەم دەمێنێتەوە: وەسڵ، یان مەرگ. کەواتە رێگە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیکە کە تاقەت و سەبرە، برەوی خۆی لە دەسداوە و ناگاریگەرە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەردی گرانی دڵی سەیدی هەورامی.
ئەکریٚ بێژین کە موتیڤە عاشقانەکانی سەیدی هەورامی، دڵنشینترین موتیڤەکانی ئەون کە لە دەقەکاندا جێگیر بوونە. ئەمەش بۆ جوانخوازی و جوانپەسەندی شاعیر ئەگەڕێتەوە کە لە هەر شوێنێک هاتبێتە وەسفی جوانییەکان، رازاوەترین وێنە و ئیماژی بونیادناوە. بۆ نموونە کاتیٚ وەسفی جوانی ئافرەت ئەکات، لە دیمەنێکی پڕجووڵەدا ئەڵێت:
دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە
جمە جمشانا نە یەخەی جامە
سەیدی حازرە لە ریگەی عەشقدا، هەموو بوونی خۆی ببەخشیٚ و تەنانەت گوند و جەماوەرەکەشی بکاتە قوربانی و دووچاری قەهر و غەزەبی دۆعای شەڕیان بکات. ئەگەر بێت و ببنە بەرهەڵستی پێکگەیشتنی ئەو و خۆشەویستەکەی:
وەختێت زانا گێرەم قارە پێسەو مووسای عەسام شارە
ژیوارم کەرد زرێبارە نیشات ئەربەی تۆم پەی نارە
ئەچمەوە سەر وتەکەی مەنووچهری ئاتەشی کە پێشتر هاتە ئاماژاندن . ئەویش بە منداڵی تووش و بەهانەگیر وەسفکردنی شێعر بوو. ئەم بەهانەگیری و سەوداسەری و تووشبوونە، بە شێعرە عاشقانەکانی سەیدییەوە هاوار ئەکەن.
هەر لە شەڕ لە گەل رەقیب، تا بەهانەگیری لە شێعری هارەسەختەنی و بەزرێبارکردنی ژیوار بە زەبری نزوولە و دۆعای شەڕ.
لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویست بە ئاماژە پێدانە کە روانینی سەیدی بۆ دەورووبەرروو دیاردەکان، روانینێکی عەشقاوییە. شاعێر بە حەزێکی پڕ عەشقاوییەوە دەڕژێتە دەر و بەردەنگی سەیدی دەنگی ناڵەیەکی پەنگاوەی پڕهاوارە کە بوونی خۆی بە زۆر سیماوە دەدۆزێتەوە. لە دەروونیدا، ژانێک گێنگڵئەدات کە تایبەت بە بەهرە و خووی شاعێریەتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوە. ئاشووبێک لە دڵ و هزریدا بە خرۆشە کە تێگەیشتنی لە لایەن دەور و بەر و دیترانەوە زۆر سانا نیە. ئەو خاوەن ناڵەیەکی بەرزە کە لە لایەن نەریتەوە خراوەتە بەر لۆمە و تانەکاریی. بەڵام رۆحی سەرکەش و شاعێرانە، دەیباوەڕێنێ کە بوونی ئەم ناڵەیە رەوایە، نەک عەیب و عار، کە لەلایەن نەریتەوە خراوەتە پاڵی.ناڵەیەک کە سەرشاری عەشق و ئەوین و خۆشەویستییە. نەک ناڵەی خۆی، بەڵکوو ناڵەی عەشقە کە زار و گەڵووی ئەوی هاوارانـدوە. کە واتە موقەدەسە و مەبارەک. ئیتر چ باک لە لۆمە و مەنحکردنی ناحەزان و نابەدڵانی تێنەگەیشتوو:

سەیدی عار نیەن ، سەیدی عار نیەن
هەر کەس عاشقەن ناڵەش عار نیەن
ئێمەیچ ناڵەمان خۆ بێ کار نیـــەن
کەس جە دەردی کەس ئاگادار نیـەن

## (سەیدی و سروشت)

کریشنا مورتی ئەڵێت: «ئەگەر هێزی هەستکردنی سرۆشت لە دەستبدەن، هـێزی هەستپـێکردنی مرۆڤایـەتیتان لـە دەسـتداوە. کـە هـاتوو چ پەیوەندییەکتان لە گەل سرۆشت نەبێت، لەبەر تەماحی ماڵ و وەرزش و قووت، یان تەنانەت لەبەر خاتری زانـست، کۆڵەخووکـە ئاوییـەکان و نەهەنگەکان و دۆلفینەکان و مرۆڤەکانیش دەکـوژن. ئـەوکات سرۆشـت لێتان دەترسێ و جوانییەکانی خۆیتان لێدەگرێتەوە.»
زۆرێک لە شاعێران، بە تایبەت سەربە بەرەی رۆمانتیـک، بـە خەسـتی روویان لە سروشت کردوە و لە بەرهەکانیاندا، هێناویانەتە خەملاندن و بەرهەمەکانیان پێ خەملاندوە. بەتایبەت لە شێعری هەورامیـدا، گـەڕی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سرۆشت به خەستی دیاره. له شێعرەکانی سەیدیــشدا، رەنگیداوەتــەوه. به تایبەت جوانییەکانی دەڤەر له دەقەکاندا قولپێئەدات. هۆگریی شاعــێر له گەل جوانییەکانی دەڤەری ژینگەی خۆی، بوەته هۆ، تا به شــێوەیەکی خەیالاٚوی و فانتازی به وەســفیان هەستــێت . وەســفی کوێــستانەکانی: کوســالاٚن و عــەودالاٚن ، ئەوپــەڕی سرۆشــت ویــستی شــاعیرمان بــۆ بەدیارئەخەن.

پێگەی دەوروبەر له ناواخنی زەینی شاعێردا خاوەن بایەخی بەرچــاوه. له لایەن خاوەن رایانەوه هاتوٚته لێکدانەوه و باوەڕ پێهێنان کــه شــت و مەکی دەوروبەر، له کۆبەستی زەینی شاعێردا بــه بایــەخ و بەگــەڕه.بــه تایبەت شت و مەکی سرۆشتی، به دیارده و جوانی و هینەکانیەوه.

« وردزورس» لای وایه: شتەکان دەبنه خالقی وشــه و زمــانیش گلێــرەی ئــەو وشــانەیه کــه مــرۆڤ لــه شــتەکانی دەوروبــەر دەیانگرێــت. بــه جەختیشەوه ئەڕوانێته شته سرۆشتیەکان. وەک: دار و کێوو گــولْ و ...، که دەبنه هۆی رسکان و تەشکبەستی زمانێکی پەرداخ.٢١

بگره یەک له هۆکارەکانی سەرکردنه ناو پانتایی سرۆشت و خــووگرتن له گەل جوانییەکانی، وەها هزر و حــەزێک بێــت کــه دنــەی شــاعێرانی کوردی سەر بەلقی گورانی داوه تا به گوژمــەوه روو بکەنــه ئــەو دونیــا ئەفــسووناوییه. هەرچــەند نــابیْ چــاو لــه هەنووکــەی ســەردەمی ئەوشاعێرانه و به گوڕبوونی هزر و حەزی رومانتیکیانەی ئەو سەردەمه بنووقێنین.

جوانییەکانی سرۆشتی دەڤەر، لــه هوٚکارەکــانی دیکــەی ئــەو رەوتــەی شاعێران بوه. بۆ نموونه وەسفەکانی بێسارانی و مەولــەوی. یــان ئــەو وەســفه جادووییــه کــه ماموٚســتا گــوران لــه ســەفەرەکەیدا ( گەشــتی هەورامان) دەیخەملێنیْ.. تەنانەت دیارده سروٚشتەکان هێنــده دلــڕفێن و پڕحەز بوونه که مامۆستا بێسارانی خوازیاره کــه مــردیش، گوٚڕەکــەی بەرنه پای قەلوٚەزانی ئەو سرۆشته پڕجوانیه:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چراغ ڕەزان بۆ، چـــراغ ڕەزان بۆ
خاس ئێدەن گڵکـۆم نەپای ڕەزان
نزیک وەپرشنگ پای قڵوەزان بۆ
ئامێتەی خاکم وەڵگی خەزان بۆ٢٢

« ئەلیزابت درو» لای وایە شێعرێک لە سەر سرۆشت بدوێ، لــە هــەموو سەردەمەکاندا جێگەی سەرنجی شاعێرانە. ئەگەر چی جۆری ســەرنجەکە بە هۆی بەهرەی کەس و تایبــەتی ســەردەم، جیــاواز و خــاوەن تــوفیر بێت.٢٣

شێعری سەیدی هەورامیش جارڕەری سەرنجێکی تایبەتــە کــە بــە پێــی بەهرەی کەس و تایبەتی زەمــەن ،بــە سرۆشــت دراوە. بــە تایبــەت لــە لاواندنەوە و وەسفەکاندا.

کوساڵان وەشەن، کۆساڵان وەشەن
میرزام سەیری هەرد کوساڵان وەشەن
تەماشەی جەرگەی گوڵاڵان وەشەن
سەیری سەربەرزان عەوداڵان وەشەن
پەی لانساران خاڵخاڵش وەشەن
وەرواوی شیرین لاپاڵش وەشەن
شنۆی شاخەی ساز شەتاوش وەشەن
رۆ بێداریش وەش، شەوخاوش وەشەن
تەماشای نەورۆز خاڵماویش وەشەن
کافووریش، نیلیش، سیاویش وەشەن
چۆپی کۆساڵان، سەیرانش وەشەن
سەدای قاقبۆی کەبکانش وەشەن
چەخاس جای گەشتەن، عوبوورش وەشەن
بۆی عەتر و عەبیر چنوورش وەشەن
شەوبۆی نازەنین ئەشەد بۆش وەشەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سارا و دەرو دەشت، کەش و کۆش وەشەن
وەشەن بۆی سۆسەن سەرکلاَوانش
وەشەن سەوزی فەرش پای کلاَوانش
وەشەن خرپەی پای پۆلـی رەندانش
وەشەن شیرین خاو سای سەهەندانش
وەشەن چەنی دۆس رۆ گێڵێش پێدا
وەشەن بیش هامڕاز، شەوان جە جێدا
وەشەن چوون بەهەشت رۆی سەربیساتش
وەشەن، شیرینەن، عەیش و نیشاتش
وەشەن خاس وەشەن سەیری وەهارش
فەسڵی نیسانش، مانگی ئەیارش
پەی کەسێ خاسەن میرزام کۆساڵان
چەنی یار کەرۆ سەیری گوڵاڵان
هەرکەس چوون سەیدی جە هیجران خەستەن
سەیری کۆساڵان کەی ئاوات واستەن

عەوداڵان
دڵ ناڵانشەن ، دڵ ناڵانشەن
هامسەران جە تاو دڵ ناڵانشەن
زوێریش جە تاو خەیاڵانشەن
ئارەزووی تەواف عەوداڵانشەن
جە دووری یاران بێ قەراریمەن
واوەیلا و حەشر، شین و زاریمەن
ئارەزووم کەردەن چوون قەدیم ساڵان
بشوون پەی تەواف بارگەی عەوداڵان و...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرنجدان بە شێعرەکان ئەو راستییە دەخاتە بەردەست کە سەرنجی شاعێر بۆ سروشت لە ژێر کاریگەری دۆخ و عاتیفەدا بوە. کاتێ شاعیر دووچاری هیجران و بێتاقەتی ئازیزە، ئەڕواتە قاڵبی سوورە هەراڵە و بە زاری ئەو گوڵەوە، تاسە و بێتاقەتی خۆی ئەدرکێنێ و ئاو بەسەر گڕی دەروونیدا دەکات. بەڵام لە کاتی بەکەیفی و خۆشحاڵ بوونیدا، دەکەوێتە وەسف و تەنانەت جوانییەکانی سرۆشتی هەورامان لە بەهەشت جوانتر دێنێتە وەسفکردن.

لە پارچەهەڵبەستی (کۆسالاَن وەشەن)یشدا، پاش وەسفی جوانییەکانی ئەو کوێستانە،لە کۆتاییدا، بە سۆزی خۆیەوە پەیوندیئەدات و لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە سەیری ئەو هەموو جوانییە لەگەل یاردا خۆشە و بۆ کەسێکی وەک سەیدی کە دووچاری هیجرانی یارە، کوا سەیری ئەو جوانییانە دێتە ئاواتخواستن.

لە وەسفەکانی سەیدیدا، بەردەنگ هەستئەکات شتەکان و دیاردەکانی سرۆشت، بەدەمیەوە دەخەملێن و گۆرانی بۆ دەچڕن. لەو کاتەدایە کە وتەی وێژەری بە ناوبانگی رۆم « سیسرۆ» وەبیر دێتەوە کە گوتوویە: ... تاشەبەرد و بیابانەکانیش، بۆ شاعێر گۆرانی ئەسێننەوە. تەنانەت زۆرجار وەحشیانی بیابانیش بە بیستنی نەغمەو گۆرانی شاعیران، هێور دەبنەوە.

وەسفە سرۆشتییەکانی سەیدی، بەجاران لە فرانەیی دەترازێن و دەبنە یاریدەدەری سرۆشت بۆ جۆرێکی تر بوون و جوانتریی:

ـ نەورۆزگوڵ جاسووس گوڵانی تازەن
وەهاری کیانان، مزانی وازەن
ـ بافتەن پەی زینەت رەندانی دۆلبەر
چوون جوقەی تاووس بپێکان وەسەر
ـ وەختەن شای وەهار بنیشۆ نە دەور

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جاڕ بکێشۆ ڕەعد، تەمەلوول و هەور
سێرفیلیپ سدنی، لەسەر ئەو باوەڕیە کە شاعیر لە شیعری خۆیدا، جیهانێکی دی دەئافرێنێ. جیهانێک کە خیلقەت و دیاردەکانی لە هی سرۆشت جوانتر، یان بە تەشکێکی نوێ و تایبەت دێنە خۆنوێنی. هەربۆیە شاعێر گوێ رایەڵ و فەرمانبەری سرۆشت نیە، بەڵکوو هاوکار و یاریدەدەریەتی.

وەسفەکانی سەیدی لە سرۆشت، بەجاران بەراستبوونی ئەو روانگەیەمان پێدەسەلمێنن.

## توخمی رەنگ و رەهەندی سەیدی٢٤

رەنگ، یەک لەو دیاردانەسە کە بگرە هەر لە سەرەتای چرۆی زەین و وەچزایی چاوگلاندن بۆ تاقیکردنەوە و ناسینی دەوروبەر، لە لایەن مرۆڤەوە هاتبێتە پێناسە و بەرچاو. رەوتێک کە لە ڕووناکی رۆژ و رەشی و تارمایی شەو دێتە دەستپێکردن. پاشان رەنگی دار و گوڵ و کەسەکان و ئامرازەکانی ژیان و شتە سرۆشتییەکان. بە دیتن و هەستکردنی ئەو رەنگانە و لێوردی و تێفکرین لە سەریان، بوونەتە بەشێک لە کاریگەرەکانی سەر عاتیفە و هەڵسەنگاندن لە زەینی مرۆڤدا. لە قۆناغی دواتر و کامڵتردا، وەک بەشێک لە حافیزە، بە سەر دەروونی تاکەوە بەگەڕ بوونە و وەک دەربڕ و جاڕدەری ناخۆئاگای کەس هاتوونەتە پەیڤ. ئەم خاڵە سەرنجی زانایانی بواری دەروونناسی و رەفتارشناسیی بۆ لای خۆی راکێشاوە و بوەتە هەوێنی هەوڵەکانیان لە پێناو شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی هۆکار و هەڵخرێنەریی کردەوەکانی تاک. دیاردەی رەنگ، سەرەڕای کردەوە و بۆچوون و کاریگەرییە عاتیفییەکان، بەشێک لە تەشکی کولتووریشی سازاندوە و لە لێکدانەوە گشتییەکاندا خاوەن بنەما و گەڕ بوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرکام لە رەنگەکان، بەتایبـەت رەنگـە ئەسـڵییەکان، لــە لـێکدانەوەی کولتووری و ئەتنیکیدا، بەگەڕ و پێگەن. بۆ نموونــە، رەنگــی ســوور لــە لێکدانەوەی خۆماڵیانەی جەماوەردا، ئاماژێـنەری دڵتــەڕی و زیرکــی و وریایی و بەهەستبوون. پەنجە بۆ دەروونێکی پـڕ لــە هیـوا و شــادمان دەکێشێ. کەس، بەتایبەت لاو، لەکاتی شادمانی و هەست بە خوشبەختی

و ســەرکەوتن، جـل و بــەرگی ســوور لــە بــەر دەکــەن. هــەر وەهــا ئاماژەیەکیشی بۆ خۆبەختکەری و قوربانیدان و گیانبەخشی لــە پــێناو ئامانج و وڵاتدا. گوڵی سوور وەبیرخەرەوەی خوێنی شەهیدانە.

رەنگی زەرد، ئاماژە بە بـێموبالاتی و بــێ وەفــایی و دەســبەردار بــوون ئەکات. دڵساردی و بێ هیوایی جارِ ئــەدات و لــە خۆیــدا بیرخــەرەوەی پاییز و وەرینە.

شین (کەوە)، ئاماژەیەکە بە قووڵی و رۆچوون و مەبارەکی و هێمنی. لــە زۆر دەڤــەر، کەوەپۆشــی ئامــاژە بــە ئازیــەتباری و دەروونزویــری و ناڕەحەتی ئەکات.

سەوز، بەهار و ژیان و رسکان و مەبارەکی جارِ ئەدات. فەرێحی و گەشــە و رزگاری هاوار دەچڕێ.

نــەک هــەر ئەمانــە، بــەڵکوو رەنگــە تــێکەڵاوەکانی دیکــەش، هــەرکام بەجۆرێک، بۆچوون تێفکرینی مرۆڤی دەڤەریان بەدواوە بوە. بۆ نموونە، وەنەوشەیی، ئاماژەیە بە شەرمنی و تاسۆخ و خۆشەویستی. نەرگــسیی، چاوی گەشی یار و دڵداری و بەهار دەچریکێنێ. رەشیی، تازیە و تاوان و دڵتەنگی و ناڕحەتی و تەنگانە و شەو ، جــارِ ئــەدات و هــەر بــەوجۆرە رەنگەکانی دیکەش. کە لێرەدا دەرفەت بۆ ئاماژەپێکردنیان نیە و وابزانم لە پێناوی ئامانجی باسەکەدا تا ئێرە بەسەندە بکات. چوونکە شــرۆڤە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدواداچوونی ئەم باسە پێویستی بە وتار و هەوڵی سەربەخۆ و چڕ هەیە.

ئەم بەهۆکار بوونەی ڕەنگەکان بۆ دەروونسازی و هزرمەندی، بوونەتە هۆ تا ڕەنگ، لە زاراوە و ژانرە ئەدەبیەکانیشدا، خاوەن گەڕ و سەرنجبەر بێت. بە تایبەت لە شێعردا.

سەیدی هەورامیش، بە پێی ئەو ئەزموونانەی کە هەبوونی، سەرنجی ڕەنگی داوە، یان باشترە بڵێم ڕەنگ، سەرنجیبردوە. تا بەر لە سەیدی، بە پێی ئەو دەقانەی کە من خوێندوومنەتەوە، سەرنجێکی ئەوتۆ بە ڕەنگ نەدراوە و ئەوپەڕەکەی ڕەنگە سەرەکییەکان، وەک: سوور و زەرد و سەوز و ڕەش و شین ، لە دەقەکاندا و ئەویش تارادەیەک، بەرچاون. بە تایبەت لە شێعری کەسێکی وەک بێسارانی کە بنەماسازی زیندووکردنەوە و گوژمبەستی شێعری کوردییە، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە ڕەنگەکان نەدراوەتەوە. بەڵام سەیدی، بەسەرنج وردیەوە ئاماژەیداوەتە ڕەنگ و کوێرڕەنگی باوی، لە ئەدەبی کوردیدا، تا رادەیەک قەرەبوو کردۆتەوە. نەک هەر ڕەنگە ئەسڵی و سرۆشتی و هەبوەکان، بەڵکوو ڕەنگە دەسکردەکانیش بەرسەرنجی سەیدی کەوتوون. ورد بوونەوە لەو ڕەنگانەی کە لەلایەن سەیدییەوە خراونەتە ناو دەقەکان، ئەو گوتارە باوەی ناو جەماوەر پشتراست دەکەنەوە کە گوایە سەیدی توانیویەتی بە تێکەڵکردنی ئاوی میوە و گیاکانی تایبەت، جۆرەکانی شەربەت و دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بدۆزێتەوە و بەمجۆرە بکەوێتە دەرمانسازیی. بگرە هەربەوجۆرە، لە ئاست ڕەنگەکانیشدا، خاوەن تاقیگە بووبێت و لەم ڕەهەندەشدا کەوتبێتە تاقیکردنەوە و ئەزموونکاری.

ژماردنی ڕێژەی ئەو ڕەنگانە کە لە لایەن سەیدییەوە خراونەتە نێو دەقی شێعریی، بگرە جۆرێک سەرنج وردی و ناکوێر ڕەنگی ئەو شاعێرەمان بۆ بەرجەستە بکات. ئەمەش بە تێگەگشتنی دۆخی سەردەمی سەیدی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەورامی زیاتر بە ڕەوا ئەبـێت. بەشـێک لــەو ڕەنگانــە کـە لــە لایــەن سەیدییەوە ئاماژەیانپێکراوە، بریتین لە:
{ زەرد ـ سوور ـ نیلی (کەوە) ـ سەوز، هەر وەها ڕەنگە نا ئەسـڵیەکانی: شیرداخی ـ سپی(چەرمە) ـ زەڕین ـ حەنایی (خەنەیی) ـ ئێـستەبرەقی ـ نــیم زەرد ـ نــیم سـوور ـ مــاهووتی ـ مرواریــی ـ سـیا ـ یــاقووتی ـ کافووری ـ ئەتڵەسی ـ خاڵ ماویی و ...}

بە وەن داران کەوای ماهووتی سوور دا
بە وامێ ئەتڵەسی وەش ڕەنگ نەوەردا
سماق پۆشا نەوەر کاڵای دیاری
قوماشی زەرد و سوور، شیرداخی شاری
بە نەی دار دا مەتای ئاڵای سپی ڕەنگ
پەرێ فەتح و زەفەر، ئاوازی ڕۆی جەنگ
نەمامی داروەزان وەختی سەحەردا
مەتای زەڕین قەبا کەردەن نەوەردا
سیا مێوان بە ئەمری پادشاهی
بە وەن پۆشان چەنی کاڵای حەنایی
نەدەوری باخ چناران سەربەسەرشان
سپی و ئێستەبرەقی پۆشان بەوەرشان ...
بەقەدری حاڵی وێش هەرکەس فرەجۆر
خەڵاتێ پێش مەدان، نیم زەرد و نیم سوور

یان:

ـ عەقدی دەندانت یەک جە یەک جیان
ڕەنگی مرواریت چوون شەوی سیان
ـ تەماشای نەورۆز خاڵ ماویش وەشەن
کافووریش، نیلیش، سیاویش وەشەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ بە لەب یاقووتی، بە گونا قەمەر
شۆخ و زەریفی نەعالەم یەکسەر
ـ وختەن شای وەهار بکیانۆ خەڵات
سەوزی ئەتڵەس رەنگ پەی رووی سەر بیسات

سەرنجدان بەو رەنگانە کە سەیدی ناویبردون، ئەوە پیشانئەدات کە بە پێچەوانەی ناسەرنجی باو بۆ سەر رەنگ لە شێعری کوردی پێش خۆی، بە گوڕەوە سەرنج و بایەخی خستوەتە سەر رەنگەکان . نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ئاماژەشی بە حاڵەتی نەفسی و دەروونی بۆ سەر رەنگەکان کردوە. بۆ وێنە، سیایی بۆ وەسفی دەروونێکی گوناحبار و ماتەگرتوو و ناحەز هێناوە وبۆ لای شەوی بروەتەوە. زەردیی بە ناهومێدی و خەزان و وەرینەوە پەیوەست کردوە و ....

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# (سەیدی و کولتوور)

کولتوور، کـانی بەکـەرەم و سەرچـاوەی لەبننـەهاتووی هزرڤانـان و ئەدیبانی هەڵقوڵاوی ئەو کولتوورەیە.نەک هەر ئەوە، بەڵکوو سەرچاوە و ئامرازی کارایە بۆ ئەدیبانی کولتووری دیکەش.

پەیوەستبوونی زەینی گـشتی و تێکـەڵاوی حـەز و ئاواتـەکانی جڤـات لەگەل کولتوور و نەریت، بنەما و هێڵـی سـەرەکی پەیوەنـدی شـاعر و نووسەرە لە گەل جەماوەردا. هەر ئەو تێکەڵاوی زەینی و هاوتەبا بوونە لەگەل حەز و خوزگەکان، نێوەنجیی بەردەنگ و بەرهەم، خوشەویستانە و بەرقەرار ئەکات.

لای زۆربەی کولتوورکاران و ڕێڕەوانی نووسینی پێشەنگ و بە خیلقەت، نووسەر، بەتایبەت شاعێر، دەبیٚ بە ناخی کولتووری خۆیدا ڕۆبـچێت و بـە هزرلـەوەڕی زەینیـی خـۆی بـە سـەر ئـەو گەنجـەوە، ڕێگـە بـۆ دەوڵەمەندیی هزر و بەرهەم لە لایەک و شرۆڤە و رەخنەکاری لـە سـەر بەشەکانی، بهێنێتە کردار.

سەیدی هەورامی وەک شاعێری کورد، بگرە هێندەش بە ناخی کولتووری جـــەماوەردا ڕۆ نەچـــووبێت و ئەمـــەش وەک خەســـارێکە بەســـەر بەرهەمەکانییەوە.هەرچەند نابیٚ کەتمانبکەین کـە بـە یـەکجاریش لـە ئاست نەریتی خۆماڵی چـاوی نەنووقانـدوە و جارناجارێـک ئـاورێکی لێداوەتەوە.تەنانەت ئاوردانەوەی رەخنەگرانە.شاعیر لە هەوڵدایـە بـە یاریدەی داستانە دێرینەکان، بێتە پەیڤ و ئـەزموونکاری شـێعریی. بـۆ نموونە داستانە عاشقانەکان و ئوستورەکان ئەو چمکانەن کـە کـەڵکیان لێبراوە.ئەو داسـتان و ئوسـتورانە کـە تێکـەڵی زەیـنی جـەماوەرن و بوونەتە بنەمای ماناسازی لای جڤات.

ـ پێسەو مەجۆڵەی ملوونە کۆوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دە لەیلێ لەیلێ وەس بێوەفایی
ـ ببوو بە قەقنەس ، سووچوونە، مێروو
نەکێشۆ کافر دەردی جودایی
ـ ئەر تە گەرەکتەن یار دیدەن کەری
هۆرگێرە شێوەی قەیسی عامری
ـ دەردزەدە و هەردەی ئەحبابی شەریف
رەندی نازداران ، زولێخای زەریف
لەو چەند فەردە و لەزۆر شوێنیتریشا ئاماژە بە داستانە عاشقانەکانی سەرزاری جەماوەر ئەکات و بەوجۆرە و لە پردی کینایەو تەلمیحەوە ئەمانباتە نێو پڕعەشقی و بەوەفایی و بۆلاخێکی پڕ لە خۆشەویستی.
هەر بەسەر سفرەی کولتوورەوە، کەڵک لە ئوستورەکانیش وەردەگرێ و بۆ پتەواندن و بەهرەمەندی بەرهەمەکانی خۆی دەیانقۆزێتەوە:
کاتێت زانا گێرەم قارە        پێسەو مووسای عەسام شارە
ژیوارم کەرد زرێبارە        نیشات ئەربەی تۆم پەی نارە
موعجیزەی عەساکەی مووسا و ئەفسانەی نغرۆبوون و رۆچوونی شارێک و هەڵتۆقانی گولاوی زرێبار لە جێگاکەی لە بەر زەبری کاریگەری ئاهو نزوولەی دەروێشێکی کەڵپۆس لە کۆلێ، ئەو چمکانەن کە خڕبوونەتەوە تا مانایەک بۆ عەشق و خۆشەویستی و نادەسبەرداری لەو دونیا بێغەشە، بێتە گۆ.
ـ من ئێشەو مێرەبێنێ، ئاڵە ئیسا
دۆعاش گێرە، برۆنە زینڵە ئیسا
نەفەسی شیفابەخش و چارەکەری دەردی عیسا، لێردا کەڵکی لێوەرگیراوە و خراوەتە خزمەتە شعرەوە.

ـ وەختەن بگێرۆ رووی دەشتی سارا
کەوکەبەی وەهار وێنەی شای دارا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ به سافی جه‌مین وێنه‌ی جامی جه‌م
بالا چوون سه‌رو، گوڵ باخچه‌ی ئێره‌م

وه‌سفی دولبه‌ر ئاوێته‌ی جامی جه‌م و ده‌بده‌به‌ی پاشـایی دارای کیـانی و باخی ئێره‌می بابلی ده‌کریٚ و سـه‌ره‌ڕای جوانکـاری لـه فرانه‌ییـدا، بـه تریتی ئوستوره و وشه و شیٚعر، به‌رهه‌میٚک وه‌گۆ دیٚت کـه جـوان دیٚتـه به‌رچاو. به تایبه‌ت که بـه لای زۆر تویـێژه‌ره‌وه، کیانییـه‌کان بنه‌چـه‌ی گه‌لی کورد بوون.

له پارچه شیٚعری یا شـیٚخ سـنعانمدا، ئامـاژه بـه چـه‌پکیٚ ئه‌فـسانه و ئوستووره ی علشقانه ئه‌کات:

یا شیٚخ سه‌نعانم ، یا شیٚخ سه‌نعانم
عاشق په‌ی ته‌رسا، من چوون سه‌نعانم
بیٚ باک جه تانه‌ی مه‌نا و مه‌نغانم
چوون یه‌عقووب داغدار په‌ی مای که‌نعانم
وامق په‌ی عوزرای زولف عه‌نبه‌رینم
فه‌رهاد جه حه‌سره‌ت خالی شیرینم
جه به‌هرام به‌دته‌ر من نمه‌دپۆشم
گوڵئه‌ندام سه‌نده‌ن فام چه‌نی هۆشم
مه‌جنوونی له‌یلم بیابان گیڵم
عالەم مه‌زانان په‌ی له‌یلیٚ ویڵم
و...

له‌و ده‌قه‌دا، شاعر به ریزکردنی چه‌پکیٚ هیٚمای عاشقانه و ئوسـتوراوی ، له هه‌وڵدایـه ئه‌وپـه‌ڕی تاسـه‌مه‌ندی و عـوزره‌تی خـۆی بـۆ گه‌یـشتن به‌خۆشه‌ویست ده‌رببڕیٚت. تاسه‌یه‌ک هـه‌روه‌ک تاسـه‌ی یـه‌عقووب بـۆ دیداری یه‌وسف و وامق بـۆ عـوزرا و فـه‌رهاد بـۆ شـیرین و بـارام بـۆ گوڵه‌ندام و مه‌ژنوون بۆ له‌یلیٚ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ســەرەڕای ئــەو هێمــا کولتوورییانــە، کــە وەک مــیراتی کولتــووری نێونەتەوەییان لێهاتوە و لــە نێــو کوردیــشدا خــاوەن پێگــە و گــەڕی فەرهەنگی تایبەتن، لە بەرهەمــەکانی ســەیدیدا ئامــاژەش بــە چــەپکێ هێمای کولتووریی ناوچەیی و دەڤــەری کــراوە و ئــەوانیش خراونەتــە خزمەتی شێعر و مەبەســتی شــاعێرانە. دیــارە ئــەم بــاوە کولتووریــە دەڤــــەری و ناوچــــەییانە،کاریگــــەری و کاردانــــەوەی راســــتەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بــە ســەر ژیــانی شــاعێرەوە هــەبوە و لــە ژێــر ئــەو کاریگــــەریی و بــــە ئەزموونیــــەدا ئــــاودیوی بەرهــــەمی شــــێعریش کراون.کاردانەوەی ژیان و دیاردەکانی ژیان بە سەر خولــق و بەرهــەمی شــاعێرانەوە، ســەلمێنراوەولە لایــەن پــسپۆڕانەوە جــەختی لەســەر کراوەتەوە. بۆ نموونە ئەحمەد شاملۆ ئەڵێت: قەد ناتوانم باوەڕ بکەم کە شێعر کاردانەوەی راستەوخۆی ژیان نەبێت. یان شــتێک بێــت جیــا لــە تەکانەکانی ژیان.٢٥

سەیدی هەورامیش لە ژێر کاریگەری هەڵمەتــەکانی ژیــانی ســەردەمدا، هەندێ باوی کولتووریی لە پێنــاو مەبەســتی شــاعێرانە، دەخاتــە دوو توێی شێعرەکانی:

سەروو پیری نیۆ پیریێ بلوو لاش
کە مارا توبە تقوا دهد یاد
فرە گێڵوو حەکیمێ یۆزوو پەی وێم
کە سادق باشد اندر فن ارشاد
ملوو بەڵکەم بە من کێشۆ چلیۆە
شود پاک این تن مردار فساد

وەک ئەزانین، پیر و تەریقەت و توبــە کــردن و چلەکێــشان، لــە پێنــاو پاککردنەوەی دڵ و دەروون، بەشــێکە لــە بەرنامــەو کولتــووری بــاوی سوفیگەری و عیرفان،کە لە دەڤەری ژینگەی سەیدی پڕ بایەخبوە.

جای شەو بێداران سەحەر ناڵانەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەکیەگای خاسان هەفت ئەودالّانەن
هەر هەفت ئەودالّان قوتبی رووی زەمین
چوون ئەسحاب الکهف دایم غار نشین
مەسکەنشا گرتەن بەو بولّەند کۆوە
یا مەنهووشانەن هەر رۆ جە نۆوە
تا دونیا وە پوشت ماهیش قەرار بۆ
روتبەشان بولّەند، هیممەتشان یار بۆ

حەوت ئەودالّان، لە باوەڕی میترایی و تەنانەت ئـایینی یارساکانیـشدا خاوەن پیّگە و بـاوەڕ و مانـای تایبـەتن. بـە واتـەی بـاو، گوایـە لـە قوولّاییەکانی ئەشکەوتی عەودالّاندا ونن . کیّـوی عـەودالّان لـە پـشت گوندی (دەرەکیّ)ی سەربە هەورامانی تەخت هەلّکەوتوە. هەرچـەند لـە چەند ناوچەیەکیتریش وەها کیّویّک بە هەمان ناو هەیە، بەلّام بە پیّـی ژینگە و سەبک و شیّوازی تایبەتیی شـاعیّر، بـە دلّنیاییـەوە مەبەسـت هەمان کیّوی ناوبراوە.
هەفت ئەودالان، هاوشیّوەی کـوردی و ناوچـەیی ئەسـحابالکهفـن، کـە قەوارە و تایبەتمەندی و مانای ئیّرەییان پیّبەخشراوە.
فارسەکان ئەلّیّن: « دغل دوستانی که کنون بینی، مگسانند دور شیرینی» . واتە ئەو دوستە چاتۆلّ بازانە کە ئیّستە لە گەل تۆن، وەک میّـشن کـە دەوری شیرینیان دابیّت. مەبەست دۆستی مەرامی و گیرفانیە. سەیدیش، بە کینایەوە و بۆ دەربڕینی مانایەکیتر ئەلّیّت:

بەلّام بیّسوودەن پەی دلّ ئی هەوەس
مەحالّەن جە قەند دوور گنۆ مەگەس
بـاویّکی دیکـەی دەڤـەری جـیّ ژیـنی سـەیدی، کـوّچ و کۆچـباری و هەوارنشینی بوە. باویّک، کە تا هەنووکەش ماوەتەوە و لە زەینی گشتی و تاکی جەماوەرا رسووبی کردوە و بـە جـاران لـە شـیّعر و گورانیـدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەنگیداوەتە و ڕەنگئەداتە. بە دەگمەن شاعیر و گۆرانیبێژێکی کورد هەبێت کە ئاوری لەم نەریتە نەدابێتەوە. تەنانەت کۆلتووری خۆماڵیش پڕ لە باو و وەسف و بالۆرەکانی ئەو نەریتەیە. سەیدی هەورامیش، لەم ڕەهەندەدا دەستەوەستان نەبووە و لە بەرهەمەکانی ئەویشدا بە جاران ڕەنگیداوەتەوە :

سەنگی هەواران، سەنگی هەواران
سەنگی سیارەنگ کۆنە هەواران
جای بەزمی ڕەندان، نیشانگەی یاران
تەختی خاڵخاڵان نازک نازداران

بە پەیامنێرکردن و هەواڵگەیێنی بای شەماڵ، کە لەخۆیا ڕەخنەیەکی جەماوەرییە دژ بە ناحەزان و نابەدڵان و ناڕاستان، بەشێکی بەرچاوی کولتووری کوردی، بە شێعر و گۆرانییەوە، داگیرکردوە. سەیدیش لە هەمان بابەت سووژە و نزوولەی تایبەتی خۆی هەیە:

شەماڵ مەگێروو وەنەت نزایێ
ئەر بە نزای من ببۆت ڕەزایێ

هات و چۆی ئەوسایی و بڕینی توولە ڕێگا پڕ هەوراز و نشێو و پڕ مەترسییەکان، وەک بەشێک لە ژیانی گشتی، لە بەرهەمی شاعێران و کولتووری خۆماڵێدا ڕەنگی هەیە. بە تایبەت گیرۆدەی بۆسەی چەتە و جەردەوان و چزەی پڕ لە ژاری مار.

هەر کەس بویەرەوێ چەنی بەین بەستەش
گیردۆ چەنی زام سیامار گەستەش

دۆعای شەڕکردن، باوێکی باوی کۆمەڵگای کوردییە کە هۆکارەکەی بۆ ناتەوانی کەس و نەبوونی یاسای عادیلانە بۆ بەرنگاربوونەوەی جەردەوان و ماف پارێزی، دەگەڕێتەوە. لە بەرهەمەکانی سەیدیشدا ئەم باوە خاوەن ڕەنگ و بۆنی تایبەتە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دڵە زووخاڵ بای، دڵە زووخاڵ بای
بەئاهی قۆرەت بە کۆی زووخاڵ بای
چەنی خەم خەریک، شادی بەتاڵ بای
چوون مورغی بێپەڕ شکستە باڵ بای
یا خوا جە ئاسمان غەزەب وارۆ لێش
یە تۆ کەردەن پێم نەژنەوای کەڕ گۆش

## (سەیدی و تەریقەت)

عەشق، لە تۆخیەتی و خۆبووندا، گێجمەندی و سەرگەردانی خۆی لە پەیوەستیی یەزدان دەهێورێنێ. ئەم بیژووی هێوری و پەیوەستبوونە، رەوتێکی مەننی لە دوو هێڵی ئاسۆیی و ئەستوونیدا، تەلار ناوە کە لە رەوتی خۆیدا بوەتە خودان کولتوورێکی چڕ و پڕ رەمز و راز وئەفسوون. رێبوارانی ئەم رەوەندە سەوداسەرە، بە جاران لە دەق و تێکستەکانیاندا بوونەتە زمانحاڵی دەروون و ئاشکراکەری هەست و ویست و سۆزی تایبەت بەو کولتوورە. مەولانا خالیدی نەقشبەندی، شێخ ئەبی سەعید ئەبولخەیر، مەنسووری هەلاج (حەلاج) و...لەو رەمزدرکێنانەن.
شێخ ئەمین نەقشبەندی لە کتێبی تەسەووف چیە، لە سەر ئەو باوەڕیە کە عاریف بە کەسێ ئەڵێن بەردەوام هەست و بیر و سەرنجی خۆی کردۆتە عەزەمەتی خوداوەند و ئەیەوێ بە لوتفی خۆی دڵ و دەروونی روونبکاتەوە و نووری خودا لە دەروونیدا بدرەوشێنێتەوە.
ناوبراو پاش ریزکردنی سیفەتەکانی زاهید و عابید و عارف، ئەڵێت: جا برێ جار ، وا رێکئەکەوێت کە هەمووی ئەم ناوانە بەجارێک بۆ یەک کەس کە خاوەنی هەموو ئەو سیفەتانە بێت بەکار ئەبرێت، واتە ئەکرێت یەک کەس، هەم زاهید بێت، هەم عابید بێت و هەم عاریف. بەو کەسە ئەوترێت سۆفی.٢٦

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەزگرتوانی رەوەنـدی عیرفـان و تەریقـەت، بـۆ بـڕینی قۆناغـەکانی قوتابخانەی بەرڕێگە و کردنەوەی دەروازەی مەنزڵگەکانی ئەو رێبـازە، بە سۆز و گوژمەوە دێنە سەر رەوت و تەکان. هەرچەند رێگەبەرکرتن بـە مانای پێگەشتن و کارتەواوی نایەت و چ زۆرن ئەو رێبوارانـەی کـە لـە قۆناغەکاندا دەپڕووکێن و لە تەکان ئەکەون و یان لە خلیسگەی وەهـم و گوماندا، بەرەو دوا دەگلێن و رهێڵدەبنەوە.دەگمەنێکیش، پاش گەیشتن بە مەنزڵگە، لە زاتی نوور و خۆشەویـستدا دەتوێنـەوە و دەبنـە ئـەو. «انالحق». لە وەها پێگەیەکدا، یار، لە سیمای گوڵ و ئـاو و خـۆر و دارو خۆدا و ... درەوشاوە و بە بریکەیە.

«زو النون » ی میـسری ، ٢٤٥ی کۆچـی، کـە یـەک لـە رێبـوارانی ئـەو گۆڕەپانەیە، دەبێژێ: ئەی خوای گەورە قەد گوێم نەداوە بە دەنگی گیـان لەبەرێک یان بە خشەی گەڵای دارێک، یان بە خوڕەی ئاوێک،یان نەوای پەلەوەرێک،یان دەنگ و ئاوازێکی خۆش،یان هاژەی تاڤگـەی ئاوێـک و گرمەی هەورێک،کە هۆیەک و بەڵگەیەک نەبووبێتن لەسەر پیـشاندان و دەرخستن و دەربڕینی ناکۆتایی تۆ و لەسەر ئەوەی کە تۆ خوایەکی بـێ وێنەی و وێنەت نیە.٢٧

سەرەڕای ئەو دنیا پڕ رەمز و راز و ئەفسوونە و ئەو کولتووره تایبەت و بە قۆناغ و پردبازە، کەچی لە کولتووری کوردیدا، وا بەحـەزە کـە هـەر دەنگێکی ئـەدەبی (بـە تایبـەت لـە ئـەدەبی کلاسـیک)دا، بـە عـارف و بەرهەمەکانی بە عێرفانی لێکبدرێنەوە و بێنە بانگەشە بۆ کردن. جا هەر لە رێبوارانی قوتابخانەی (یارسی= یارسانی)وە بگـرە تـا مەولـەوی و بێسارانی و نالی و...

بە وەها روانگەیەکەوە، راشکاوانە دەبێژم کە سەیدی هەورامی، نەک هەر ناعارفە، بەڵکوو شێلگیرانە، نەشکەوتۆتە سەر قۆناغبڕی ئـەو رێبـازە. دووپاتیدەکەمەوە کە فاکتی بەردەستی من بۆ ئەم رادەربڕیە، بەس دەقـە شێعریەکانی سەیدین. بە پـشتبەستن بـەو دەقانـە دەکـرێ بێـژین کـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شاعیر، عاشقێکی سەودا سەری کەیلی ئەوین و خۆشەویستیە. لە ئەزموونکاری عاشقانەدا، لە حەزی مەجازی خۆی تەرێزناکاتەوە و ناشەرمێ.

تا وانام کتاب دەرسی عەشقم وەند
مۆری دڵ بە سەجع نامی عەشقم کەند
چە مەکتەبخانان تا کە مەشقم کەرد
عالەم مەزانا مەشقی عەشقم کەرد

لای سەیدی هەموو عالەم قوتابخانە و ژیان بە فێرگە لێکئەداتەوە. ئەزموونکاری خۆیشی بە مەشقی عەشق دەزانێ. لەم رەوتەشدا، بێسڵەمینەوە ، راستی دەدرکێنێ و حاشا لە ئەزموونکاری خۆی ناکات.هەرچەند لە سەردەمی پیریدا وەسوەسەی پیرێک بۆ دڵدامرکێنی، دەکەوێتە مێشکی و لەدووی دەگەڕێ، بەڵام چ فاکت و دەقێک لە بەردەست دا نین کە پیشاندەری دۆزینەوە و کارامە بوون و وەک مورادبوونی بدەن.

- سەروو پیری نیوێ پیری بلوولاش
که مارا توبه و تقوا دهد یاد

- چوار پۆزێم ژمۆرێ ساڵو ئەمریم
گهی با شادی و گاهی بناشاد
فره گێڵوو حەکیمێ یوٚزوو پەی وێم
که یٚادق باشد اندر فن ارشاد
حەکیمێو هەن پیٚسەو لوقمۆن ملوو لاش

هەرچەند ئاماژە بە بوونی حەکیمێک دەکرێ، بەڵام بوونەکە پڕ لە شک و گومان و بە دەربڕینەکەدا وادەرئەکەوێ کە هێشتا ئەو حەکیمە نەچەقیوەتە دڵی و هێندەش لێی دڵنیا نیە. ئەمەش بە تایبەت لەو سەردەمەدایە کە هزر و خەیاڵ و حەزی، لە بەژنی شلک و نەشمیلی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کیــژان و گــوڵ و کوێــستان دەســڵەمێتەوە و بــۆنی تــاڵیی مــەرگ، دەیهرووژێنیٚ.
هەزار جامیٚ جە شەربەت ئەر بنۆشمیٚ
جە ئاخر ژاروو مەرگیما قەرتاڵا
شاعیر، هێندەش بە ڕەزامەندییەوە بەرەو پیری مەرگ ناڕوات و لێی بــە تەریزە. مــەرگ نــە وەک گەڕانــەوە بــۆ لای دڵدار،بــەڵکوو بــە ژارێــک لیکئەداتەوە کە ژیان تاســێن و تەمــەن بــڕە. ئەمــەش یــەکی دیکــە لــە بەڵگەکانی ناعارفی سەیدی دەخاتە ڕوو.
ئەمە و شاخەوشــاخکردنی ســەیدی، بــانگی کەســایەتییەکی نائــارام و بێئۆقرە و نەبەسراوە و سەرکەش ئەدەن، وەهــا کەســایەتییەک لەگــەل خولقیاتی سۆفی و عاریفێکی تواوە لە نووری هەق و بە مەنزڵگەیــشتوو ناتەبا و ناکۆکە. سۆفی کە گەیشتە مەنزڵیەگەی مەقسوود، ئیدی گران و نەلواوە لێی وەگەڕێ و پەرەوازەی چڵێکی تر بێت. ئەمین نەقشبەندی لە هەمان سەرچاوەی ئاماژە پــێکراودا ئەڵــێت:مــرۆڤ ئەگــەر لــە ڕێگــەی خواپەرەستییەوە گەیشتە پلەی خواناسی،ئیتر هیــچکات نــاتوانێ لــەو راسەقینەیە، لەو کامەرانیە،لەو پلەوپایــە باڵایــە،دەس هــەڵگرێ وبــۆ هەمیشە ئەبێتە ڕێبوارێکی تێکۆشەر لەو ڕێگا مەزن و پڕکامەرانیــەدا بــۆ گەیشتن بە مەنزڵی مەقسوود.
لە پارچە شێعری (یا شێخ سنعانم)دا، حەزی خــۆی لــە پێنــاو عەشــقی مرۆڤانی وەگۆ دێنیٚ و بە کەڵکوەرگرتن لە کینایە و ئیسڵاحی عاشــقانە، نەک عارفانە، لە عاشق بوونی خۆی شــەرمناکات و هێرشــدەباتە ســەر لۆمــەی جــەماوەری دووڕوو. ئەوانــەی کــە گریمــان مــەلا، شــێخ یــان عــامین.پێــی وایــە ئــەوانیش عاشــقن و لــە ڕەهەنــدی دووڕووییــەوە کەوتوونەتە لۆمەی ئــەو.بــۆ ئاگــاداربوون لــەو بۆچــوونەی ســەیدی، سەرجەم پارچە شێعرەکەی یا شێخ سنعانم، دەخەمەبەردەست.
یا شێخ سەنعانم ، یا شێخ سەنعانم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عاشق پەی تەرسا، من چوون سەنعانم
بیٚ باک جە تانەی مەنا و مەنغانم
چوون یەعقووب داغدار پەی مای کەنعانم
وامق پەی عوزرای زوڵف عەنبەرینم
فەرهاد جە حەسرەت خاڵی شیرینم
جە بەهرام بەدٚتەر من نمەدٚپۆشم
گوڵٚئەندام سەندەن فام چەنی هۆشم
مەجنوونی لەیلم بیابان گیڵٚم
عالەم مەزانان پەی لەیلیٚ ویڵٚم
زەدەی گوڵجەمین وەنەوشە خاڵم
هاجەلاش فکرم، هۆشم ، خەیاڵم
من چوون سالکان رای عەشقم دایم
یا شێخ بیٚ قەیدم جە لۆمەی لایم
نەواچان پی دەرد هەر من مۆبتەلام
سەد کەس ها چوون من بە ئایەی کەلام
هەزار کەس وەی تەور شێوەش ئی بازین
نیم بە حەقێقی نیم بە مەجازین
تا مەجاز نەبۆ حەقێق نمەبۆ
حەقێق بیٚ مەجاز تەحقێق نمەبۆ
ئەر حەقێقیەن ئەر مەجازیەن
دلٚو من بە ئەو ، بەخوا رازیەن
گشت جەمن فێشتەر حاڵشان فەنان
داخم هەر ئێدٚەن هەر پەی من مەنان
گرد جەهامدەردی من حاشا کەران
سا خەلکان بەیان تەماشا کەران
ئەر ئاشق نەبان یەکسەر مەلا و شێخ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**فتوا بۆ سەیدی سەر ببڕان بە تێخ**

............

پێم وایە ئەو سووکە سەرنجە بێ پێگەیەش کە بەرەو باس لە عەشقی حەقیقی دەدرێ، لە پێناوی خۆدزینەوە لە لۆمە و گوشاری توندی جەماوەرە، کە بەرەو رووی بوەتەوە.ئەگینا راستە سەیدی عاشقێکی سەوداسەر و سووتاوە، بەلأم خۆی لە قەرەی تەسەوف نادات. تەنانەت کە نالێت بە دوای شێخێکدا ویڵە، چوونکە شێخی سەردەمی سەیدی بە شێخ ناسراوە، نەک پیر. پیر ئیسلاحیکی دێرینی ئێرەییە کە پێم وایە لە لایەن سەیدییەوە بە ئەنقەست هەڵبژێردراوە.ئەگینا گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بە شێخ ناسراون نەک پیر.

لە حاڵێکدا کە دێتە سەر باسی تاسەمەندی عەوداڵان، زۆر بە سۆزو کولەوە حەسرەت بۆ عەودالأن دەکێشێ و دیتنیان بە تەواف ناو ئەبات:

دڵ نالأنشەن ، دڵ نالأنشەن

هامسەران جە تاو دڵ نالأنشەن

زوێریش جە تاو خەیالأنشەن

ئارەزووی تەواف عەودالأنشەن

هەرچەند لە (یاشێخ سنعانم)دا، ناوی شێخ ئەبات، بەلأم ناوبردنەکە ئاساییە و چ کڵپە و سۆزێکی پێوە بەدیار نیە. ئەو شێعرە زیاتر بۆ خۆپارێزی و بەرپرچدانەوەی لۆمەچیانە، نەک تاسەمەندی شێخ.

زمانی ئایرۆنی، کە لە لایەن هەندێ شاعێرەوە دەخرێتە دووتۆی دەقەوە و وەک ئامرازێک دەئەدەبێنرێ، سەرەڕای چێژبەخشی و ختوولەدانی هەست و سۆز، چزاوی و ئازاراویشە. نزیکبوونەوە لە گاڵتە و تانەلێدانە،ئەگەر خودی ئەوانە نەبێت.

بە تایبەت لە سەردەمی هەنووکەو لە لایەن رەوەندی پۆست مۆدێڕنەوە، بایەخیپێدراوە و بە ئەرێنی دێتە شرۆڤە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له نێو شاعێرانی ئەوسایی کورد، دەنگانێک وەک مەلاهەسەنی دزلی و مامۆستا قانع ، ئاوریان لێداوەتەوە و لە شێوازی خۆیاندا هەڵیانبژاردوە. سەیدی هەورامیش بە جۆرێک لەو زمانە نیزیک بوەتەوە و رۆخساری ئەو زمانە، بە چەپکێ بەرهەمیەوە دیارە. یان ئەکرێ بوترێ لە زمانێکی ئایرۆنی تایبەت بە خۆی نیزیک بوەتەوە. زمانێک کە هەڵقوڵاوی کولتووری تایبەت و جڤاتە.

قامەت چەفت و لار، دەندان کەفت و کەل

بگێرە پای لەنگ تۆ بە دەستی شەل

وەسفی رقاوی و بەحەز بۆ جەستەیەکی پیری ناحەزی نەخوازە.

جوڤونیم شڕ، مەزوون لاو کێ بەروو داد

خلل اندر اساس عمر افتاد

دەسچنکردنی وشەی شڕ، کە بۆ لە دەسدانی نابەدڵ و داسەپیو هاتوە، کردارێکی بە گاڵتەی تالێقاویە کە ئاماژەش بە راستییەک ئەکات. بەڵام راستییەکی تاڵ و قوڕتاوی.

هەڕ دەی وەسەردا چوون ئازیز مەردە

پەی وەشی وەرین عەمری ویەردە

**قوڕپێوان**، ئەو باوە کولتووریەیە کە ژنان و تەنانەت پیاوانیش لە کاتی مەرگی ئازیزدا بەکردەیدەکەن. کە پیشاندەری بەسۆزی و بەدەربەستییە سەبارەت بە کارەسات، بەتایبەت لەکاتی مەرگدا. سەیدی بە قۆستنەوەو باش جێکردنەوەی ئەم نەریتە باوە، بۆ چەمەری مەرگی جەوانی و عومری ویەردە، تازیەی ئەدیبانە دەگێڕێ.

تۆ دیدەت پەی قەست کوشتەی من رەشتەن

چمان کە سەیدی بابەی تۆش کوشتەن

**باوک کوژران**، کارەساتێکی بێفەرامۆشیە و رقی دەرهەق بە باوککوژ، نافەرامۆش و لە زەیندا بنجبەست و بە ریشەیە. مەگەر ئەوکاتە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قاتــڵ، بکوژرێــتەوە و تۆڵــە بکرێــتەوە. بەتایبــەت لــە کولتــووری عەشایەریدا. شاعێر کاتێ دەکەوێتە گازەندە لە خۆشەویستەکەی، وەزار دێ کە گوایە چاوڕشتنی یار بۆ تۆڵەکردنەوەیە لێی.ئــەویش تۆڵەیــەک کە لە بکوژی باوک ئەکرێتەوە. واتە ئەوپەڕی ئازارگەیەنی.لــە کاتــێکدا دەبــوا ئــارایش و خۆجــوانکردنی یــار، فــەخر و شــادمانی عاشــقی بەدواوەبوایــە، بــەڵام لــە گوتارێــکی پارادۆکــسدا و بــەدەم زمانــێکی ئایرۆنییەوە، وەها گلەییەکی هەڕەشەئامێزی لێدەکات.

کاتێت زانا گێرەم قارە پێسەو مووسای عەسام شارە

ژیوارم کەرد زرێبارە نیشات ئەربەی تۆم پەی نارە

هەڕەشەیەکی تونــدی مەزڵوومانــەی ئووســتوراویی نــەلواو، ئاوقــەی کولتوورێک دەکاتەوە کە بوەتە مایــەی دڵــسووتان و عەشــق فیــڕۆیی شاعیر. زاراوەیەکی ئایرۆنی، کە ئاماژە بە ژانێکی خەستی کۆمەڵایــەتی ئەکات.

ئەو فاکتانە بەشێکن لەو دەقانە کە ئــەکرێ لــە پۆلێنکردنــێکدا لەســەر حیسابی ئایرۆنی و زمانی تــارۆز، پەنجــەرەیان بــەڕوودا بکرێــتەوە و لەسەریان باسبکرێت.

## (کەرەستەی شێعریی)

شاعر، پەروەردەی کولتوورێکی ئەتنیکییە. کولتوورێک کە لــە بازنــەی بنەماڵــە و دەڤــەردا تەشــکگیر و بنجبەســتبووە. ســەردەمی زاڕۆکــی و مێرمنداڵی تاک، لە جوگرافیایەکی دیاردا دێتە خەملێن. هەرچەند نایێتە نکوولیکردن کە کۆ و تاک، بەستراوەی یەک کولتوور نــین و کــەڵک لــە کولتووری گەلان و دەڤەری دیکــەش دەبــەن، بــەڵام بێنکــوولیکردن، لــە سەردەمی ناسک و پڕ کاریگەری ســەردەمی پــەروەردەدا، کــە ســەردەمی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زاڕۆکی و مێرمنداڵییه، بەگوژمترین کولتووری بەگەڕ، کولتووری دەڤەرو گەلی خۆییە. ئەمەش لەلایەن پسپۆڕانی زانستی پەروەردەوە بە جەختەوە بایەخییپێدراوە.لە گەل ئەوەشدا، زەکا و بەهرەی کەس و دۆخ و کەش و هەوای زاڵ و سەردەم، لەو رەوتەدا کاریگەرن.بە تایبەت شاعێر، وەک تاکی پڕهەست و بەجۆش، بە کەڵکوەرگرتن لە بەهرەی شاعێرانە، بە رۆچوون بە ناخی کولتووردا، ویڕای دەوڵەمەندی بەرهەم و بەربڵاوی گۆڕەپانی کرداری شێعری و گلێرکردنەوەی کەرەستەی پێویست بۆ گەشەی ئەزموونکاری شێعریی، ئەتوانێ لە هەوڵدابێت بۆ خزمەت بە کولتوور و بەرفراوانکردن و گەشەپێدانی. بەڵام نابێ فەرامۆشبکەین کە بە گشتی دەوڵەمەندی شێعریی شاعێر بۆ بەرفراوانی ئەزموونەکانی ژیان ئەگەڕێتەوە. دیارە ئەزموونکاری بە هەموو شێوازەکانیەوە.

ی.ا.ریچاردز؛ لای وایە شێعر شتێکە کە لە ئەزموونەکانی ژیان پێک دێت و هەر شێعرێک بە شێکی بەرتەسک لە ئەزموونێکە.٢٨

بەو دنە کورتەوە روو لە بەرهەمەکانی سەیدی ئەکەین و لە هەڵپرژێواندنێکدا، جۆر و چەندایەتی کەرەستە بەرکارەکانی شاعێر بۆ بونیادنانی تەلاری شێعریی، پۆلێندەکەین.

بەگشتی ئەکرێ کەرەستەکانی شاعێر بەسەر دوو رەهەندی سەرەکیدا بێنە دابەشکردن:

الف: کەرەستە زەینی و سوبژەکان

ب: کەرەستە هەبوو و ئۆبژەکان

### ١ـ بەشە زەینیەکان

الف : ئاشقانە : زەریف، ناز، خەمزە، رەند، عاشق، وەفا، مەیل، وەسڵ و....

ب : دینی : رەستاخێز، مەی، مەستیی، زەکاتوو نازەنینی، شێخ، حەکیم، ئاوی کەوسەر و ....

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ج: ئوستورەیی: یەدی بەیزا، عەسای مووسا، جامی جەم، دارا، پیر، کـۆی توور، غارئەودالاَن، و ...
د: حاڵەتی عاتیفی : خەم، ئۆف، هیجران، پەژارە، دەروون، ئێش و ...
هـ: کولتووریی: وامق و عوزرا، لۆمە، خـەیرە، شـاباش، سوالّکـەردەی، ئینساف، هارەکەردەی، دۆعا و ...
٢ـ بەشە ئۆبژەکان
الف: دینی: ناوی زۆر کەسایەتی دینی، و ...
ب: رەنگ: زەرد، سوور، شیرداخی، زەڕین، حەنایی و ...
ج : میوە: هەنار، شەمامە، ساوی و ...
د: ئەندامەکانی لەش: جـەمین، ددان، دیـدە، زوان، دڵ، ئەبرۆ، بـرژانگ، لیمۆ(مەمە)، زنج و ...
هـ : دیـاردە ئاسمانییـەکان: مـانگ، خورشـید (وەر)، بـورجی حوتـەن، زۆهرە، موشتەری و ...
و : ئامرازەکان: سەرین، کوورەی ئاهیر، قیبلەنما، کەم (کـەو)، نەشـتەر، پەنجەرە، کەمەند و ...
ز: گوڵ: چنوور، شـەوبۆ، ریْحـان، سۆسـەن، سـوورەهەراڵە، نـەرگس، وەرکەمەر، و ....
ح: ئامرازە مووسیقاییەکان: لوولیٚ ( شمشاڵ)، تەپڵ و...
ت : گیانلەبەر: سەگ، وەرگ (گـورگ)، پڵـنگ، تۆفانـە، کـەو، بولبـول، تاووس و ...
ی: شوین ناو: هەورامان، پیررۆستەم، کۆسالاَن، عەودالاَن، شام، شـیراز، هیندوستان و ...
ئەمانە بەشێکن لـەو کەرەسـتە و ئـامرازە زمانییانـە کـە سـەیدی لـە شێعرەکانیدا بەکاریبردوون و بۆ پێکەوەنانی بینای شێعریی، ئەوپـەڕی کەڵکی لێوەرگرتوون. زۆربەی هەرەزۆری ئەمانە پەیوەستن بـە ژیـان و کولتووری شاعێرەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەشی دووەم:

# «دەقـــــــی شێـــعریـــی »

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەم بەشـەدا چـەپکێ دەقـی شـێعریی سـەیدی هـەورامی کـە لـە دیوانەکەیـدا هەڵبـژاردە کـراون دەخرێـنە بەرسـەرنج. بگـرە شـێوەی نووسینی هەندێ لە شێعرەکان لە گەل شـێوەی چـاپکراوی هەوڵەکـەی بەڕێز کەیومەرسی نیک رەفتار ناتەبایی هەبێت. ئەمـەش بـۆ جیـاوازی بیر و را و بە باوەڕی خۆم راستکردنەوەی شێوە نووسینەکەیە.
بە پێویستم نەزانیوە هەموو دەقەکانی لێرەدا بنووسمەوە. بەڵکو بەرا و سەرنجی خۆم تەنیا بە نووسینەوەی چەپکێ لەو شـێعرانە هەسـتاوم . سەرچاوەی سەرەکیم بۆ ئـەو شـێـعرانە، بـێژگە لـە شـێـعری هـارە سەختەنی، دیوانە چاپکراوەکەی بەڕێـز نیـک رەفتـارە. هەرچـەند بـۆ هەڵـسەنگاندن، لـە دەرگـای چـەپکێ سەرچـاوەی تریـشم داوە. بـەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەل سەرچاوە سەرەکیەکە نەبووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## « ئەرێ رەندەکەم »

ئەرێ رەندەکەم، ئەرێ رەندەکـــــەم
ئەرێ هەری نازار شۆخی رەندەکـــەم
ئـــەرێ نازەنین دڵ پــەســەندەکـــەم
تۆهەر ئەوخواجەو من ئەو بەندەکەم
تۆ خۆ شەرتت کەرد بەینـــت دارەکەم
واتت هــەر تۆنــی تاسەر یارەکـــــەم
ئێسە سەبەت چێش ئەرێ لەلیلەکـەم
مەیلت کەردەن سەرد، هەی بێ مەیلەکەم
بینایی چەمان بەرگوزیدەکـــــــــەم
من هەر ئەو غـولاَم، زەڕ خــەریدەکەم
شەرتم ئەو شەرتەن هەتا مــن زینــدەم
ددانی تەمای تــۆ هــەر نــەکـەنـــدەم
تۆ بەدەستی قەسد جــە ( بەدوازەکەم )
منــت بێ ناز کەرد، صاحێب نازەکـەم
من ( سەیدی ) غولاَم قەدیم زادەکـــەم
وەی مـــــ ن درێغا، سیا تالـەکـــەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## « چوون کۆی عەودلاَن »

چوون کۆی عەودلاَن ، چوون کۆی عەودلاَن
کۆن کۆیێ دلگیــــر چوون کۆی عەودلاَن ؟
کابەی مەقسـوودەن پـــەرێ نــــەوهالاَن
پەی وایەی مـــــوراد وەنـــــەش مەلالاَن
کۆی بــەرزی بـولـَەند چەمان کۆی قافەن
بــەبــەرزی بــەرزەن ، بە سافــی سافــەن
ســەرکیَشان نە ئــەوج چەرخی چەهبەری
بۆش نیان نە بـوّی ( زوهرەو موشتەری )
جای شەو بـــێداران ، سەحـــــەرلالاَنەن
تەکــــیەگای خاسان ( هەفت ئــەودالاَن )
هەرهەفت ( ئەودالاَن ) قوتبی رووی زەمین
چوون( ئەسحاب الکهف ) دایـم غار نشین
مەسـکەنشا گــــرتەن بەوبولـَندە کۆوە
یا ( مەنهـــوو ) شانەن هەر ڕۆ جە نۆوە
تا دونیا وە پوشت ماهــــیش قــەرار بۆ
روتبەشان بـوَلـّەند، هیـــمەتشان یار بۆ
هانەپای ئــەو کۆ ، رەندان چــوون پەری
گشت ئامادەی حوسن شۆخی و دولبەری
نەک جــە خــەم نـــیشۆ نە دلـَشان خارێ
کەردەنشان دەستوور هەر حەفتیَو جارێ

وەختی شاخەی سبح ، ئەو گرۆی ، رەندان
کۆی کلاَف نــەدۆش موشکین کــەمـــەندان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مه خێزان بەعەزم ، بارگەی ( عودالآن)
مەدان جــە نەووە تەرتــــــیبی خالآن
چوون ئاهووی خوتەن ڕەوێڵەی تەتار
پــــۆل پـــۆل نازداران مــەبینان قــەتار
بە رەفت و هەمـــوار ، بەریــزە رێــزان
مەشان بـــــەو کۆوە ، بــە مـــرادوازان
وەختیـــــۆ پامەنیان وە بالآی کـــەمەر
نەخاکی پاشان گــــولآن مەنیان ســەر
ئەشـــــەد بێـــۆی توفیەل سەر نەراشانەن
( چنــــــــوور ) ئامێتەی خاک پاشانەن
یالله قاپیی خـــــەیر تۆ کـــەری گوشاد
یاوان بە ( مەقســـــوود ) بدەیشان مراد
یا هەفت ( عودالآن ) کۆی بەرزو بــولەند
دیــدەی بــەد پیشان نەیاونــۆ گــەزەند
عــــــەودالآنی بەرز ، بەرز بۆ پایە شان
هـــــــیممەت یارکەرە ، حەق دۆ وایەشان
دایم بەی دەستــــــــوور خاتر شادکەران
بەلکەم وەختی سەیر، ئێمەیچ یاد کەران
( سەیدی ) تاسەی سەخت دووری یار شەن
نە ئارام، نە ســـــــەبر، نە قەرار شەن
یا عــــەودالْ ( سەیدی ) هاوار وە تــۆشەن
دیدەش بە دیدار یار کــــــــەری رەوشەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## « چراغ دڵ بەستم »

چراغ دڵ بەستم، چـــــــراغ دڵ بەستم
جەزەڵ دڵ وەمەیل وەفای تـــۆ بەستم
بادەی عەشقی تـۆن من پەنەش مەستم
وەردام جـــە دامان ئـــی دۆنیا دەستم
دڵ گیـــــرۆدەی دام زۆڵفی تـــۆ کەردم
پـــەی خاڵت جە ماڵ دونیا ویــــەردم
سەرنیام جەڕات، پام کەردەن جە سـەر
رای بادەی عـــەشقی تۆم گرتەن نەوەر
تـــیرم بـــێ کەمان شکستەی کەم زۆر
پەنجایی عـــــۆمرم بەرمەشۆ نە هۆر
نەورۆزی بازوو نـــــە زیندەگانــــــی
نەمایەی مەتای عەمـــــری جوانـــی
سەیدی هەرچێش بێ، بافتی رای تۆش کەرد
گەردوون چی رانە، ها رەنجەرۆش کەرد

« دڵە شەیدای مەست »

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دڵە شەیدای مەست، دڵە شەیدای مەست
ئەر تۆ عاشقنی شێتی شەیدای مەست
شەرتی بەقا و بەین قەیسی لەیل پەرەست
هەرتا زیندەنی تۆ مازەش جە دەست
ئەر تۆ گەرەکتەن یار دیدەن کەری
هۆر گێرە شێوەی قەیسی عامێری
شێوەت ئێحسان بۆ چەنی رەقیبت
تا دیدن دڵدار بۆ وە نەسیبت
مەجنوون چەندێ بێ پەی لەیلێ وێڵ بێ
دێوانە و سەرسام، بیابان گێڵ بێ
مەگرەواو سەیلاو نە دیدەش مەوەشت
روێو پەی تەقدیر کەردش عەزمی گەشت
خاتر پڕ جە داخ، دەروون جە خەم کەیل
هۆردارا بێ شەرم فەریاد پەرێ لەیل
لەیلش بە ئاواز بەوتەور مەلاونا
سەدای زاری ئەو ، سەنگ مەتاونا
بەو دەشت و دەردا سێر گێڵا خەیلێ
ئاخر شی وەلای هەوارگەی لەیلێ
دیش خێڵی لەیلێ نەوجا هۆرکەندەن
مەنزڵ وێرانەن ، کەس تێش نەمەندەن
مەجنوون خۆ وێڵ بی بەدتەر بی هەردە
هەڕ داش بەسەردا چوون ئازیز مەردە

دیوارێو دەسچن لەیلی نازار بێ
سایەش شیفای دەرد قەیسی بیمار بێ
شی نەپای دیوار مەجنوونی دڵ رێش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا سای ئەو کەرۆ زامانش سارێش
دیش سەگێ زەعیف، رێشی کوهەن ساڵ
ها نەپای دیوار کەفتەن وە بێ حاڵ
سەر تاپای تنش چەنی زامان رێش
زوان کەردەن تێغ  پەی زامانی وێش
مەماڵۆ نەزام  زوان چون نەشتەر
وەرووی زامی سەخت  مەشانۆ وەشتەر
ئێندە مەشوو مۆر  هانە رووی زامش
بیەن چوون دەوار  سیا ئەندامش
چەن وەختەن کەسێ  نانێ نەداَن پێش
سازان چەنی زۆخ ئیستخوانی وێش
غەیر جە قورسی ( بەدر) ، مانگی دوو هەفتە
هەرگیز چەم بە شکڵ نانێ نەکەفتە
شیی بە نزیکش  ( قەیس ) سارا گەرد
کیشا پەی حاڵش  ئاخی سیا سەرد
وات ئەی پاسە بان  سیای خەیمەی یار
ئێشکچی شەوگار  نەدەوری دیوار
چەرخەچی شەوان ، ڕۆ نە دەروو دەشت
بەبری شێرشکار پەرێ ئاهوو چەشت
( پولنگان ) ئەوسا فکری تۆشان کەرد
حەساری کۆشان پەرێ وێشان کەرد

نەعرەتەی دەنگت هەرکۆ مەیاوا
مەنزلانی چۆل مەکردش ئاوا
ئینە چە حاڵەن  تۆ پەنەت یاوان
چمان ئەندامت  بەتیغ شکاوان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جه کۆچی ( لەیلیٚ ) شای بەینت داران
تۆنی جیٚ مەندەی کۆنه هەواران
خەیڵی پی دەستور په شیٚو بی پەریٚش
ئەحواڵی ( لیڵی ) خەبەر پەرسا لێش
ناگا تەماشای دەشت و سارا کەرد
دیش که ( سەیادیٚ ) پەیدا بی جه هەرد
یەک ئاهوش کوشتن، وەستن نەشان دا
مەویەروٚ بەجەخت نەو بیابان دا
شی وەلای ( سەیاد ) قەیسی جەفا کیٚش
تا چون سائلان گۆشت بوازوٚ لیٚش
واتش ئەی ( سەیاد ) تۆعەشقی پیرت
ببه خشه پیٚمان ئاروٚ نەچیرت
( سەیاد ) چون مەردان ، مەردانگی کەرد
لاشەی نەچیرش به ( مەجنون ) سوپەرد
( مەجنون ) هوٚرگێراو ئامابه شیتاب
گنانه خەیاڵ کار سازی کباب
ئاهووی ( سەیادش ) قیمه کەرد به تیغ
لاشەو جەرگ ودڵ پیٚکا وەڕووی سیٚخ
بەدڵەی پوڕ سوٚز هیجران وەردەوە
به ئاهی دەروون ئایر کەردەوە

کەبابیٚ کەردش به سەد سۆز و خەم
نمه کاوش کەرد به ئەسرینی چەم
ئاورد وەلای سەگ بەتەعجیلو دەو ...
واتش ئەی زەعیف بیٚ خوراک و خەو
یه توعمەی کەباب قەیسی چۆڵ گەردن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆ زامدارەنی، پەی تۆم ئاوەردەن
دەسا مەیل کەرە ، شیفای جەستەت بۆ
مەرهەم پەی زامان جەستەی خەستەت بۆ
چەندێ پی دەستوور کەباب کەرد پەرێش
تا کە زامانش یەک یەک بی سارێش
قوەتش جەقووت کەباب بی تازە
تەی بی نەسارا کەردش جان بازە
دیسان جەنووۆە شی وەڵای ( لەیلێ )
وێش وەست نەدامان خاکپای (لەیلێ )
شەو پاسەبانی یانەی ( لەیل ) مەکەرد
رۆ چەنی ( شوان ) مەگێڵا نەهەرد
جەودما هەروەخت ( قەیس) بێش ئارەزوو
تا دیدەن کەرۆ لەیلی عەنبەر بۆ
سەگ پێش مەزانا چون ساحیب فامان
مەشی وە پێش واز مەگرتش دامان
بەو تەورە ئەغیار پەنش نەزانا
مەجنونش وەڵای ( لەیل ) مەرەسانا
( مەجنون ) بەدیدار لەیلێ مەبی شاد
کوگای خەرمانان خەم مەداش وە باد

ئەرپێش مەزانا رەقیبی راچەفت
ئاخر وەڵای ( لەیل ) کەی راگەش مەکەفت
( سەیدی ) داڵ جە دەس بەد خۆیی ( رەقیب )
نمازۆ دیدار یارش بۆ نەسیب
ئەر سەرد ساڵ چەنیش بکەری خاسی
خاسیش هیچ نیەن غەیر جە نارسی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

( سەگ ) پیٚشەش مەدەی وەفاش پی تەورەن
( رەقیب ) گەنجش دەی پیٚشەش هەر جەورەن

« دۆلبەر »

دولبەر، دلٚ ئەستانای جە من، شەرت ئی دلٚستانی نیۆ
جەورش مەدٚەی رەنجش مەکەر، خۆ کافرستانی نیۆ
شەرتەن بکیٚشۆ دلٚ جەفات، با یادگار مانۆ جە لات

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆ بۆت نه دڵ خۆفی خودات، خۆ کافرستانی نیۆ
ئامام نەڕات پی جەستەوە، گیرەم سڵام ،چیت نەستەوە
پی حاڵی جەستەی خەستەوە، خۆ کافرستانی نیۆ
هەی نەونەمامی باغی دڵ، پەی تۆ سیان بەیداخی دڵ
سا مەرهەمێ پەی داخی دڵ، خۆ کافرستانی نیۆ
هەی رەندی تۆحفەی نازەنین، خاڵت جە عەنبەر گوڵجەمین
سا مەرهەمێ دە پەی برین، خۆ کافرستانی نیۆ
بیماری تۆم حوور ئەی پەری، ئەر خواهێشەن ئەر سەرسەری
شەرتەن عەیادەتمان کەری، خۆ کافرستانی نیۆ
دا دەم پەنە چڵێو ریۆن، قیمەتشەنە سۆنەم گیۆن
چی مامەڵە مەگنۆم زیۆن، خۆ کافرستانی نیۆ
وێڵ وێڵ مەگێلاّم کۆ بە کۆ، دەردەم گران بێ رۆ بە رۆ
سا حاڵوو دەردێم پەرسە تۆ، خۆ کافرستانی نیۆ
تەرکوو ولاّتیت کەردمۆ، ژاراوو دووریت وەردمۆ
پەرسە بە حاڵی دەردمۆ، خۆ کافرستانی نیۆ
عوریانوو کەلێۆس کۆڵەنۆ، شەیدا و بیابان گێڵەنۆ
دا پەرسە پەی کێ وێڵەنۆ، خۆ کافرستانی نیۆ

ئەر شەرتوو بەینت ویرتەن، خۆفوو خوداّ و پیرتەن
بۆ لام ئەگەرچی دێرتەن، خۆ کافرستانی نێۆ
یام بارە تەشریف یانەمۆ، یا دوورۆ پەرسە حاڵمۆ
تەرسە هەناسەی کاڵمۆ، خۆ کافرستانی نێۆ
قەومان ، خوێشان و هامسەران، لۆمەو مەنان چی کەران
خاسەن تەئەسوفمان وەران، خۆ کافرستانی نێۆ
سەیدی گرانۆ ئەلویداش، هیجران مەدۆ هەردەم جەفاش
هەی پەی خوداّی بەیدێ وەلاش، خۆ کافرستانی نێۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## (( دڵ ناڵانشەن ))

دڵ ناڵانشەن ، دڵ ناڵانشەن
هام سەران جە دەرد ، دڵ ناڵانشەن
زویریش جە تاو خەیاڵانشەن
ئارەزووی تەواف عەوداڵانشەن
جە دووری یاران بێ قەراریمەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واوەیلاوو حەشر ، شین و زاریمەن
ئارەزووم کەردەن چوون قەدیم سالان
بشوون پەی تەواف بارگەی ( عەودالان )
بە دلەی غەمناک نا موورادەوە
بە دەروون غەمبار خەم بە بارەوە
فەسلی گولگەشتەن ، وادەی گولانەن
عەترشان دەوای دەردی دلانەن
ئێمەو دل هەردوو بە زاری و لالان
با بشمێ وە سەیر بارگەی ( عەودالان )
پەی دیدارشان گەرمیی تاسەمەن
سەر زەمین گرتەن دووی هەناسەمەن
( پیر رۆستەم ) ویران کەس نیەن تێشدا
وێرانیش مەدۆ جەرگم بە نێشدا
( شەوبۆش ) نیلی پۆش ، خەمگین دیارەن
( چنوورش ) پەشێو چوون زولفی یارەن

سەر بەرزان ، هەردان عەودالان تارەن
سەیرش پەی یاران چون زەهری مارەن
بابە دوعای خەیر یاران کەرمێ شاد
خاسی عەودالان با وەرمێ وە یاد
هەر هەفت عەودالان بگێرمێ دامان
بەلکم بیاوان یاران وە لامان
یا هەفت عەودالان دل پاکی دل ساف
نامتان مەشهوورەن جە قاف تا بە قاف
ساکنانی غار کۆی بەرزو بولەند

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوعا مەقبولّان بارگەی خوداوەند
وە بەرزی ئەو كوٚ ، بەرز بوٚ پایەتان
بە دایم پەیمان مەنوٚ سایەتان
( سەیدی )شەرتش بوٚ چوون وەفاداران
بە یوٚ پەی تەواف بارگەی ( عەودالّان

## « سەنگی هەواران »

سەنگی هەواران ، سەنگی هەواران
سەنگی سیارٍەنگ كۆنەهەواران
جای بەزمی رەندان، نیشانگەی یاران
تەختی خالّخالاّن نازک نازاران
جە زەلّ مەزانوو سوفید رەنگەنی
ئیسە سەبەب چێش سیا رەنگەنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆن عەیش و نیشات نەووەهارانت
کۆن ئاهووی رەندان پۆل نازارانت
سەرخار چوون تۆ کووێ، عەنبەر بۆشان بێ
دایم ئامۆشۆ وەلای تۆشان بێ
ئیسە جای ئەوان چۆڵەن، وێرانی
ئەحواڵی ئەوان تۆ چێش مزانی
ساکە ئێدێ شنەفت سەنگی سیارەنگ
بە ئاە و ناڵە لێم ئاما وەدەنگ
ئەحواڵی دەردم دێوانەی بێ هۆش
مەر نمەزانی چی بیم سیاپۆش
ئەوسا من هامڕاز خاڵ قەتاران بێم
تەکیەگای رەندان، پۆل نازاران بێم

رەنگم سفید بێ چوون رەنگی کافوور
شەوقی جەمینم دیار بێ جە دوور
ناگاە پەی تەقدیر چەرخی پوڕ ستەم
ئیمە و نازاران جیا کەرد جە هەم
ئیسە نە پام هەن گێڵووشان وە شۆن
نە وێم مزانوو ماواشان جە کۆن
فەڵەک ئەر زانێش چێش ئامان پێمان
دووری نازدارا  نەرمانێ پێمان
کەرداش دووچاری دووری و جیایی
نیاش بە دڵدا داخی سیایی
ئی داخ هەرپەی من تا رۆی رەستاخێز
چوون هیجرانی یار گرتەنم بەڕێز

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاییری هیجران کەوتەن نەجەرگم
سیاوش کەردەن سەرتاپای بەرگم
چی کوورەی هیجران من نەجۆشانەن
جە سینەی سەیدی سیاو پۆشانەن

«شەماڵ»

شەماڵ، مەگێروو وەنەت نزایێ
ئەر بە نزای من ببۆت رەزایێ
تاقەت چێم بڕیان نەمەندەن تابم
هوون مەشۆ نەجەرگ کزەی کەبابم
یەک شەو بای شەماڵ ، وەر جە سوب سەحەر
بە دەوان وەلای قیبلەم گوزەر کەر
وەلێ لوانت پەیتەور بەدەو بۆ
شۆ وەلای شیرین هێمای نەخەو بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەردەی ناز جە رووش بدەر بە لاوە
بۆسە دەر بەقەوس قەمەر سیماوە
چین چین دەستەی زۆڵف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نەدەوران گوڵباخچەی جەمین
مازە پەشێویا بەڕووش وە هەمدا
نەک پێوار بۆ مانگ نە دڵی تەمدا
چوون نووری ئیمان نەڕووش مەدرەوشۆ
با زۆڵماتی کوفر، ئیمان نەپۆشۆ
وەختێ بای شەماڵ پەڕەندەی تیژڕەو
شیرین ، دیدە مەست هۆرمێزۆ جە خەو
جەودەم بە ئیکرام وەنەش سەلام کەر
عەرزوو حاڵی من ، پەنەش ، تەمام دەر

شەماڵ وێت کەرە بە زوانوو من
واچە بە شیرین سۆی چەمانوو من
من قاسێد جە لای دەردەدارێوم
کیاستەی دڵی بێ قەرارێوم
پەی تۆ سەیلی هوون مەشۆ نە چاوش
پەی تۆ جە چاوان ، دوور کەوتەن خاوش
پەی تۆ بێ ئارام، سەرسام و لێوەن
تەن، زامی خەدەنگ ئەبرۆی تۆش پێوەن
پەرسە شیرینێ مەیل ئێمەش لاوەن
یا جە شەرتی وێش چوون زۆڵفی خاوەن
پەی سەیدی مەرگەن بە بێ یار ژیان
مازە بای شەماڵ بسپاروونە گیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

« شيرين پەيوەندەن»

شيرين پەيوەندەن، شيرين پەيوەندەن
دوو ئەبرۆی سيات بە هەم پەيوەندەن
دوو شيرازەی قەوس، ئۆسای غەيب ژەندەن
هەر يەک سەد پەيكان وە جەرگم شەندەن
جەو دەستەی زۆڵفان حەيران مەندەنان
دامەن، يا شامار؟! يا خۆ كەمەندەن؟
خاڵی جەمينت، زۆڵفی چين چينت
چوون دانەو دامەن، سەيادان تەندەن
هەر تارێش سەد تار پێچ دان وەهەم دا
هەر تارێش سەدٚ دلٚ پەنەش پابەندەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەر من شەیداش بیم ، نەکەران مەنام
بێ حەد زەریفەن، بێ سامان رەندەن
باڵات وێنەی سەوڵ، سای سەهەندی باخ
شۆخەن ، وەش تەرحەن، بەرزەن، بدڵەندەن
دوو دیدەی سیای فیتەئەنگێزت
سەرمایەی ئەفسوون، هەم جادوو بەندەن
خەمزەو لارەو لەنج، دیای بەنازت
بنچینەی یانەی سەبووریم کەندەن
گوفت و گۆی شیرین، کەلامت، رازت
شەهدەن، شەکەرەن، نەباتەن، قەندەن
بەهای دانەی خاڵ سەفحەی جەمینت
موڵکی هیندستان، شاری خەجەندەن
عومرم شی وەباد ، تاقێق نەزانام
بێ مەیلیت تاکەی؟ جەفات تا چەندەن!
خواجەی ساحیب شەرت چی رەنجیانی
مەیلت ، مۆبەتت، هیچکام نەمەندەن
کەی جە بەندەگیت سەرکێشان، سەیدی!
هەر غوڵامی تۆن، هەتاکە مەندەن
حەڵقەی غوڵامیت مەکەرۆ نەگۆش
بەندەن، پێش واچە: یە کەمتەر بەندەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

« شەرابوو عەشقی »

شەرابوو عەشقوو تۆ ساف و زۆلاڵ
بە لەزەت وەش بنۆشای توند و تاڵ
مەدەینەش پەی کەسیٚ توٚ دلٚ نەوازی
بە بیٚ مەینەت ، چە موحتاجی سواڵ
مەبوٚ مەستی ئەبەد ، هەر کەس مەنوٚشوٚش
کە ساقی پادشاهی (زوالجەلالا )
کەسیٚوەن ئا کەسە ، لیٚوەن بەزاهیٚر
بە باطن ، عاقلٚ و ساحیٚب کەماڵ
نە فکرش هەن جەلاو مولٚکی ، نەمالٚی
نهوٚ باکش جە فورزەندو عەیاڵ
نهوٚ موعجب ، نهوٚ بەندەی ریاکار
نە مەقسوودش بە دونیاو گەنج و ماڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به تاقیق ئانه پیرەن ، گێرە دەستش
نهۆ پیری و یەردەی ماهو ساڵا
دریغ چی کشتوو دونیای ئێمه هەرگیز
( شکارتێو ) پەی قیامەت مان نەکاڵا
دە یاران وەر بدەیمێ دەس جە دونیای
نەبیمی شاد پەنەش ، شادیش بەتاڵا
ئەگەر سەد ساڵ چەنەش مەنمێ بەدڵشاد
چەنەش تا سەر مەنەیمان پەی مەحاڵا
هەزار جامێ جە شەربەت ئەر بنۆشمێ
جە ئاخر ، ژاروو مەرگیمان قەرتاڵا

به ناگاه باخەوان مەبرۆ به تیغ مان
نیەن رەحمش ، جە یاوان و جە کاڵا
وەنەش فەرزەن ، بشۆپی کاروانه
ئەگەر ( بوو جەهلەنوو ) وەرهۆ ( بیلالا )
زەرێومان سەر حیسابەن ، خاک وەسەرمان
نه پۆشاکوو ، نه واردەیمان حەڵاڵا
وەرینان ، ئەولیای دڵپاکێ بێنێ
جە دڵ پاکان ویەردەی کارساڵا
جەرۆو مێشەر وەبێ پەروا مەشانێ
وەلای جەننەت ، چەنی پەرواز باڵا
جە ( حل و سندس و ئیستەبرەقیشان )
خەڵاتی خاس ، مەپۆشانێ وە باڵا
پەی ئێمه موشکیڵەن بارما گرانا
( خطاء معصیەت )، زوڵم و وەباڵا
درازوو دوور ، سەفەرمان هانەوەردا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نە تۆشەی ڕا ، نە پۆشاکوو ، نە پاڵا
جە پەنجا ئاستان ، ڕاگیر مەنیشان
ئەوان چێمە ، مەپەرسانێ هەواڵا
جە هەر یاگێوجوابشا وەش نەدەیمێ
( تەوەقوف ) مان هەزارێ پەڕ بە ساڵا
جە دیوان و سەبای سا چێش بکەرمێ
نەبا دامان بە دەستی چەپ قەباڵا

کەریما ، غافر الزنبا، ڕەووفا
ڕەحیما ، بی شەریکا ، بێ زەواڵا
بە لوطفی تۆ ، قەوی ئومێدمانەن
نەبیمی قەهرو تۆ ، دڵمان زوخاڵا
ئومێدمان هەن ، پەنامان دەی جە دۆزەخ
نەک ئێمە حۆروو جەنەت مان خەیاڵا
الـهی ، تۆبەی ئێخلاسمان قبووڵ کەی
( قبوڵ تۆبان ) جە عوسیان ، چی بناڵا
یەقین ( انی لغفار لمن تاب )
پەرێ بەخشاییمان شاهێد بە حاڵا
شەفاعەت خوای گوناهکاران ، ( محمد )
کە ساحێب عێزەتووجاهوو جەلاڵا
مەگەر تۆبی تکاکار ، یا ( محمد )
وەگەرنا ڕەستگاریمان مەحاڵا
خوداوەندا ، بە فریاو ( سەیدی ) یاوی
جە وەختێونە کە مەنزڵ تیرە چاڵا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

«سەیدی عار نیەن»

سەیدی عار نیەن ، صەیدی عار نیەن
هەر کەس عاشقەن نالّەش عار نیەن
ئێمەیچ نالّەمان خوٚبیٚ کار نیەن
کەس جە دەردی کەس خەبەردار نیەن
منیچ دیٚوانەی خالّی شیرینم
پا بەندی تای زولّف بوٚ عەنبەرنیم
بەلّام ئێد شیرین ئەیامان نیەن
چون خواجەی غەمخوار غولّامان نیەن
هەرگیز چەنی کەس تا سەر نەساتەن
شەرتش ، ئێقرارش ، وەفاش یەک ساتەن
تامەیوٚ وەلام رەندی جەمین گولّ
خوٚفی هیجرانش مەنیشوٚم نە دلّ
ئەو ساتە شیرین مەکیٚشوٚ دەستم
ماوەروٚ بە سوٚز زامانی سەختم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جه خۆفی لواش جەستم نەلەرزەن
هاوارو هەی داد هەی ها نام بەرزەن
گیرۆدەی هیجران دایم بێ کەیفەن
کافر گیرۆدەی هیجران بۆ حەیفەن
یاران یەسەنگەن چەنش حاشا کەن
جەستەی مەینەت بار من تەماشا کەن
یەسنگەن پەی تەور مەسۆچۆ بە تاو
دڵ قەترەی هوونەن چون نەبۆ بە ئاو
( سەیدی ) جه هیجران شۆخی جەمین لاڵ
سا پەی چێش نەبۆ بە کۆگای زووخاڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

«عەرزە داشت بەندەی»

عەرزە داشت بەندەی دڵمەند و رەنجوور
سەیدی دامی عەشق، بەسەیدیی، مەشهوور
جە ژەهراوی عەشق شەربەت چەشیدە
هەرگیز شادی و زەوق بە چەم نەدیدە
خەستەی پەشێوحاڵ، پێکیای زامەت
خەمناک و خەمبار، دایم خەم قامەت
نە جامی هیجران سەد هووناو وەردە
تەرکی وەفاو بەین هەرگیز نەکەردە
دەرد زەدە و هەردەی ئەحبابی شەریف
رەندی نازداران ، زولێخای زەریف
خاتر جە شیرین، زەریفتەر جە لەیل
یاری دڵ ئازار، کەم وەفای بێ مەیل
عەرزە جە مەزموون، عەرزە و حاڵمەن
ئێدەن گوڵجەمین، سۆسەنخاڵمەن
ئەوەڵ بە ئیخلاس سەوگەندان وەردە
ئاخر شەرت و بەین تا سەر نەبەردە
هەرگاە جە رووی لوتف، زوڵفان عەنبەرین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئەر پەرسێ ئەحواڵ بەندەی کەمتەرین**
**جەلات مەعلووم بۆ سەڵوی خەرامان**
**جە هیجرانی تۆ کارێ پێم ئامان**
**زەعیف و زەبوون، زەعفەران رەنگم**
**چوون نەقشی دیوار دایم بێ دەنگم**

**شـــەو و رۆ گریان، دیـــــدە نمینم**
**بە دڵ سیاپـــۆش ، قامەت خەمینم**
**بە تێغی هیجران سینە ســەد چاکم**
**ئیفتادە و بێ ناز، خــەڵتانی خاکم**
**بێ تۆ زیندەگیم چوون ژەهری مارەن**
**دونیا نە دیدەم چوون شەوی تارەن**
**مەعلووم بۆ جە لات نەو نەمام، وەشبۆ**
**سەیدی جــە فیراق دووری باڵای تۆ**
**حاڵش بەی تەورەن، بە ئایەی کەلام**
**ئیختیار بە تـــــۆن، باقی وەسەلام**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## « قیبلەم ویر نەبی »

قیبلەم ویر نەبیٚ ، قیبلەم ویر نەبیٚ
جاریٚ چوون جاران ، ئیٚمەت ویر نەبیٚ
کەشتی مان بە دەس توٚ ، تەقدیر نەبیٚ
ئەرناٚ جە لای توٚ هیچ تقسیر نەبیٚ
ئەر تەقدیر بە دەس توٚ بیا مەرگم
مەودای تیٚغی تیٚژ مەدات وە جەرگم
مەدات وە جەرگم سەد جار نیٚشی تیٚغ
هەتا ریٚشەی گیان مەکەندی جە بیٚخ
ئەر جەرگم بدەی لەت لەت بە چلٚ دا
ئەسلٚا ئینسافت نیەن جە دلٚ دا
بیٚ مروەت جاریٚ جە حەق نەتەرسای
پەی جەستەی خەستەم ، هەرگیز نە پەرسای
هەر روٚ جە نوٚوە مەڕەژی چاوان
سەرنیٚشی موژەت وە سوهان ساوان
موژانت هوون ڕیز کوشندەن قاتلٚ
یەک یەک چون خەدەنگ مەدەیشان نە دلٚ
هەزاران زامت وە جەرگم کەردەن
خەمتەن هوونی من بە یوٚت وە گەردەن
هەرگیز بیٚ ئینساف نەداری عادەت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارێ زامدارت کەری عەیادەت
تۆ دیدەت پەی قەسد کوشتەی من رەشتەن
چمان کە سەیدی ، با بەی تۆش کوشتەن

## « قیبلەم چی دونیا »

قیبلەم چێ دونیا ، قیبلەم چی دونیا
ئێندە ئاواتم مەندەن چی دونیا
رۆیێ وەر جە مەرگ ، بە دیدەم بدیا
لەب وەبانی لەب لاڵی تۆم بنیا
هەردوو بنیامان سەر وە یەک سەرین
کەردێمان رازی ویەردەی دێرین
بدێیام دەستی تۆم وستەن نە گەردەن
ئەوسا بواستام ئاوات وە مەردەن
بۆ بنیام وە بۆی زوڵفی موشکینت
بکەردام تەواف کابەی جەمینت
باڵای ویێم پەخشان باڵات بکەردام
داخم نەمەندا ، ئەوسا بمەردام
ئەوسا جەو دما ، ئەگەر مە مەردم
پەی مەردەیی ویێم شادی مەکەردم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## « کۆساڵان وەشەن »

کۆساڵان وەشەن ، کۆساڵان وەشەن
میرزام ، سەیری هەرد کۆساڵان وەشەن
تەماشای جەرگەی گوڵاڵان وەشەن
سەیری سەر بەرزان ، ( عەوداڵان ) وەشەن
پەی لانساران خاڵ خاڵش وەشەن
وەرواوی شیرین لاپاڵش وەشەن
شنۆی شاخەی ساز ، شەتاوش وەشەن
رۆ بیداریش وەش ، شەو خاوش وەشەن
تەماشای نەورۆز ، خاڵ ماویش وەشەن
کافووریش ، نیلیش ، سیاویش وەشەن
چۆپیی کۆساڵان سەیرانش وەشەن
سەدای قاق بۆی کەبکانش وەشەن
چە خاس جای گەشتەن ، عوبورش وەشەن
بۆی عەترو عەبیرچنوورش وەشەن
شەوبۆی نازەنین ئەشەد بۆش وەشەن
ساراو دەرو دەشت ، کەشوو کۆش وەشەن
وەشەن بۆی سۆسەن سەر کڵاوانش
وەشەن ، سەوزی فەرش پای کڵاوانش
وەشەن خرپەی پای پۆلـی ڕەندانش
وەشەن شیرین خاو سای سەهندانش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەشەن چەنی ( دۆس ) رۆ گێڵێش پێدا
وەشەن بیش هامراز شەوان جە جێدا
وەشەن چوون بەهەشت رووی سەر بیساتش
وەشەن ، شیرینەن، عەیشو نیشاتش
وەشەن ، خاس وەشەن سەیری وەهارش
فەسڵی نیسانش ، مانگی ئەیارش
پەی کەسێ خاسەن ( میرزام ) کۆساڵان
چەنی ( یار ) کەرۆ سەیری گوڵاڵان
هەر کەس چوون سەیدی جە هیجران خەستەن
سەیری کۆساڵان کەی ئاوات واستەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## نەورۆز گوڵ خێزان

نەورۆز گوڵ خێزان ، نەورۆز گوڵ خێزان
وادەی وەهارەن ، نەورۆز گوڵ خێزان
بەدەن کافووران ، خاڵ خوردەڕێزان
پۆشان مایەی عەتر بۆی عەنبەربێزان
نەورۆزگوڵ جاسووس گوڵانی تازەن
وەهار کیانان مزانی وازەن
بافتەن پەی زینەت رەندانی دولبەر
چوون جوقەی تاووس بپێکان وەسەر
قاسد نەورۆزان نە پای هەردەوە
یەک یەک بەرئامان نەتۆی پەردەوە
هێمای خۆ زمسان تەشریف نەبەردەن
نەورۆزگوڵ موژدەی وەهار ئاوردەن
مزانی مدۆ زمستان ویەرد
تەختی یەخ بەندش هەوا دا بەگەرد
ئەر سەد کە هەوای سەردیش بەرۆ تەن
خورشید مەنزڵگەش نەبورجی حوتەن
بەڵێ جاڕچیان نەرۆز جاڕ مەدان
جاڕی پادشای نەووەهار مەدان
بادی وادەی وەشت نە کۆسار مەیۆ
یاران مزانی نەووەهار مەیۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پادشای وەهار واڎەی وەختشەن
بە تەعجیل مەیۆ، ئامای جەختشەن
وەختەن شای وەهار بنیشۆ نەدەور
جارٍ بکێشۆ رەعد، تەمەلوول و هەور
وەختەن بگێرۆ رووی دەشتی سارا
کەوکەبەی وەهار وێنەی شای دارا
وەختەن بەیۆ بەر ئوردووی گوڵاڵان
گێرا دەرودەشت چوون هەردەی جاران
وەختەن برٍۆسان گوڵان هەزار رەنگ
چەرمە و زەرد و سوور، چوون دێبای فەرەنگ
وەختەن شای وەهار بکیانۆخەڵات
سەوزی ئەتڵەس رەنگ پەی رووی سەربیسات
وەختەن شەقایەق سەر باوەرۆ بەر
هۆردۆ ئاڵای سوور جە باڵای کەمەر
وەختەن بولبولان جە شیرین خاودا
بێدار بان جە موڵک خاسەی زەهاودا
وەختەن سارٍێش بۆ خاترشان جە داخ
لەت بینان بە عەزم گوڵگەشتی لەیلاخ
فەسڵی نەووەهار واڎەی گوڵگەشتەن
سەرزەمین بە رەنگ سارای بەهەشتەن
وەختی شادی و عەیش ئەییامی سەیرەن
پەنەش دڵشادەن، ئەر وەحش، ئەر تەیرەن
ئەگەر خاترێو ناچاخەن، زویر
وەهار بێ کەیفیش مەبەرۆ جە ویر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوونکه شای وەهار شادی مەوازۆ
هیچ کەسێ خەمناک، مەلوول نمازۆ
سەیدی چوون مەلوول هیجرانی یارەن
فێشتەر خەمناکیش فەسلێ وەهارەن

وە یادی ساڵان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وە یادیساڵان وە یادی ساڵان
دڵە تۆ وەیاد ویەردەی ساڵان
وەس نیشە خەمناک چەنی گوڵاڵان
با بشمێ وەسەیر بارگەی عەوداڵان
کۆمای خەرمانان خەم دانت وەهەم
نیشتەنی جە لاش پەژارە و ماتەم
بای شەماڵ نیەن بدەیش وە باوە
تاکەی سەرگەردان مەبیش وە لاوە
عەوداڵان بەرزەن، شەماڵش تیژەن
نەسیمش بۆی عەتر عەنبەرئامێزەن
با کۆگای خەمان هۆرگێرمێ بە کۆڵ
بەرمێش وە کۆی بەرز عەوداڵانی چۆڵ
چەوگە ئێمە و تۆ، هەردویما بەهەم
بدێمێش وەباد، بەکەم ، کەرمێش کەم
دڵە تۆ سادار دێوانەی وێڵی
جانشینی قەیس بیابان گێڵی
نیشتەیت بێ سوودەن جەماڵانەوە
با بشمێ وەکۆی عەوداڵانەوە
ئەر پەی وایەی دڵ، وەرپەی سەوابەن
سەیری عەوداڵان پەی ئێمە بابەن
سەیری سەربەرزان، گەشتی سەرکاوان
شادی خەمانەن، رۆشنی چاوان
سا با راگەی چۆڵ بگێرمێ نەوەر
تەی کەرمێ هەردان، کەش و کۆ و کەمەر
جە هیچ مەنزڵێ نەگێرمێ قەرار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا بشمێ وه بان پای دامانی غار
وه بانی ئەو تەخت، حاجەت نما کەین
پەی وایەی موراد دەس بە دۆعا کەین
بشمێ نە ئەیوان غاری هەیبەتناک
تەکیەگای خاسان، ئەودالانی پاک
دوو دەست پەی دۆعا هۆردارمێ گوشاد
یا حەی ، یا قەییوم، دەهەندەی موراد
بە عەشقی رەسوول شای یەسرب مەقام
بە شەوق و نووری ئەسحابان تەمام
بە عەشقی بازووی درازی حەیدەر
زۆر ئەرمانای دەرب دەروازەی خەیبەر
بەعەشقی خاسان ، دڵپاکانی ساف
نەڕووی سەرزەمین جە قاف تا بە قاف
یا (رجال الغەیب)، یا هەفت ئەودالان
جە کۆی پێرۆستەم، هەم جە کۆسالان
یائەودال ، فەریاد نامت مەشهوورەن
هیممەت یار کەری، کار بە زەروورەن
سەودای عەشقی یار ها نە کەللەمدا
وستەناش نە گێج دەریای ماتەم دا
خەریکی خەمنا،خەم خەلاتەنان
دوور جە یار کەفتە، کشوو ماتەنان
زام زەدەی دەوران، هیجرانی یارم
سەد عوقدە پەرێش کەفتەن نەکارم
چوونکە بەد ئێقبال، سیاستارەم
سەنگی بەدبەختی ، نەخشەن نەچارەم
ئەربشوون وەلای ئەفلاتوونی ژیر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەی دەوای دەردم ئادٚ مەوەرۆ گیر
ماچۆ تۆ بە عەشق، سەد پارەجەرگەن
دەوای دەردی تۆ وەسڵەن، یا مەرگەن
یا شاهی شاهان، یا حەیی خاسان
ئاسان کەی کارم بە دەستی ئاسان
هەر من بێ چارەم، یالله چارم کەی
خاتر شاد بە وەسڵ، باڵای یارم کەی
ئارەزووی دڵان یەکسەر حاسڵ کەی
دۆست بە دۆستی وێش، بەخەیر واسڵ کەی
سەیدی دڵ پڕ ئێش، جگەر پڕزامین
یائەلله دۆعاش قەبووڵ کەی، ئامین

## هارە سەتەنی

هارە سەختەنی ، هارە سەختەنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی
جای بولّەند ئێقبالْ، ساحیب بەختەنی
یار ئامان وە لات، جەهد و جەختەنی
تراشیدەی دەست سەر ئوستادی باش
جەستەت پڕ جە زەخم، قولّەنگەی سەنگ تاش
یادگار ئۆسای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەسکێش ، خەیاتەی خانان
چمان تاشیای تێشەی فەرهادی
دەستەت جە نەمام، داری شمشادی
ئارۆ قیبلەو من بە لەنجە و لارە
تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە
شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن، دەور مەدۆ نەوێش
مەگێلۆ بە دەو چوون چەرخی چەپگەرد
هەیاهووش گەرمەن، مەنالۆ جە دەرد
دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە
جمەجمشانە نە یەخەی جامە
کەس چوون تۆ ئازیز جەلای یار نەبی
هارە چی وەشیی ساچی هار نەبی
تای تۆڕەی زۆلفان سیای عەنبەربۆ
سەرئاوێز کەردەن تا وەبانی تۆ
دەخیلەن دەستت بە دەستی یارەن
پەنجەش ریش نەبۆ هارە هاوارەن
شیرین بە سەد ناز مەکێشۆ دەستە
دانە مەدپێت چوون ئاوات واستە
دانەش مەسانی چوون ستەمکاران

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەكەریش وە گەرد تووتیای شاران
تاقەت شی جە لام، واتم ئەی هارە
بە مەودای ئەڵماس، بای پارە پارە
تۆ دەستی شیرین دەستەكێشتەن
ئاواتت بڕیان، ناڵەی چێشتەن
تۆ پەنجەی شیرین كەفتەنت وەسەر
چی سارێش نەبێ زامانی خەتەر
با من بناڵوو روان تا شەوان
زەدەی هیجرانم، دەردم بێ دەوان
هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ
كەم دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ
ئانە شیرینەن دوڵبەر، دڵستان
دڵ چێت مەسانۆ بە مەكرو داستان
بە بەین و بەقاش هیچ مەبە خەڕە
جەفاش سەد بارەن، وەفاش یەک زەڕە
چەنی كەس تا سەر هەرگیز یار نیەن
یاری ساحیب شەرت، وەفادار نیەن
كاتێ مەزانی هورئێزا بە قەس
چوون بێ بەینەتان جە تۆش كێشا دەس

شی بە ماوای وێش، تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وەلای داخ و دەردەوە
كۆتا بی سەدا و نەعرەتە و دەنگت
بێ قیمەت گنای ، كەساس بی سەنگت
بە دڵەی پڕسۆز مەینەت بارەوە
پێچیای بە دەرد دووری یارەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوسا چەنی زام ، بێ دەوای خەتەر
مات مەبی بێ دەنگ، جە سەیدی بەدٚتەر

## هیجری نەزانان

هیجری نەزانان ، هیجری نەزانان
تۆ بە حاڵی دەرد ئێمەت نەزانان
من سەیدی سەردار سوپای دێوانان
کوشتەی دەردی عەشق، زەدەی هیجرانان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا وانام ، کتاب دەرسی عەشقم وەند
مۆری دڵ بە سەجع، نامی عەشقم کەند
چە مەکتەبخانان تا کە مەشقم کەرد
عالەم مەزانان مەشقی عەشقم کەرد
تا کە جوان بێم نە سەودای یار بێم
هەوای عەشقم بێ، پەوچی سادار بێم
بە ساڵاری عەشق یاوام بە پیری
ئەسڵەن رام نەکەوت من وەلای ژیری
نەووەهاری عومر جوانیم ویەرد
گا چەنی هیجران، گا بە داخ و دەرد
هەر شێت و سادار، بیابان گێڵ بێم
چمان من جادار مەجنوونی وێڵ بێم
سەیدی تا زیندەن چەنۆ دەردەوە
چوون مەجنوون وێڵەن بە رووی هەردەوە

## یا حەیی بێچوون

یا حەیی بێچوون، یا حەیی بێچوون
یا حەیی بێ مسل، بێ هەمتای بێچوون
یا فەرمان فەرمای ئەمری کاف و نوون
کەریمی کارساز بە کون فەیەکوون

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوون تۆ نادر سنع، کەسێوتەر چکۆن
قادر هەر تۆنی ، نادر سنعی تۆن
هەفت ئاسمانان چەنی ستاران
بەرزی بێ ستوون، وەپات وناران
موعەلەق وەبان ئەوان کورسی و عەرش
زەمینت بە دەست قودرەت کەردەن فەرش
کێ دارۆ قودرەت سازۆ، غەیر جە تۆ
رۆشنی و زۆڵمات، شەوان چەنی رۆ
یاکێ قودرەتش جە لەیلی دەیجوور
سوب کەرۆ سفید، بەرۆ بدۆ نوور
یاخۆ کێ تاوان هەر شام تا سەحەر
شەوق بدۆ بە مانگ، یا نوور دۆ بە وەر
یا کێ بەرمارۆ حەیی بێ زەواڵ
جە سەنگی خارا سەرچەشمەی زوڵاڵ
کێ جە نافی خار بەرماوەرۆ گوڵ
کێ مەوزۆ عەشقش نە کەللەی بولبول
یە گشت کەردەی تۆن، فەردی بێ شەریک
ئەگەر بۆ یۆتەر، مەمانۆ خەریک

مەزانۆ هەرکەس تۆش بە هەق ناسان
کاران گشت بە بەدەست تۆ مەبان ئاسان
ئۆسای سنعەت خاس، هەرکەس تۆش یادەن
هەقناسی دڵپاک، موئمن هەر ئادەن
یادی تۆن رەفێق شەو زیندەداران
تۆنی یارشان، شەو بە رۆ ماران
کانی سەخاو و جوود، کەرەمدار تۆنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رازق پەی مەخلۆق هەر رۆ هەر تۆنی
تۆ جە خوانی جوود رۆزیت دان قەرار
ئنس و جن و تەیر، مەل و موور و مار
هەر چەندە زیڕۆح رووش نە حەیاتەن
یەکسەر تەسبێحی گۆیای سەناتەن
بولبول بە نەغمەی هەزار داستانش
زکری یادی تۆن، ویردی زۆبانش
کەبکی کوکوان جە کۆسارەوە
کۆکۆی قومریان وە جۆبارەوە
حەمدەن، تەسبێحەن، سەنای زاتی تۆن
نامی تۆشان ویرد شەوان تا وە رۆن
زاتی تۆ پەی تەور زاتێو نادرەن
بێ شک پەی ئیجاد گرد چێو قادرەن
ئەلا هەر پەی ئەو قودرەت نەدارۆ
یوێوتەر چوون وێش بە ئیجاد بارۆ

زاتت عەزیمەن، بێ حەد فراوان
عەقڵی کەس بە کۆن ماناش نەیاوان
ئەر عالم، ئەرشێخ،وەر پوڕکەماڵەن
زوانش جە وەسف سەنای تۆ لاڵەن
فەردی بێ شەریک ، تەنیای تاکەنی
باک جە کێ داری تۆ بێ باکەنی
جە لای تۆ کارخاس حەیی بێ نەزیر
شا، چێشەن یا خان؟ ئەمیر یا وەزیر
دونیا و مافیها ئەر بۆ وێرانە
نەدارۆ مێقدار باڵە و تۆفانە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەک تورفەتولعەین ئەر تۆ کەری قین
کۆ، چوون قەترەی ئاو مەشۆ وە زەمین
خەشمت عەزیمەن کەرەم، بێ سامان
کەس تەوانای قەهر تۆش نیەن ئامان
ئێمە گرد بەندێ خەتاکارێنمێ
جە خەتا باری گرانبارێنمێ
ئومێدمان بە عەفو بێ سامانی تۆن
وەرنە کەردەی نیک جەلای ئێمە کۆن
غەرقی گێجی بەحر دەریای مەعاسی
نە ئەفعالی نیک، نە کەردەی خاسی
بەدۆاچوو و بەدگۆ، بەدکردارێنمێ
لایەق بە عەزاب دەرگەی نارێنمێ
جە هەزاراندا یەکێ خاس نیەن
چەنی خاسانمان هامسایی نیەن
ئەر بە بەدکاری بگێری پێمان
قەت بەرنمەشۆ دەیارێ لێمان
بەڵێ تۆ کەریم کەرم دارەنی
ستارەلعیووب ، هەم غەفارەنی
ئەورۆ عەفوت کەرد پێمان بە خەڵات
قل یا عبادی ، لاتەقنەتووت وات
تۆ خەتا ئامورز گوناەبەخشەنی
بەخشەندەی بێ باک ، دڵ نەلەخشەنی
هەرچەند گوناەکار گوناش فیشتەرەن
تێغی عەفوی تۆ بەڕەواتەرەن
پەرێ بەدیمان عەفوت تەلافین
لوتفی عامی تۆ، پەی گشتین کافین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خسووس پەرێ من گوناهکارتەرم
جه مایەی عوسیان سەنگین بارتەرم
نامەی ئەعمالم جه عوسیان سیان
داغمەی بەدبەختیم بەدڵدا نیان
یا غافێرەزەنب سرٍپۆشی ستار
بویەر جه جورمی سەیدی خەتاکار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەشـــی سێــهەم

# « خوێندنەوەی دەق »

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## هارەسەختەنی و خوێندنەوەیەک

لە کۆی بەرهەمی زۆرێک لە شاعێراندا، دەقێک بەرجەستە دەبێتەوە وەک خودی شاعێری لێدێت. بە جۆرێک کە ئەو دەقە و شاعێر دەبنە یەک و هاوتەباییەکی کۆک لە نێوانیاندا پێکدێت. بە لەونێک کە هاتنی یەک لەوان، بەبێ یەک ودوو، دەبێتە هۆی بیرکەوتنەوەی (تەداعی) ئەوی دی.بۆ نموونە نالی و چامە نووسراوەکەی بۆ سالم. بێسارانی و چلێ نە پەنا. قانع و شێعری بەندیخانە. وەفایی و شیرین تەشی دەڕێسێ.مەولەوی و زووسانەن وەی ڕەنگ. خالۆی کۆماسی و گلکۆی تازەی لەیل و ....

لای سەیدیش ئەوا دەقی «هارەسەختەنی» ، بەرجەستە و خۆ نوێنە. (ئەڵبەت بە باوەڕی من).

لەم سووچە نیگاوە، هەوڵئەدەم لەسەرئەم پارچە شێعرە زۆم بکەم و خوێندنەوەیەکم هەبێت. خوێندنەوەکەش بۆ گوشەنیگاو و بۆچوونی ئەز دەگەڕێتەوە و چەند بۆچوونی بە مانای فرەدەنگی و تەحەمۆلی یەکترە. حاشای لێناکەم کە زۆرێک لە شێعرەکانی شاعێر، تەڕ و پاراون و هەڵبژاردنی ئەم دەقە، بە مانای بێ بایەخکردنی بەرهەمەکانی دیکەی نیە.

لە پێناوی هەڵپرژێواندنی ئەم دەقەدا، چەند فایلێک دەکەمەوە و تێکەڵاوێک لە تەشک و ناوەرۆک،(بە پێی دۆخ و سەردەمی شێعرەکە و لە ژێر کاریگەری خوێندنەوەی هەنووکەیی) ئاوقەی بەردەنگدەکەمەوە.

ـ سۆز و عاتیفە:

سۆز و عاتیفە یەک لە جوانییەکانی دەقی شێعرین کە ئەتوانن بە شێوەیەکی ئەفسووناوی برژێنە هەستی کەسەوە و بە بەردەنگگرتنی دڵ، سەرنجی بۆ لای خۆ رابکێشن و «بەزەیی» و «بوغزی» بورووژێنن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە یاریدەی ئەم رەوتەیــە کــە شـێعر خــرۆش ئەخاتــە دەڵ و دەروونی بەردەنگ و هەنسکی کەسەر و بــزەی ئۆخــەی و واقــی حەســرەتی، بــە رۆخسارەوە دەچێنن.

چەپکێ وشەی هەڵبژبردەی شاعێر، ئەو کەرەستە ئەفسووناویەن کە لــە تان وپۆی چــنینی شاعـێرانەدا، جــۆش و خرۆشــێک دەخەنــە دەرووی کەسەوە کە دەبنە هاندەرێکی هرووژێنەر بۆ زۆر جمە و بزاڤ و کردار.

خالۆی کۆماسی لە پارچە شێعری « گڵکۆی تــازەی لــەیل»دا، ســەرەڕای جوانکاری و زۆر ئۆخەیبەخشی، چەمەریک لە دەروونی بەردەنگ بونیاد دەنێت کە ئەوپەڕەکەی نادیــارە. هــەر بــەوجۆرە وەلی دێــوانە لــە زۆر بەرهەمیدا و گوران و قانع و هێمن وهی ترێش لە برێ دەقیاندا.

سەیدی هەورامیش لە (هارەسەختەنی)دا، بەجاران سۆز و عاتیفەی کەس نیشانە دەگرێ و رای دەچەنێنێ.

هەر لە سەرەتا و دەسپێکی بەرهەمەکەدا ئاگارییەکدەدات و بەردەنگ بــۆ بەسۆزی و تاودڵی بانگچڕ دەکات:

هارە سەختەنی، هارە سەختەنی

تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەی

دەستار بــە بــەردەنگ دەگــرێ و پــێی دەبــێژێ: تــۆ زۆر سەرســەخت و خۆڕاگری هەرچەند بەردێــکی بــێ بایــەخ و موحکــەمی. لــە درێژەشــدا ئاگاداریدەکاتەوە کە بەقیمەتی ئەو بۆ هاودەمی و بەمیوان بــوونی یــار دەگەڕێتەوە:

جای بولەند ئێقباڵ ساحیب بەختەنی

یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی

پاشان ئاماژە بە جەستەی پڕلەزامی هارە ئــەکات کــە هۆکارەکــەی بــۆ قولنگکاری ئوستادی بە بەهرە دەگەڕێنێتەوە و لە وەسفێکی بەجوانکردن و پوزەتیڤدا، دەکەوێتە تاریفدانی.لای وایــە هــارە، هــەڵخراوی دەســتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئوستادی دێـرین و بەئەزوونـە. رەخـساوی هونـەر و عەشـقە و بـۆنی تێشەکەی فەرهاد ئەدات. تەنانەت دەستەکەشی لە داری شمـشادە. بـەم کارەش پەنجەرەی سەرنجی بە ێژ و هاوکات بە بـەزەیی، بـۆ لای هـارە دەکاتەوە و هرووژێک دەگرێتە سۆزی بەردەنگ:

تراشیدەی دەست سەر ئوستادی باش
جەستەت پڕ جە زەخم قولنگەی سەنگ تاش
یادگار ئوسای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەسکێش خەیاتەی خانان
چمان تاشیای تێشەی فەرهادی
دەستەت جە نەمام داری شمشادی

پاشان زۆر زیرەکانە لاڕێیەک بـەرەو مەبەسـتی سـەرەکی دەکاتـەوە و دووبارە دەکۆشێ سەرنج بەرەولای یار بگوازێـتەوە و بارسـاییەکە بـە قازانجی یار بشکێنێتەوە. لە گەل ئەو وەسفە بە هونەرانەی دەستاڕ، لای وایە جوانی و پێگەی هارە، نەک بۆ خودی خۆی، بەلکو بۆ هـاونزیکی و هاوڕیەتی ئازیز دەگەڕێتەوە و ئەوە هاتنی بە لەنجـە و لاری یـارە کـە نرخ و جوانی بەمیش بەخشیوە:

ئارۆ قیبلەو من بە لەنجەولارە
تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە
ئامانە دەستت بە دەستی یارەن
پەنجەش رێش نەبۆ هارە هاوارەن

کە بە یاریدەی وشە چنراوەکانی فەردی دوایی دووبارە سـەرنجی سـۆز بەرەو یار دەکۆچێنێ. بە جۆرێک کە هەرچەند دەستاڕ تاشراوی دەسـتی وەستای باش و خیـبرەیە، بەڵام نەخشیـنیەکەی ناگاتە هـــی یـار و بە« هارە» دەبێژێ ئاگادار بێت دەستی پڕ لــە نــاز و ناسـکۆڵەی یـار، رێشنەکات. ئەویش ئـەوکات کـە دەسـتی لــە نـاو دەسـتگرتووە. ئـەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵسەنگاندنەش کە لە بەینی دوو دەستەکرێتە ئامانج، لە خۆیدا کارێکی هونەراوی و شاعێرانەی جوانە.

هاودەمی «هارە و یار»، حەرەتێکی قووڵ دەرژێنێتە دڵی شاعێر و ئۆخ خوادنەوەیەک رۆخساری دەقەکەی دادەگرێ. ئەمەش پاش ئەو وەسفە دێت کە بە بەژنی کیژی هارەکەرەوە دەیبینێ:

تاقەت شی جەلام واتم ئەی هارە

بە مەودای ئەڵماس پارە بای پارە

تۆ دەستی شیرین دەستە کێشتەن

ئاواتت بڕیان، ناڵەی چێشتەن

تۆ پەنجەی شیرین کەفتەنت وە سەر

چی سارێش نەبی زامانی خەتەر

لێرەش کوڵی پڕ هیجرانی خاوەن دەق، ئاژینی دەق ئەبێت و گەردەلوولی حەسرەت بە دەم ئۆفی شێعرەوە زەین و دەروونی بەردەنگ دادەگرێ و خوێنەر و بیسەری دەق، دەبێتە هاوخەم و هاوسۆزی شاعێر. سەرەڕای لەزەت و چێژێکی ئۆخاوی کە لە گەلیدایە. ئەمەش بۆ دوو هەبووی« یەک: هەبوویەکی ئوبژە و بەرچاو، کە دیمەنی هاونشینی و دەست لەناودەستی کیژ و دەستارە. ئەویکەشیان هەبوویەکی زەینی و سوبژەی ناخی شاعێر کە ئاماژە بە دووری و هیجران ئەکات».ئەم دوو دونیایەش لە خویدا، وەسڵ و دابڕان، ژوان و هیجران، جار ئەدەن. ئەوەتا پاش لۆمەی هەرا و هەردەیی «هارە»، کە سەرەڕای وەسڵ و بەژوان گەییوی سەریداوە، ئاماژە بە دونیا هیجرانبارەکەی خۆی ئەکات:

با من بنالۆو روان تا شەوان

زەدەی هیجرانم، دەردم بێ دەوان !!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**پاشان دەکەوێتە دڵخۆشی دانەوەی خۆی و هەوڵئەدات لەعالەمی زەین و لە ئۆفی بێ وەفایی گشتی ئافرەتاندا، دڵخۆشی خۆی بداتەوە و لە کڵ و کۆی دڵی دابمرکێنێ.**

**هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ**
**کەم دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ**
**ئانە شیرینەی دولبەر، دڵستان**
**دڵ چێت مەسانۆ بە مەکرو داستان**
**بە بەین و بەقاش هیچ مەبە خەڕە**
**جەفاش سەد بارەن، وەفاش یەک زەڕە**
**چەنی کەس تا سەر هەرگیز یار نیەن**
**یاری ساحیب شەرت، وەفادار نیەن**
**کاتێ مەزانی هورئێزا بە قەس**
**چوون بێ بەینەتان جە تۆش کێشا دەس**
**شی بە ماوای وێش، تەشریف بەردەوە**
**تۆش ئاستی وەلای داخ و دەردەوە**
**کۆتا بی سەدا و نەعرەتە و دەنگت**
**بێ قیمەت گنای ، کەساس بی سەنگت**
**بە دڵەی پڕسۆز مەینەت بارەوە**
**پێچیای بە دەرد دووری یارەوە**
**ئەوسا چەنی زام ، بێ دەوای خەتەر**
**مات مەبی بێ دەنگ، جە سەیدی بەدتەر**

**بەدەم ئەم شێعرانەوە، ئەوپەڕی سۆز و عاتیفەی بەردەنگ دەهـرووژێ و بەزەییەکی قووڵ، بەرەو هۆبەی دڵی شاعێر لـە شـەقەی بـاڵ ئـەدات و بەردەنگ دەبێتە هاوخەمی شاعێر.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ بیرهێنانەوە ( تەداعی)

گەڕ و گەمەی پڕ لە جمە و جرتەی زەین بۆ بیرهێنانەوەی و کاملکاری، بەزمکی بەرباس و باسبەرە، کە بە جاران لە لایەن پسپۆڕانەوە بایەخیپێدراوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە. ئەم تەوژمە گۆڕپانی ئەدەبیشی گرتۆتەوە و ئاسەواری بە سیمای بەرهەمەکانەوە شرۆڤە کراوە.بەتایبەت لە رەوتی نوێی ئەدەبیدا.

لە شێعری (هارەسەختەن)یشدا، ئەم بزاڤە بە رێچکەیە و هێژای دەسنیشانکردن و شرۆڤەیە.

بە سەرەتای شێعرەکەوە دیارە کە خاوەن دەق، بە بینینی کردارێکی بە دیمەن، سەرنجبراو دەبێت و لە دقەکەیدا دەکەوێتە لاسایی کاری و دووبارەکردنەوەی. دیمەنەکەش، جوانیی کیژێکی دوورەکوژی هەورامانە کە لە پای دەستاڕدا دانیشتوەو خەریکی دەستاڕە. ئوبژەیەکی بەرچاو و ئاسایی. پاشان خولوکەی زەین بەرە بیرەوەریەکانی خۆی دەباتەوە و ئەو دیمەنە دەبێتە چرکەیەک بۆ وەگەڕ کەوتنی زەین. ئەم بەرەو بیرەوەری چوونەش هەر لە سەرەتاکانی دەقەکەوە دەبێتە جاڕدەری خۆی:

شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن دەور مەدۆ نەوێش

هار بوونی هارە، واتە ناسەرخۆ و لەغاوترازاو و رەها لە ئیرادە و ئاوەز و ویست. ئەمەش لە وەسفی عاشقێکی سەوداسەری بە هەردە بوو لەبارە کە مەژنوون ئاسا لە خولدا بێت. دیارە ئەمەش سەرەتای گەڕانەوەیە بۆ دونیای خۆ و خزانە نێو باڵەخانەی پڕ وەیلانی خاتێرەکانی خاوەن دەق. لێرەودوا بەجاران بوونی شاعیر و یارەکەی خۆنوێن دەبن. دلسووتان بۆ هارە و خواستن لێی کە ئەو ئارامبگری با شاعێر بێتە krووز و ناڵە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بامن بنالوو روان تا شەوان

زەدەی هیجرانم، دەردم بێ دەوان

هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ

وەس دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ

لێرە بەدواوە، بەدیارە کە شاعێر دەڕژێتە دونیای بیرەوەریەکانی خۆی و لە عالەمە پڕ حەسرەت و بێ وەفایی دەرهەق کراویدا، نوقمدەبێت. ئیدی نە هارە دەمێنێ و نە کیژی دەستاڕچی. ئەوەی دێتە گۆڕەپان، شاعێرە و یارەکەی و ئەو کارەساتانەی کە بە سەریدا هاتوون.

ـ گیانبەخشی و کەسایەتی پێدان

لە بەرفراوانی خەیاڵ و لە گۆڕپانی ئەدەبدا، باوەشکردنەوە بۆ خیلقەت و بەدیهێنان، لە جوانکارییەکانە. لەم پێوەندەدا، شاعێر وئەدیب، بەرەو ئاسانەی جۆرێکی تر دیتن و خستنە سەر هەبوەکانی ژیان، لە بزاڤ و رەوت ئافرێنی دان. لەو هەنگاوانەش، بە گیاندارکردنی بێگیان و کەسێتی پێبەخشی لە پێناو بە مرۆڤانیکردنی خسڵەت و تایبەتییەکانی بێگیانە، کە ئەویش لە رەهەندی خزمەت بە سۆز و حەز و ویستی شاعیردا خۆی ئەلەنگەرێنێ.

لە دەقی (هارەسەختەنی)دا، بەردێکی بێگیان بە گیاندار دەکرێ و دەکرێتە خودان تایبەتی و خسڵەتی مرۆڤ. شاعر لەم خیلقەتەدا لە پێناو هاودەمسازی و ویتەویستی خۆی بەم کارە هەڵدەستێ و بەرەو قوتارکردنی خۆی لە تەنگەژەی بێهاودەمی، بە وەها ئەرکێک هەڵدەستێ.

سەرەتا هارە دەبێتە خودان تەوانی بیستن و وەک مرۆڤ گوێگری خاوەن دەق دەبێ. هەر بۆیە بە بەردەنگدەکرێت و دەبێتە دەمدووی شاعیر:

دەخیلەن دەستت بە دەستی یارەن

پەنجەش رێش نەبۆ هارە هاوارەن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەک هەر ئەوە، بەڵکو کەسێیەتیگری هارە هێندە گورج و بە گوژمە کە دەبێتە راستەقینەیەکی هەبوو و بەخاڵەتی شاعێر دەخرۆشێنێ:

شیرین بە سەد ناز مەکێشۆ دەستە
دانە مەدۆ پێت چوون ئاوات واستە
دانەش مەسانی چوون ستەمکاران
مەکەریش بە گەرد تووتیای شاران

یان:

تاقەت شی جەلام واتم ئەی هارە
بە مەودای ئەڵماس بای پارە پارە
تۆ دەستی شیرین دەستەکێشتەن
ئاواتت بڕیان، ناڵەی چێشتەن

تەنانەت بەر هاشاڵ کەوتنی دۆعا و نزاش دەستاڕی کەسێتی پێدراو دەگرێتەوە و بەمجۆرە دەبێتە مرۆڤێک هەروەک دیتران.

هەرچەند ئەکرێ بوترێ کە ئەم هەوڵەی شاعیر زیاتر لەبەر هوکاری بەرتەسکی کۆمەڵایەتی و سەپیویی کولتووریکی پڕ لە لۆمە و من کوژدا هاتوتەبوون. سەرەڕای ئەمەش، سەیدی جلو بەرگی مەلایەتی لەبەردایە کە دوانەی کولتوور و بازنەی مەلایەتی، چەند هێندەی دی کردوەکانیان بەرتەسکترکردۆتەوە و بەرەو پلیشانی یەکجارەکییان گلاندوە. هەربۆیە بۆ هەڵاتن لە لۆمەستانی جەماوەر و لەبەر دەسخستنی هاودەمێک بۆ دڵهەڵڕژێنی، پەنا بۆ هێزی خەیاڵ و خیلقەتی شاعێرانەی خۆی دەبات.

ئەوەتا هەڵاتوو لە مەنع و لۆمەی جڤات، و بەدەر لە بازنەی گەرەکیی کولتوور، سفرەی دڵی بەلای هارەوە ئەکاتەوە و حرسی خۆی ئاوقەی بەردەنگێک ئەکاتەوە کە لە بە شێتکردن و حوکم لە سەردانی رەهایە.

ئەڵبەت ئەنتوان چیخۆف، نووسەری بەناوبانگی رووس، لە چیرۆکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

« دروشکەچی»دا، وەها مامەڵەیەک لەگەل ئەسپەکەی ئەکات و پاش وێرسی لە مرۆڤ، بەدەمدووی دەگرێ و کڵوکۆی دەروونی بەلاوە هەڵدەڕێژێ. هەرچەند لای چیخۆف کەسێتی بە گیانلەبەرێک بەخشراوە، کەچی لای سەیدی، سەرەتا گیان بە بێگیانێک دراوە و پاشان کەسێتی پێبەخشراوە.

ـ درێژدادڕی:

بەتایبەت لە ئەدەبی کلاسیکدا، ئەندێشە (الخیال) بنەمای خیلقەتی ئەدەبییە. بەخەیاڵاویکردنی رووداوە بە واقعبوەکان، دۆخی رەخسێنەری دەقی ئەدەبییە.بۆ دادان و گەورەترکردنەوە و وردیلەترکردن، یان بە واتایەکی دی، درێژدادڕی(ئێغراق)، لە جوانکارییەکانی دەقی ئەدەبین. هەر ئەم هونەرەشە کە بوەتە بنهۆی گشتگیربوون و مانەوە و بەردەوامی زۆرێک لە دەقەکان و بە شاکاربوونیان. بۆ نموونە ئەکرێ بە کەسایەتییە ئوستوراوییەکان و زۆرێک لە کردارە ئەفسانەییەکان ئاماژە بکەین. قارەمانییەتی (گیڵگەمێشی ئاشووری ـ رۆسەمی ئێرانی ـ ئاشیلی یۆنانی، یان کردار و شەڕەکانیان، لە بواری ئەویندارییشدا، گەورەکردنەوەی بەسەرهاتەکانی لەیلا و مەژنوون ـ مەم و زین ـ شەم و پەروانە ـ شیرین و فەرهاد و ... رسکاوی هونەری خەیاڵ و رەانبێژی ئەدیبی خاوەن زەکا و بەهرەن.

هەر بۆیە ئاساییە کە دەقە بە هێزەکانی ئەدەب لەو هونەرە دەسبەتاڵنەبن و لەخۆگری چەپکێ لە دیاردەکانی بن. ئاساییە کە دەقی هارە سەختەنیش لەو دیاردانە بێفاکت نەبێت .

لەم دەقەدا، لە دوو رەهەندی بەگەورەکردن و نزمسازی جڤین هەیە و بگرە بەئەزموونی شاعیر و تایبەتی دەقەکە ، بوەتە هۆی دەستەمۆیی ئەم هونەرە. گرنگیشە کە هەبوون و جێگیریی ئەم هونەرە، نەک بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێوەیەکی ناقۆڵا و میکانیکی و ناتەبا، بەڵکو بە شـێوەیەکی زەریـف و ئەندامتەنی دابەزیوە .
بەتایبەت لــە وێــنەکان دا وەسـفە بــە جوانکردنــەکان ئەوپــەڕی لامــە دانەوەن:
شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن، دەور مەدۆ نەوێش
مەگێلۆ بە دەو چوون چەرخی چەپگەرد
هەیاهووش گەرمەن ، مەنالۆ جە دەرد
***
تای تورەی زوڵفان سیای عەنبەربۆ
سەراوێز کەردەن تا وەبانی تۆ
***
هارەی هەراسان هەردەی هەردە گێڵ
وەس دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ
ئانە شیرینەن دولبەر دلستان
دڵ چێت مەسانۆ بە مەکر و داستان
سەرەڕای ئەو جوانی و حاڵەتانە، درێژداری وەسفی جەسـتەی هــارەش دەگرێتەوە :
تراشیدەی دەست سەر ئوستادی باش
جەستەت پڕ جە زەخم قوڵنگەی سەنگ تاش
یادگار ئوسای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەسکێش خەیاتەی خانان
چمان تاشیای تێشەی فەرهادی
دەستەت جە نەمام داری شمشادی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نزمکردنەوە و درێژدادڕی لە بەرەوخوارگلێنی، لەو کردارە هونەرییانەن کە روخساریان بە سیمای شێعرەکەوە دیارە. بۆ نموونە: بێقیمەتی و کەمبایەخی دەستاڕ، یان کەمبوونی وەفا و بەینی شیرین کە لە زەڕەیەک پتر نیە.

هارە سەختەنی، هارە سەختەنی
تو خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی

یان:

بە بەین و بەقاش هیچ مەبە خەڕە
جەفاش سەد بارەن، وەفاش یەک زەڕە
چەنی کەس تا سەر هەرگیز یار نیەن
یاری ساحیب شەرت، وەفادار نیەن

لە پارادۆکسیکی هونەراویدا، لە بەرانبەری سەد بار جەفادا، یەک زەڕە وەفا هاتوە کە جوانکارییەکی شێعریە.

ـ موسیقای چنراو

پێکتەنینی وشە و پیت و دەنگ، هارمونییەک دەڕسکێنێ کە چێژێکی تایبەت بە دەق ئەدات. سەرڕای هونەرکاری و سەلیقەوردی، ئەوپەڕی چێژ و حەز، بە بەردەنگ دەبەخشێ. ئەم هونەرکارییەش لە سێ چڵی؛ «وشە و دەنگ و پیت»دا دیار و بەرچاوە.

دووپاتبوونەوەی چەندجارەی پیتی«ش» لە شیرین ـ نیشتەن ـ پێش ـ وێش،

«ن» لە شیرینەن ـ نیشتەن ـ کەردەن ـ دانە ـ نە.

«ھ» و «ە» لە شیرینەن ـ نیشتەن ـ دانە ـ مەدۆ ـ هارە ـ هار ـ کەردەن ـ دەور ـ مەدۆ ـ نە.

«ر» لە شیرین ـ هارە ـ هار ـ کەردەن ـ دەور ، لە بەیتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شیرینەن نیشتەن دانە مەڵۆ پێش.
هارەش هار کەردەن دەور مەڵۆ نەوێش
یان لە بەیتی:
دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە
جمە جمشانە نە یەخەی جامە
«و» و «ش»لـــە وەش ـ بـــۆش ـ شـــەمامە ـ جمـــشانا و دوو ـ لیمـــۆ ، هەروەها هاوسێیەتی و نزیکی ( ج – ح – خ ).
یان دووپات کردنـــەوەی پیتـــەکانی: « س» و « خ» ، کـــە بـــە شـــێوەیەکی تایبەت و لەدوای یەکچنراون، کارێکی تایبەت و (سەیدی)یانەیە.

یادگار ئوسای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەسکێش، خەیاتەی خانان
بێجگە لە تەنینی پیتەکان، دووپاتکردنەوەی هەنـــدێ وشـــە، ئاهـــەنگ و روخـــسارێکی دیکـــەی بـــە دەقەکـــە بەخـــشیوە. لـــە گـــەل ئـــەوەدا کـــە دووپاتکردنەوەیان وەک خەسار نایەتە زەقکاری، وەک جوانکارییـــەکیش خۆنوێنە.
بۆ نموونە:
هارە: هەشت جار
دەس و دەست: نۆجار
یار: شەش جار
شیرین : پێنج جار
سەخت : چوار جار
شیرین : چوار جار
سەنگ : چوارجار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێکخستنی دەنگەکان لە پێناو مۆسیقاسازی و هارمونیا، لە تایبەتییەکانی دیکەی ئەم دەقەن. هەرچەند وا دێتە بەرچاو کە ئەم هونەرکارییە پتر بۆ بە ئەزموونی و زەینی پەروەردەکراوی شاعێر دەگەڕێتەوە.

هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ ـ تای تورەی زوڵفان ـ شیرینەن نیشتەن ـ هارەش هارکەردەن و ....

هونەرێکی دیکەی بەدیار لەم دەقەدا ئەوەیە کە عازای وشەی هارە، وەک شاوشەی سەرەکی دەقەکە، پرژ کراوە و بەسەر شێعرەکەدا دابەشێنراوە. ئەمەش بە جێکردنەوە و دابەزاندنیان لە دوو توێی وشەکاندا رسکاوە. بۆ نموونە: پیتی «هـ» وەک یەکەم پیتی وشەی هارە، (١٥)جار دووپاتکراوەتەوە. «ارە» وەک بەشێکی دیکەی هارە،( ١١ ) دابەزیون کە کەشی موسیقایی و رۆحی شێعرەکە بە گوڕتردەکەن.

ـ لە دەقی (هارە سەختەنی)دا، مامەڵەکردن لە گەل «هارە» و« یار»، وەک دوو بنەمای شێعرەکە،نایەکسان و لەگۆڕانە. ئەمەش بۆ سیمای ژیان و سەرنجی کاتیی شاعێر دەگەڕێتەوە کە هەروەک بە هەوراز و نشێوی ژیان، روانین بۆ «هارە» و «یار»، نایەکجۆر و بە گۆڕە.

شاعێر، سەرەتا وەک بەردێکی کەمنرخ و ئاسایی دەڕوانێتە دەستاڕو بە هەرا و هوریای گاڵتەدەکات و بایەخیپێنادات.کەچی زۆری پێناچێ، بە هاتنی یار، جەهد و جەخت رووی لێئەکات و دەبێتە مەنزڵگەی تاسۆخ. پاش ئەم بە ئازیز بوون و پێگەبەریەسە کە سەیدی بەخێڵی پێئەبات.

هارە سەختەنی ، هارە سەختەنی

تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی

جای بولەند ئێقباڵ ساحیب بەختەنی

یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم جۆرە نیگا و مامەڵەکردنە، یــاریش دەگرێــتەوە. یــار، هــەم شــۆڕە کێژێکی دڵبەرە کە سەرچاوەی ناز و تاسەیە و هەم زۆرێــش نابــات کــە دەبێتە بێوەفایەکی بێوەعد و بەڵێن:

بە بەین و بەقاش هیچ مەبە خەڕە
جەفاش سەد بارەن، وەفاش یەک زەڕە

ـ وێنەسازی:

بۆ شرۆڤە و هەڵپرژێواندنی رەوتی وێنەکاری، ئەکرێ لــە دوو رێــچکە و دوو هێڵی ئاسۆیی و ئەستوونییەوە، سەرنجی باسەکە بدەین و وێــنەکان بخوێنینەوە. هەرچەند نابێ فەرامۆشبکەین( هەر وەک لە شوێنی خۆیــدا باسی لە سەر کراوە ) کە لە دەقی شێعری کلاسیکی کوردیــدا، ســەرنجی زۆر کــەم بــە هــێڵی ئەســتوونی دراوە وپــێگەی ون و نادیــارە. کەچــی ئەوپەڕی ســەرنج بــە ســەر هــێڵی ئاســۆییەوە زۆم کــراوە و بایــەخی بەرچاوی پێبەخشراوە.

١ـ هێڵی ئاسۆیی:

خڕبوونــەوەی وێــنەکان لــە فــەردەکان و خاوەنیــەتی ســەربەخۆیی و بێنیازیان لە یەکتر، دیاردەیــەکی بەرچــاوە. ئــەم رێــچکەیە لــە هــێڵی ئاسۆییدا دەگیرسێتەوە و لاندەگرێ.

دەقی هارەسەختەنی، لەم جۆرە وێنانە لیپە (پڕە). پەڕانی فەردەکان لــە خۆگری وێنەی جوان و فانتازین. تێکەڵاوی واقع و خەیاڵ، سەبەبــسازی رسکانی ئەم جۆرە دەقانەیە.

ـ شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن، دەور مەدۆ نەوێش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ـ دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە
جمە جمشانە نە یەخەی جامە
ـ هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ
وەس دەور دە نە وێت چوون دێوانەی وێڵ

وەک دیارە، ئەم وینانە خاوەی تایبەتییەکی بەرچاون. ئەویش پڕ جـم و جووڵیی ئەوانە. وێنەکان وەستاو و بێتەکان نین. یان بە واتەیـەکی تـر وێنەی مردووی سەر کاغەز نـین، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە، وێـنەی پـڕ تەکانی سینەمایین و هێزی جووڵە و سەرنجراکێشانیان زۆرە.

نابێ فەرامۆشبکەین کە هەموو وێنەکان بەو جۆرە نین و چەپکێ وێـنەی بێتەکان و وەستاو و یەکسانیشیان تێدایە:

ـ تراشیدەی دەست سەر ئوستادی باش
جەستەت پڕ جە زەخم قوڵەنگەی سەنگتاش
ـ تای تورەی زولفان سیای عەنبەربۆ
سەراوێز کەردەن تا وەبانی تۆ

## ٢ـ هێڵی ئەستوونی

لە هـێڵی ئەسـتوونیدا، چـنراویی و تنراویـی چـەپکێ وێـنەی تـەبا و هاوپەیوەند، بە مەبەستی ئەفراندنی خوێنراوەیەکی گشتی، کە ئامانجی سەرەکی دەقە، بەرمەستە. ئیماژ و وێنەکان، وەک تان و پۆی وەرد دراوی دەق، لە هەڵخستن و پەرداخییدا خاوەن پێگە و بایەخن.

ئەکرێ لە دەقی (هارەسەختەنی)دا، وەها رێچکەیەک شوێن هـەڵبگرین و بە پێی دۆخی تایبەتی شـێعری کلاسـیکی کـوردی، کـە پێـشتر کەوتـە بەرسەرنج، بە دیاردەی بکەین. بۆ نموونە؛ ئەو وێنانە کە بانگەشەکەری جـوانی یـارن، بـێنە پۆلـێنکاری. زیـاد لەوانـەش، بـە شـرۆڤە و هەڵپرژێواندنی سـەرجەم وێـنەکان، مانایـەکی تـەئویلی هەڵکرێـنین.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مانایەک کە بگرە لە خوێندنەوەکانی تردا، ناوەها بێت و ئەمەش ئاسایی و رەوایە.

لە خوێندنەوەیەکدا، ئەکرێ بوترێ کە مەبەست لە هارەو دەستارٍ، چەرخی گەردوون و مەبەست لە یاری عەیار و بە کرێشمە، ژیان و تەمەن، یان دونیایە. دانەش تەمەن و مرۆڤە، کە پەیتا پەیتا دەهارِییێت و پاش بە تووتیاکران، باپژێنی نەبوونی و ونیدەکرێت.

دیارە کە لە روانگەی مرۆڤەوە و بە پێی جەختی هەندێ لە روانگە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان، گشت هەبوەکانی دونیا، لەبەر لێکدانەوە و بوونی مرۆڤ ئەرێنی و شیاوی شرۆڤە و باسن. ئەوەتا لە (هارە سەختەن)یشدا، بوون و جوانی و بە قیمەتیی، بۆ هەبوون و هاوجووتی یار دەگەرِێتەوە و بە بێبوونی ئەو، دونیا کەساس و خامۆش و بێدەنگە.

کاتێ مەزانی هورئێزا بە قەس
چوون بێ بەینەتان جە تۆش کێشا دەس
شی بە ماوای وێش، تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وەڵای داخ و دەردەوە
کۆتا بی سەدا و نەعرەتە و دەنگت
بێ قیمەت گنای ، کەساس بی سەنگت
بە دڵەی پرِسۆز مەینەت بارەوە
پێچیای بە دەرد دووری یارەوە
ئەوسا چەنی زام ، بێ دەوای خەتەر
مات مەبی بێ دەنگ، جە سەیدی بەدتەر

ـ هێشوە وشە:

لە دەقی شێعریی (هارەسەختەنی)دا، چەپکێ وشە، کە وەک وشە سەرامەدەکانی دەقەکە خۆنوێنن، هەرکام هێشوویەک وشە تەبا و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوپەیوەند بە دووی خۆیاندا دەکێشن کە لە بەستێنی تەداعیدا دێنە خوێندنەوە و راڤەهەڵگری:
ـ سەنگ ـ سەخت ـ ئۆسا ـ فەرهاد ـ تێشە ـ زەخم ـ تاشیا و ...
ـ یار ـ لەنجەولار ـ لیمۆ ـ شەمامە ـ یەخە ـ ناز ـ عەنبەربۆ ـ شیرین ـ دولبەر ـ ئاوات واستە ـ دڵستان ـ جەهد و جەخت
ـ دار ـ دەستە ـ شمشاد ـ نەمام ـ سووڕدان ـ ریش بوون ـ زەخم
ـ بێ بەینەتی ـ جەفا ـ کێشادەس ـ هیجران ـ دەرد ـ دەردی بێ دەوا ـ ناڵە ـ جەفا ـ ستەمکار ـ هەراسان ـ مەکر ـ داستان ـ دێوانەی وێڵ ـ هەردەگێڵ ـ مات
سەرەڕای ئەوانە، هەندێ ئێسڵاح و زاراوەی تایبەت لە دووتوێی دەقەکەدا جێگرکراوە کە نموونەیان لە دەقەکانی هاوزاراوەی پێش (سەیدی)دا دەگمەنن و بە تایبەت تا سەردەمی بێسارانی زۆر کەم ئاوڕیانلێ دراوەتەوە :
هاربوونی هارە ـ ناڵەی هارە ـ هاواربردن بۆ هارە ـ سەندنی دانە وەک ستەمکار ـ هارەی هەراسان ـ کەساس بوونی سەنگ و ...بەشێک لەوانن.
ـ ڕەوتی رواڵەت و گرێبەندی مانایی:
پێکبەستی سەرەتا و کۆتایی لە دەقی (هارەسەختەنی)دا، قەوارە و تەشکێکی تایبەتی بەم دەقە بەخشیوە، کە هاوشێوەی لە دەقە کوردییەکانی پێش دەقەکە، نادیارن.ئەم ئەزموونە، سەرەڕای خاوەن تەشککردنی دەقەکە، گرێبەندێکی ماناییشی پێبەخشیوە و خولخولانەی ناواخنی مەعنایی شێعرەکەی بەرەو بەکامڵبوون گلاندوە.
لە سەرەتا و دەسپێکی شێعرەکەدا هاتوە:
هارە سەختەنی، هاری سەختەنی
تو خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جای بولەند ئێقباڵ ساحیب بەختەنی
یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی

وەک لە جێگای خۆیدا کەوتە بەرباس، جاڕی بێبایەخی دەستاڕ، بە بێ بوونی یار ئەدات.

لە کوتایی شێعرەکەشدا، پاش ئەو هەموو ناڵە و خرۆش و هاوار و جۆشەشە، کە لە گۆڤەندی سەیدیانەدا دەیخێزێنێ، دووبارە سەرنجی دەخزێنێتەوە لای بەرد و پێیدەڵێ کە بە پێگەیی تۆ ، بە هۆی هاتی یارەوە بوو، ئەوەتا پاش چوونی تۆش بوویتەوە بە هەمان بەردی کپ و خامۆش و کەساسی جاران و بایەخ و قورسی و نرخت گەڕایەوە دۆخی جاران و بوویتەوە بە خۆت:

کاتێ مەزانی هورێزا بە قەس
چوون بێ بەینەتان جە تۆش کێشا دەس
شی بە ماوای وێش تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وەلای داخ و دەردەوە
کوتا بی سەدا و نەعرەتە و دەنگت
بێ قیمەت گنای، کەساس بی سەنگت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژێدەر و سەرچاوە

*-: اندره مالرو درآئینه آثارش. گائتان پی کون . ترجمه: کاظم کردوانی. ص: ٧٩, ٥٠
١- دیوانی سەیدی هەورامی. کۆکردنەوە و لەچاپدانی حەمەئەمین کاردۆخی. لاپەڕە ٦.
٢- مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٨٩.
٣ - دیوانی سەیدی هەورامی. کۆکردنەوە و لەچاپدانی حەمەئەمین کاردۆخی. لاپەڕە ٦.
٤- تاریخ مشاهیر کرد - جلد اول - بابا مردوخ روحانی، لاپەڕە١٤٧
٥- زمانێلآنی : زبان محوری (فارسی)
٦- هاوزا : همزاد - تنی
٧- ادبیات چیست - سارتر - صفحه ٢٣
٩- صورخیال در شعر فارسی - محمد رزا شفیعی کدکنی - صفحه ١٧٥
١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٧٩.
١١- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٨٠.
١٢- شێعری هۆرمۆزگان، یەکەم دەقی بەردەستی شێعری کوردییە کە تا هەنووکە بەدەستەوەیە و بۆ سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان دەگەڕێتەوە.
١٣- صورخیال در شعر فارسی - لاپەڕە ١٣٦
١٤- ئایێرە : پێوەر - (معیار)
١٥- کلیات ریباشناسی - کرووچە- ترجمە:
١٦- صورخیال در شعر فارسی - محمد رزا شفیعی کدکنی - صفحه١٥١-١٥٠
١٧- بعد زیباشناسی - هربرت مارکوزه - ترجمه داریوش مهرجویی - چاپ دوم - لاپەڕە ٥٦

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

١٨ـ درامدی بر ساختارگرایی در ادبیات. رابرت اسکولز. ترجمه: فرزانه تاهری٢٤٣
٢٠ و ١٩ـ هر اتاقی مرکز جهان است. تهیه و تدوین : سایر محمدی. ( گفت و گو با اهل قلم ).چاپ اول.
٢١ـ درامدی بر ساختارگرایی در ادبیات. رابرت اسکولز. ترجمه فرزانه تاهری. ل: ٢٤٧
٢٢ـ دیوانی بێسارانی. کوکردنەوەو چاپکردنی کەیومەرس نیک رەفتار.لاپەڕەی ٩٤
٢٣ ـ صورخیال در شعر فارسی، محمد رزا شفیعی کدکنی ، ل: ٣١٨
٢٤ ـ بۆ ئەم باسە، تا رادەیەک و بگرە بە شێوەی ناراستەوخۆ، سوودم لە کتێبی« روانشناسی و رنگها ـ ماکس لوچر ـ ترجمه منیرو روانی پوور، چاپ دوم ـ ١٣٦٩ » بردوە.
٢٥ـ سفر در مه، دکتر تقی پورنامداریان، ل ٨٣
٢٦ـ تەسەووف چیە، ئەمەن شێخ عەلائەدین نەقشبەندی ـ لاپەڕە:٦٧
٢٧ـ تەسەووف چیە، ئەمەن شێخ عەلائەدین نەقشبەندی.لاپەڕە:٧٦
٢٨ـ صورخیال در شعر فارسی ـ محمد رزا شفیعی کدکنی ص : ١٧١

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# فەرهەنگۆک

**ئاییرە : پێوەر ، معیار، [پیمانە فارسی]**

**ئەندامتەنی : ئورگانیکی**

**بڕۆ:پێسەو، وەک**

**بەینەت : بەین ، وەفا**

**بنهۆ : سەرەتا، هۆی سەرەکی**

**ترت: ناسکۆڵە،**

**ترنجراو : ئاخێنراو، بەزۆر جێکراوە**

**تریت : تێکەڵ، تێکەڵاندن [ترکیب]**

**پاتراز: تەجاوز، دەرچوون لە بازنە**

**پەڕانی : سەرجەم**

**پرژ : پەرتەواز، جیابووە**

**پیرڕۆستەم : یەک لە (نەود و نۆ) پیرەی هەورامان، هەوارێکی هەورامان کە ئاووباخ و باخاتێکی سەرسەوزی هەیە.**

**جانبازە :بازهەڵدان، غارکردن**

**جەزەڵ : لە ئەزەلەوە، یەکەمجار**

**جمە : جووڵە ، تەکان**

**جمەزا : وزەبەخش، هاندەر،[تحرکبخش ]**

**خرپە: دەنگی بە عیشوەی پێ ، کەسێک کە بە نازەوە بەرێدا بچێت، ئەڵێن خرپەی پێی دێ.**

**خێزا: بزاوت، کەوتە تەکان، ئاخێزی کرد**

**داغمە: نیشانە ، مۆر**

**دەمدوو : هاودەم**

**ددانی تەما : کینایە بۆ ناهۆمێدی**

**ژیوار: ناوی گوندێکی هەورامان کە دڵدارێکی سەیدی لێ بووگە**

**رەند : زەریف،خۆشەویست**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێش : برینداڕ
ریۆن : ڕێحان
زێڵ : دڵ
زیۆن : زیان ، زەرەر
سازان : سازگاربوون، ڕێککەوتن
ساسێ : بڵا، باهەر
سەرووپیری: گوندێکی هەورامانی تەخت کە قەبری سەیدی هەورامی لەوێیە.
سێر: تێر
سیامێو: هەنگوورەرەشە
شارە: وەشاند
شامار: رەشمار
شی : دێوانە
گرتەن : کردۆتە
گرنج: لوول
گێڵا : گەڕا، چەرخی
گیۆن : گیان
فرانە : ئێغراق، درێژدادڕی
فێشتەر : زیاتر،زۆرتر
قۆرەتاوی : بەهێز، زۆردار
قار : غەزەب
قورتاوی :خاوەن کۆسپ، گێچەڵدار، بەدەردیسەر
کاوە : کوێستانێکی هەورامان
لۆۆ: دەڕۆم
لامە : تاریف، پیاهەڵدان [وەسف]
لێو: سەرسام،شێت،ئەوداڵ
لیپ : پڕ
مازە : نمازە، مەهێڵە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەڕەسانا : ئەیگەیاند

مەلاونا : ئەیلاواند

مەنا : لۆمە

مەنڵ : مەند، قوولْ، ئارام وهێور

مەوەشت : ئەباری

نارە: نەهێنن

نەوەردا : لەبەردا

وام : چوالە، بادام

وایە : هیوا، ئۆمێد

وەزی : گوێز

وەن :قەزوان، درەختێک کە سەمەری زۆری هەیە و جەماوەری دەڤەر بە رێزەوە و وەک مەبارەک سەیریدەکەن

ورد: چکۆلە

وردیلانە: بچکۆلانە

ویتە ویستی : هاودەمخوازی

ویەردە : رابردوو، گوزراو

هالێگە : چۆڵانی، خاڵیان، [خلاء ]

هارە : دەستاڕ

هاوزا : دوانە، [ دوقلو،تنی ]

هەردە : شێت

هوون : خوێن

بەرهەمە چاپ کراوەکانی نووسەر

١ـ کاڵە بەی

٢ـ زەڕنەو ئاسۆی

٣ ـ هورپڕای گەچ و تەختەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com